# تیشک

گۆڤارێکی سیاسی . رۆشنبیریی گشتی یە

ژمارە: ٤٦



تەوەری ژمارە:

## کۆماری کوردستان و دەستکەوتەکانی

# تیشک

گۆڤارێکی سیاسی ـ ڕۆشنبیریی گشتی یە


کۆمیسیۆنی پەروەردەی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەریدەکا

ژمارەی ٤٦

ڕێبەندانی ١٣٩٦ی هەتاوی
فێڤرییەی ٢٠١٨ی زایینی

تیشک

ژمارەی ٤٦

گۆڤارێکی سیاسی ـ رۆشنبیریی گشتی یە

کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەریدەکا

تایپ: راسان

مونتاژو بەرگ: سەربەست ئورمیە

گۆڤاری تیشک تەنیا لە بەرانبەر ناوەرۆکی ئەو بابەتانەدا بەرپرسیارە کە بە ناوی گۆڤاری تیشک بڵاو دەبن.

# لەم ژمارەیەدا

وتەی ژمارە ........................................................................ ٥
زمان؛ قووڵایی ئامانجی کۆماری کوردستان............................٩
کۆماری کوردستان، ڕۆحی مێژووی نەتەوەیەکی زوڵم لێکراو! .............................................................................. ٢٥
کۆماری کوردستان و حەماسەی بەنەتەوە بوونی گەلی کورد ............................................................................ ٥٥
کۆماری کوردستان، مەکۆیەکی مۆدێرن بۆ نیشتمانسازی و نەتەوەسازی............................................................. ٨١
کۆماری کوردستان، لە ئاوینەی مێژوو دا........................... ٨٧
کۆماری کوردستان، لە مێژووی هاوچەرخ دا.................... ٩٧

گۆڤاری تیشک

لەسەر ئینتیرنیت

http://www.kurdistanmedia.com/sorani/tishk

E- mail:

tishk_mag@yahoo.com

tishkmagg@gmail.com

وتەی ژمارە

# "کۆماری کوردستان"
# کۆماری هەموو کوردان

ناسر ساڵحی ئەسڵ

دامەزرانی کۆماری کوردستان بە درەوشاوەترین قۆناخی مێژووی هاوچەرخی خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەژمار دەکرێت. هەر بۆیە تایبەتمەندییەکانی ئەم مۆدێلە لە دەسەلاتداریی کورد هەتا ئێستاش جێگای هەلوێستە لەسەر کردنە. لە گۆشەنیگای نەتەوەییەوە تاکوو هەنووکەش کۆماری کوردستان بە نوێنگەی هاوپێوەندی میللی کورد لە ئاستی کوردستانی گەورە و هێمایەک بۆ هاوخەباتی و هاوچارەنووسی نەتەوەی کورد لە سەرجەم پارچەکانی کوردستاندا لەقەلەم دەدرێت. ئەزموونی کۆماری کوردستان، وانەیەکە بۆ سەلماندنی پێوەندی ئۆرگانیکی پارچەکانی کوردستان لە گەڵ یەکتر و لێک گرێدراویی چارەنووسی پرسی کوردە بە یەکترەوە. روون و ئاشکرایە کە کۆماری کوردستان ئایدیایەکی مۆدێرن بوو، کە تێیدا کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان وەک پیرۆزییەکی میللی سەیریان دەکرد و راستەوخۆش لە پێناوی پاراستنی دەسکەوت و دەرسەکانی تێدەکۆشان. تەنانەت لە چوارچێوەی جوغرافیایی کۆماری کوردستاندا هیچکات کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان، وەک میوان یان پەنابەر لەقەلەم نەدەدران، بەلکوو لە بەرێوەبەری کاروباری سیستمی ئیداری و نیزامی کۆماریدا بەشدارییان پێدەکرا. هەر وەها لە نێوئاخنی سەرجەم بەڵگەنامە فەرمییەکان و بلاوکراوەکانی کۆماری کوردستاندا، هزری نەتەوەیی و هاوخەباتی و هاوپێوەندی کورد لە ئاستی کوردستانی گەورە دا برەوی پێدراوە و ئەم ئەسڵە سەرەکییە

وەکوو بەهایەکی نەتەوەیی هەرگیز قوربانی مەسڵەحەت و بەرژەوەندیی حیزبی یان تاک لایەنی نەکراوە. دەرس و دەسکەوتەکانی ئەزموونی کۆماری کوردستان، لە چۆنیێتی دامەزراندنی دا خۆی دەردەخا. لە راستییدا راگەیاندنی کۆمار بەرهەمی گرێدانی بارودۆخی ئێران و ناوچە و جیهان و هاوکات هۆشیاریی و ئاوەزمەندی رێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە سەرووی هەمووان، پێشەوای نەمر، قازی محەممەد، بوو. بە واتایەکی دیکە لەو قۆناخەدا بژاردەی کورد بە گشتی و پێشەوای نەمر بە تایبەتی، چیتر وەکوو بینەر و فاکتەرێکی بێ هەڵوێست مامەلەیان لەگەڵ روداوەکاندا نەکرد و بەڵکوو بە پێچەوانە وەک ئەکتەرێکی خاوەن پلان و ئامانج لە وزە و پتانسێلی نەتەوەکەیان کەڵکیان وەرگرت. هەر بۆیە لە فەرهەنگی سیاسی پێشەوا قازی محەممەد و بژاردە و روناکبیرانی سەردەمی کۆماردا، پاشکۆبوون واتای خۆی لەدەست دەدا و ئەمجارە کەسایەتی کورد ئەسلی سەربەخۆیی بریاردان دەکاتە رێبازی خەبات. بەو پێیە کۆماری کوردستان بەرهەمی خولقاندنی دەرفەتێک بوو کە پێشتر لە هزر و ئەندێشەی ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف دا ئامادەکاری بۆ دەکرا و دواتر لە لایەن پێشەوا قازی محەممەدەوە بەستێن سازی بۆ کرا. بۆیە حاشا هەڵنەگرە کە کۆماری کوردستان لە ئاکامی پێداگریی ودەستپێشخەریی پێشەوای مەزن دا هاتە ئاراوە و لەو رێگایەوە وەکوو ئەمری واقع لە لایەن نەتەوەی کورد بە گشتی و حیزب و

ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد، ناسراوە و بە دەسکەوتیکی نەتەوەیی دەزانن.

ئەگەرچی تەمەنی کۆماری کوردستان کەم بوو و تەنیا یازدە مانگی دەوام هەبوو، بەڵام دەسکەوت و دەرسەکانی ئەوەندە گەورە و گرینگ بوون کە دوای هەرسهێنانیشی کاریگەری وای لە دوای خۆی بەجهێشت کە لە سەردەمی ئێستاش دا و دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە سێ چارەگە سەدە، ئەو کاریگەرییە بە روخساری بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورددا هەر دەبیندرێ. کە ئەوە شانازییە کە بۆ پێکهێنەرانی کۆماری کوردستان. بەتایبەتی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان، کە ئەو حیزبە توانیویەتی ئەو دەرفەتە کە بە هۆی شەڕی دووهەمی جیهانییەوە و ڕەقابەتی زلهێزەکانی ئەو کات لەگەڵ یەکتر پێک هاتبوو، بەباشی بقۆزێتەوە و لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان دا بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، یەکیەتی نەتەوەیی کورد بە گوێی ئەو زلهێزانە بگەیەنێ و لەو سەردەمدا بۆ جارێکی دیکەش ئەوە بسەلمێنێ کە کوردیش نەتەوەیە و مافی خۆیەتی وەک هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان بەسەربەستی بژی و حکوومەت و دەوڵەتی خۆی هەبێت.

# زمان؛

# قووڵاییی ئامانجی کۆماری کوردستان

ساماڵ ئەحمەدی

## زمانی كوردی لە كۆمەڵەی ژ.كافەوە تا پێكهاتنی كۆماری كوردستان

لە دەستپێكی دووەمین جەنگی جیهانیدا، سەرۆكوەزیرانی ئەوكاتی ئێران بێلایەنیی وڵاتەكەی لەو جەنگەدا ڕاگەیاند. حسێن مەكی لە كتێبی "مێژووی بیست ساڵەی ئێران"دا ڕاگەیەنراوەكەی سەرۆكوەزیرانی ئێرانی بەم شێوەیە هێناوە:

"لەم كاتەدا بەداخەوە ئاگری جەنگ لە ئەوروپا هەڵگیرساوە، حكوومەتی شاهەنشاهیی ئێران بە پێی ئەم بەیانە بڕیاری خۆی بە هەموان ڕادەگەیەنێت، كە لەم شەڕەدا بێلایەنە و پارێزگاری لە بێلایەنیی خۆی دەكات."

سەرەتا ڕووسیەش بێلایەنیی خۆی ڕاگەیاند، بەڵام لەناكاو ئەڵمانیا هێرشی كردە سەر ڕووسیە و بە هۆی ئەوەی ئێرانیش سنوورێكی دووردرێژی لەگەڵ یەكێتیی سۆڤیەت هەبوو، هەروەها چەندین كارگەی ئەڵمانییش لە ئێران كاریان دەكرد، ساڵی ١٩٤١ی زایینی ئێرانیش كەوتە بەر شاڵاوی ئەو جەنگە و، مانگی ئۆگۆستی ساڵی ١٩٤١ لە باكوورەوە هێزەكانی سۆڤیەت و لە باشوورە هێزەكانی بریتانیا دەستیان بە داگیركردنی خاكی ئێران كرد. پاش ئەوەی سپای ئێران لەو جەنگەدا لەبەریەك هەڵوەشا، بەشێك لە خاكی كوردستانی ڕۆژهەڵات، زیاتر ناوچەی موكریان، كە لە نێوان ناوچەكانی ژێر نفووزی سۆڤیەت و بریتانیادا بوو، بۆشاییی دەسەڵاتی تێ كەوت. لەو سەروبەندەدا ڕووناكبیران و نیشتمانپەروەرانی كورد بزووتنەوەیەكی

نەتەوەییان بە ناوی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد" پێک هێنا، کە پێشەوا قازی محەمەدیش بوو بە یەکێک لە ئەندامەکانی ئەو بزووتنەوەیە.

پێشەوا و هاوڕێکانی پاش سێ ساڵ کار و چالاکی لە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورددا بەو ئەنجامە گەیشتن، کە لە سەر بناغەی هەمان ڕێکخراو لە ١٦ی ئۆگوستی ساڵی ١٩٤٥ (٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤)دا حیزبی دیموکراتی کوردستان دابمەزرێنن. دواتر دامەزرێنەرانی حیزبی دیموکرات بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەمەد لە ٢٢ی جانیوەریی ساڵی ١٩٤٦ (٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی)دا کۆماری کوردستانیان ڕاگەیاند.

کۆماری کوردستان بە هۆی ڕێککەوتنی سیاسی و ئابووریی نێوان دەوڵەتی پادشایەتیی ئێران و یەکێتیی سۆڤیەت تەنیا ١١ مانگ ژیا و جوانەمەرگ بوو. بەڵام لەو تەمەنە کورتەدا کۆمەڵێک بەرنامە و پلانی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی و زمانیی خستە بواری جێبەجێکردنەوە، کە لە ڕاستیدا بوونە خاڵی وەرچەرخانی دۆزی نەتەوایەتیی کورد لە سەرانسەری کوردستانی گەورەدا.

ئەم وتارە مەبەستیەتی لە سیاسەت و پلانێکی هەرە گرینگی کۆماری کوردستان و جێبەجێکردنی بکۆڵێتەوە، کە سیاسەت و پلانی زمان و لێکەوتە و کاریگەرییەکانیەتی لەسەر پێکهاتەی گشتیی هەویێتیی نەتەوایەتیی کورد لە سەردەمی کۆمارەوە تا ئێستا.

## سیاسەتی زمانیی کۆماری کوردستان

هەرچەند زاراوەی "سیاسەتی زمانی" بەو واتایەی کە ئەمڕۆ بەکار دێت، لە دنیادا زاراوەیەکی نوێیە و تەقریبەن یەکەمین کتێبەکانی ئەو بوارە هاوکات لەگەڵ بیرۆکەی دامەزرانی کۆماری کوردستان، ساڵی ١٩٤٥ی زایینی بڵاو کراونەتەوە. بەڵام یەکێک لە ئامانجەکانی کۆماری کوردستان، کە لە ڕۆژی دامەزرانیدا ڕاگەیەندرا، ئەوە بوو، کە "*زمانی ئیدارە، پەروەردە و ڕاگەیاندن*"ی کۆماری کوردستان زمانی کوردییە. ڕاگەیاندنی ئەم ئامانجە، کۆمارەکەی ڕاسپارد بۆ ئەوەی چەندین پلانی وەکو دامەزراندنی چاپخانە، کردنەوەی قوتابخانەی خوێندن بە زمانی کوردی و دابینکردنی کتێبی خوێندنی کوردی و چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کوردی دابڕێژێت و زۆر خێراش بیانخاتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لە پێناسەکردنی سیاسەت و پلانی زمانیدا جاری وایە هەردووکیان بە یەک واتا بەکار هاتوون، بەڵام بەشێک لە زمانناسان پێیان وایە، دەبێ ئەم دوو واتایە لێک هەڵاوێردرێن، بە چەشنێک کە پلانی زمانی، میکانیزمی جێبەجێکردنی سیاسەتی زمانی بێت. بەم پێیە دەتوانین بڵێین، سیاسەتی بەرنامەدانانی زمانی، پێوەندیی بەو خاڵانەی خوارەوە هەیە:

١. داڕشتنی سیاسەت لە ڕێی دیاریکردنی ئامانجەوە؛

٢. داڕشتنی سیاسەت لە ڕێی دیاریکردنی ستراتیژیی پێویست بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەوە؛

٣. جێبەجێکردنی سیاسەت لە ڕێی خستنەڕووی چوارچێوەیەکی خاوەن متمانە و بەهێزەوە بۆ دەستڕاگەیشتن بە ئامانج.

دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان، کە پێشتر لە چالاکییە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردەوە هەستیان بە گرینگیی زمان کردبوو، بە خستنەڕووی ئەو خاڵەی کە زمانی کوردی ئامانجێکی گرینگی بزووتنەوە و کۆمارەکەیە، بە زاراوەی ئەمڕۆیی سیاسەتی زمانییان ڕاگەیاند و بە گوێرەی ئەو چوارچێوانەی خوارەوە، بەرنامە و میکانیزمی ئەو سیاسەتەیان لە ماوەیەکی کورتدا بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش و شیاوی ئیمکاناتی خۆیان خستە بواری جێبەجێکردنەوە. کە هەرچەند کۆمارەکە و لە سۆنگەی ئەویشەوە سیاسەت و بەرنامەکانی کۆمارەکەش جوانەمەرگ بوون، بەڵام بوو بە خاڵی وەرچانێکی مێژوویی و گرینگ و کاریگەریی لەسەر کرداری زمانیی تاکی کوردی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی و کۆمەڵگەی کوردەواری بەگشتی دانا و ئیدی مرۆڤی کورد هەنگاوی نایە نێو بواری خەبات و ململانێ بۆ پاراستن و برەودان بە کەسایەتی و هەوێتیی نەتەوایەتیی خۆی.

### پلانی زمانیی کۆماری کوردستان و جێبەجێکردنی

تێکۆشەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک)، کە دواتر حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستانیان دامەزراند، زۆر زوو هەستیان بە پێویستیی پلان و بواری پەرەدان بە زمانی کوردی کرد. د. قاسملوو لە کتێبی چل ساڵ خەباتدا نووسیویەتی:

"لە مانگی بانەمەڕی ١٣٢٢ (ئاڤریلی ١٩٤٣)، نزیکەی ١٠٠ کەس لە ئەندامانی کۆمەڵە لە باخی خوداپەرست کۆ بوونەوە، کۆبوونەوەکە شێوەی کۆنگرەی بەخۆوە گرت. هەم سەرکردایەتیی کۆمەڵەی هەڵبژاردەوە، هەم بڕیاری دا گۆڤارێک بۆ بڵاوکردنەوەی بیروڕاکانی

خۆی بڵاو بکاتەوە. ئەوە بوو لەو ماوەیەدا دەستی کرد بە چاپکردنی گۆڤاری نیشتمان."

گۆڤـاری "نیشـتمان" یەکەمـین هەنگـاوی دامەزێنەرانـی کۆمـاری کوردستان (ئەندامانی کۆمەڵەی ژ.ک) لە پێناوی گرینگیدان بە زمانی کوردی بوو، کە هەرچەند بە هۆی نەبوونی چاپخانەوە بە نهێنی و لە دەرەوەی کوردستان لە چاپخانەیەکی شاری تەورێزی ئازەربایجانی ئێـران چـاپ دەکـرا، بەڵام تـوانی هەل و دەرفەتێکـی بـاش بـۆ بڵاوکـردنەوەی بەرهەمـی کۆمەڵێـک شـاعیر و نووسـەری کـوردی ڕۆژهەڵات لەو سەردەمەدا بڕەخسێنێت و لەو ٩ ژمارەیەی گۆڤارەکەدا، کە بڵاو بوونەوە، شاعیران و نووسەرانی "نیشتمان" لە پێناو هەستی نەتەوایەتیدا دەیاننووسی و خەڵکیان بۆ یەکڕیزی و یەکگرتن لە پێناو ڕزگاریـدا هـان دەدا. لە گۆڤـاری نیشـتماندا نووسـەران و زمانزانـانی ناوداری کورد، وەکو عەبدولڕەحمان زەبیحی، هەژار، هێمن و... گەلێک نووسـەر و شـاعیری بەتوانـای دیـکە نووسـراوەکانیان بـڵاو دەکـردەوە. گۆڤاری نیشتمان تەنیا ٩ ژمارەی لێ بڵاو بووەوە، بەڵام سەرەتایەکی زێڕین بوو کە بواری بۆ چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکە خۆش کرد، کە لە سەردەمی کۆمار و دوای کۆماریشدا ڕەوتی چاپەمەنیی کوردی بە گـوێرەی ئیمکـانی سـەردەمە جیاوازەکـان لە کوردسـتانی ڕۆژهەڵات هەر بەردەوام بوو.

کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد بۆ ئەوەی زیاتر پەرە بە زمانی کوردی بـدات، لە سـاڵانی ١٣٢٢ و ١٣٢٣ی کـۆچیی هەتـاوی (١٩٤٣ و ١٩٤٤)دا دوو ڕۆژژمێری کوردیی چاپ و بڵاو کردەوە. لە هەرکام لەو ڕۆژمێرانەشدا پەیامێکی بە ناوی "پەیامی کۆمەڵە بۆ دایکی نیشتمان"

گونجاندبوو. لە پەیامەکانیشدا دایکی نیشتمان دڵنیا دەکرێتەوە لەوەی کە ئەندامەکانی کۆمەڵەی ژ.ک "بە برووسکەی زانست و خوێندەواری سەرەڕێی پێشکەوتنی کورد ڕووناک دەکەنەوە" و لە پێناو ڕزگارکردنی دایکی نیشتماندا "ڕەگ و ڕیشەی نیفاق و دووبەرەکی" دەردەهێنن.

خاڵی جێی سەرنجی ئەو ڕۆژژمێرانە ئەوە بوو، کە بۆ یەکەم جار ناوی مانگەکانی ساڵ لەو ڕۆژژمێرانەدا بە کوردی نووسران، کە ساڵی ڕۆژژمێرەکان، ساڵی کۆچیی هەتاوی بوو، لە ڕۆژی نەورۆزەوە (٢١ی مارسی زایینی) دەستی پێ دەکرد: (خاکەلێوە، بانەمەڕ، جۆزەردان، پووشپەڕ، گەلاوێژ، خەرمانان، ڕەزبەر، خەزەڵوەر، سەرماوەز، بەفرانبار، ڕێبەندان، ڕەشەممە). هەروەها ڕۆژژمێرەکان بە شیعری نەتەوایەتی ڕازێندرابوونەوە و هەستی نەتەوایەتی و گرینگایەتیی زمانی کوردی بە هۆی ئەو ڕۆژژمێرانەوە دەچووە نێو ماڵانی خەڵکی کوردستانەوە.

بێجگە لە گۆڤاری نیشتمان و ڕۆژژمێرەکان، کۆمەڵەی ژ.ک ساڵی ١٣٢٢ی هەتاوی (١٩٤٣) چەند کۆمەڵە شیعریشی بە ناوی "دیاریی کۆمەڵەی ژ.ک بۆ لاوانی کورد"، "دیاری مەلا محەمەدی کۆیی"، "گوڵبژێرێک لە دیوانی حاجی قادری کۆیی، بولبولی نیشتمان" و "دەستەگوڵێکی جوان و بۆنخۆش لە باغی نیشتمانپەروەری" بڵاو کردەوە.

بڵاوکردنەوەی گۆڤار و ڕۆژژمێر و کتێب بە زمانی کوردی بە ڕوونی ئەو ڕاستییە نیشان دەدات، کە بەلای دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستانەوە زمان گرینگایەتییەکی ستراتیژیکی هەبووە.

پاش ئەوەی کە ئەندامانی کۆمەڵەی ژ.ک هەستیان بە پێویستیی گۆڕینی ڕێکخراوەکەیان بۆ حیزبی دیموکرات کرد، تۆمارێکی چەند

گەزییان لە قوماش ئامادە کرد و لە نیو خەڵکدا گێڕایان، بۆ ئەوەی ئیمزا بۆ پشتیوانیی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆ بکەنەوە، کە هەزاران کەس تۆمارەکەیان ئیمزا کرد. لە بەیاننامەی ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتیشدا، کە دروشمەکانی حیزب لە چەند خاڵدا کۆ کرابوونەوە، خاڵێک تەرخان کرابوو بۆ گرینگیی زمانی کوردی و داوا کرابوو، گەلی کورد "مافی خوێندن بە زمانی زگماکی (دایکی)ی خۆی هەبێ و تەواوی کاروباری ئیدارەکان بە هۆی زمانی کوردییەوە بەڕێوە بچێ."

پێش کۆماری کوردستان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بێجگە لەو حەفتەنامەیەی کە لە شۆڕشی سمایل ئاغا (سمکۆی شکاک)دا بە ناوی "ڕۆژی کورد و شەوی عەجەم" لە ورمێ بە زمانی کوردی بڵاو کرایەوە، دەوڵەتی پادشایەتیی ئێران هەرچەشنە نووسراوێکی بە زمانی کوردی قەدەغە کردبوو، تەنانەت قسەکردن بە زمانی کوردی لە ئیدارە و قوتابخانە و شوێنە دەوڵەتییەکاندا قەدەغە کرابوو. کاربەدەستانی ئێران هەمیشە هەوڵیان دەدا وا نیشان بدەن، کە کوردی زمان نییە، بگرە شێوەزارێکی زمانی فارسییە، بۆ ئەو مەبەستەش زۆر بەرنامەیان دادەڕشت و گەلێک توێژەریان ڕادەسپارد بەڵگەی جەڵەبی دروست بکەن و بە ناوی بەڵگەی مێژوویی بیخەنە ڕوو، تا بیسەلمێنن کوردی زمان نییە. دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان زۆر بە وردی درکیان بەو بابەتە ستراتیژییە کردبوو، بۆیە بۆ پەرەدان بە زمانی کوردی، وەکو یەکێک لە ئامانجە هەرە قووڵەکانی کۆمار، پلانی جۆبەجۆریان داڕشت. پێشەوا قازی محەمەد لە وتارەکەیدا ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان دەڵێت:

"... چەند مەدرەسەی کچان و کوڕانمان کردەوە، مەدرەسەی شەوانەمان دایر کرد و کتێب بە زمانی کوردی تەرجەمە کران ... کوڕ و کچ و پیاوی گەورە لە مەدرەسەی شەوانە و ڕۆژانە بە زمانی کوردی دەخوێنن، لەجیاتی ئەوەی شەش حەوت ساڵ خەریکی خوێندن و فێربوونی فارسی بن لە مانگێک و دوو مانگدا دەبنە خوێندەوار و هەموو شتێک دەخوێننەوە و دەنووسن. بۆ ناساندنی لیاقەتی میللی و دەرخستنی حەیاتی ئەدەبی و فەرهەنگیی کورد و بۆ ڕاگەیاندنی هاواری خۆمان بە گوێی دنیای بەشەرییەت و عەدالەت، موحتاجی وەسیلەی چاپ و بڵاوکردنەوە بووین، چاپخانەی زۆر چاک تەئسیس کرا و دانرا لە شاری خۆماندا، بە زمانی خۆمان، بە چاپخانەی خۆمان، گۆڤار و ڕۆژنامە دەردەچێ و بیر و فیکر و داخوازیی ئێمە لە دنیادا بڵاو دەکاتەوە."

لەم وتانەی سەرۆککۆماری کوردستاندا بە ڕوونی بایەخ و گرینگایەتیی قووڵی زمانی کوردی و دانانی پلان بۆ پەرەدان بەو بابەتە گرینگە دیارە. پێشەوا باسی دامەزراندنی چاپخانە دەکات، کە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبی خوێندنی مەدرەسە کەرەستەیەکی زۆر گرینگ و پێوستە. لە دنیای نوێشدا چاپخانە یەکێکە لە نیشانەکانی پێشکەوتنی شارستانەتی. هەربۆیە پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان داگیرکەران ئیجازەی دانانی چاپخانەیان لە کوردستان نەدەدا و، هەر بەو هۆیەشەوە دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد "چاپخانەی کوردستان" و لە شاری بۆکانیش چاپخانەیەکیان دامەزراند و لە ڕێی ئەو دوو چاپخانەیەوە وەرچەخانێکی گەورە لە پەرەسەندن و گەشەکردنی زمان و فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردیدا هاتە ئاراوە.

پاش دامەزراندنی چاپخانەکانی مەهاباد و بۆکان، پەرەدان بە زمانی کوردی و چالاکییە ڕووناکبیرییەکانی کۆمار لە ڕێی چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبی خوێندنەوە کەوتە قۆناغێکی گرینگەوە، کە دواتر پلانی دامەزراندنی کتێبخانەی گشتی (میللی) و ڕادیۆ و سینەماشی بەدوادا هات و کۆماری کوردستان لە ماوەیەکی کورتدا گرینگترین کەرەستەکانی کاری ڕووناکبیری و پەرەدان بە زمانی کوردیی دەستەبەر کرد.

ڕۆژی ١٥ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ لە چاپخانەی کوردستانی شاری مەهاباد یەکەمین ژمارەی گۆڤاری "کوردستان"، وەکو "گۆڤارێکی "ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، مێژوویی"، کە لە ژێر ناوەکەیدا نووسرابوو "بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان"، مانگ و نیوێک پێش دامەزرانی دەوڵەتی کۆماری کوردستان چاپ و بڵاو بووەوە. ئەم گۆڤارە مانگی دوو ژمارەی لێ دەردەچوو. سەید محەمەد حەمیدی، سەرنووسەری گۆڤارەکە، لە سەروتاری ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکەدا نووسیویەتی: "کوردستان، گۆڤارێکی ئەدەبی، تاریخی، کۆمەڵایەتی (اجتماعی)ی مانگیی کوردییە، یەکەمین ئارمانی بژار و ژیانەوەی زمان و ئەدەبیاتی کوردییە و زیندووکردنەوەی کورد و کوردستانە بە پێی شارستانێتیی ئەمڕۆ..."

هاوکات لەگەڵ دەرچوونی گۆڤاری کوردستان، ڕۆژی ٢٠ی ١٠ی ١٣٢٤ (١٩٤٦/١/١١) یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی "کوردستان"یش هەر لە چاپخانەی "کوردستان"ی مەهاباد دەرچوو. لە ژێر ناوی ڕۆژنامەی "کوردستان"یشدا نووسرابوو "بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان". ڕۆژنامەی کوردستان گیانێکی تازەی بە بەر

جەستەی زمان و بیری سیاسی و ڕووناکبیریی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا کرد. سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستانیش هەر سەید محەمەد حەمیدی بوو. لە بەشێکی سەروتاری یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەکەدا نووسیویەتی: "....بۆ میللەت کار دەکەین و بە زمانی شیرینی کوردی دەخوێنین. ئەخلاقی خراپمان گۆڕیوەتەوە بە ئەخلاقی چاک. ئێمە کە بە دڵماندا نەدەهات خاوەنی چاپخانە بین، ئەوا بە یارمەتیی خودا نامەی کوردستان داندرا و هەوەڵ ژمارەی بڵاو کراوە..."

لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا زمانی کوردی بوو بە دەربڕی بابەتگەلی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئەدەبی. زۆر چەمکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نوێ هاتنە نێو زمانی کوردییەوە و ڕینیسانسێکی ڕۆشنگەری لە بیر و هزری مرۆڤی کورددا پێک هات. ئەدەبیاتی کوردی لە ڕۆژنامەی کوردستاندا ڕێبازێکی نوێی هێنایە ئاراوە، کە دواتر بە قوتابخانەی موکریان ناسرا. هەرچەند تایبەتمەندییە زمانییەکانی قوتابخانەی ئەدەبیی موکریان پێش دامەزرانی کۆمار لە شیعری مەلا مارف کۆکەیی و سەیفولقوزات (ئەبولحەسەن خانی سەیفی قازی)دا دەست بە ئەزموونیان کرابوو، زۆربەی توێژەرانیش مەلا مارف و سەیفولقوزات بە بناغەدانەری قوتابخانەی موکریان دەزانن، بەڵام ئەو قوتابخانە ئەدەبییە، لە بەرهەمی شاعیران و نووسەرانی کۆماری کوردستان و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کۆماردا بەتەواوەتی خۆی نواند و شاعیران و نووسەرانی کۆمار بە چەشنێک درێژەیان بەو ڕێبازە ئەدەبییە دا و بە جۆرێک ئەدەبیاتی کوردییان لە زمانە قورس و مەدرەسییەکەی قوتابخانەی بابان (نالی، سالم و...)ـەوە گەڕاندنەوە بۆ زمانی ئاخاوتنی ئاسایی کۆمەڵانی خەڵکی کورد و لە

ڕێی بەکارهێنانی تەعبیراتی زمانیی خەڵکی کرمانجەوە تاکو ڕاددەیەکی زۆر باش زمانی کوردییان لە هێژمۆنیی زمانەکانی عەرەبی، تورکی و فارسی بژار کرد و لە هەناوی کارکردەکانی خۆیەوە زمانی کوردییان بۆ دەربڕینی خواستە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئەدەبییەکانی خەڵکی کورد بەکار هێنا. کە دواتریش لەسەر بناغەی زمانی قوتابخانەی موکریان، ڕەوتە نوێیەکانی ئەدەبیاتی کوردی لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەزموونەکانی خۆیان خستەڕوو.

ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە کۆماری کوردستاندا درێژەی دا بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤاری تر و لە سەرەتای سێیەمین مانگی دامەزرانی کۆماردا، ڕۆژی ١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی گۆڤاری ئەدەبی، سیاسی و کۆمەڵایەتیی "هاواری نیشتمان"، وەکو ئۆرگانی "بڵاوکەرەوەی بیری یەکیەتیی جەوانانی دیموکرات" لە چاپخانەی کوردستانی مەهاباد دەرچوو، کە سەرنووسەرەکەی سدیق ئەنجیری بوو.

کۆماری کوردستان بیری لە زمانی منداڵانیش خافڵ نەبووە و گۆڤاری "گڕوگاڵی منداڵان"یش لە تەمەنی کورتی کۆماری کوردستاندا سێ ژمارەی لێ بڵاو بووەوە.

لە چاپخانەی بۆکانیش بە سەرپەرستیی و سەرنووسەریی، نووسەری ناودار، مامۆستا حەسەن قزڵجی، لە مانگی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٢٤دا، یەکەمین ژمارەی گۆڤاری "هەڵاڵە"، کە تایبەت بوو بە ڕێکخراوی لاوانی دێموکراتی کوردستان بڵاو بووەوە. کە بەداخەوە هەڵاڵەش لەگەڵ کۆماری کوردستان بە جوانەمەرگی سەری نایەوە. بەڵام ئەوەی کە جێی سەرنجە، ئەوەیە کە لە ماوەی چەند مانگێکدا کۆماری

کوردستان ئەو گشتە پلانەی بۆ پەرەدان بە زمانی کوردی خستووەتەوە بواری جێبەجێکردنەوە و، ئەوەش قووڵایی ستراتیژیی زمان بە لای ڕێبەرانی ئەو کۆمارەوە نیشان دەدات.

گرینگیدانی کۆمار بە بواری ڕووناکبیری هێندە شێلگیرانە بوو، کە لەو ماوە کورتەی تەمەنیدا کتیبخانەی میللی (گشتی) و شانۆ (شانۆی دایکی نیشتمان) و ڕادیۆ و سینەماشی لە پایتەختی کوردستان دامەزراندووە.

دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان دەیانزانی بۆ بەدیهێنانی ئامانجی برەودان بە زمانی کوردی، دەبێ لە پەروەردە و ڕاهێنانەوە بناغەی زمان دابرێژن، بۆیە بێجگە لە "وەزارەتی فەرهەنگ"، کە مەناف کەریمی وەزیرەکەی بوو، "هەیئەتی فەرهەنگی"شیان دامەزراند. هەیئەتی فەرهەنگیی کوردستان، کە لە لایەن "هەئیەتی ڕەئیسەی میللی"یەوە دانرابوو، ڕۆژی ١٢ی بەفرانباری ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی بڕیارێکی پێنج خاڵیی گرینگی لە بابەت قوتابخانە و خوێندنەوە دەرکرد، کە سێ خاڵیان پێداگری بوو لە بنەبڕکردنی نەخوێندەواری: بڕیار درا منداڵانی بێکەس کۆ بکرێنەوە و لە نێو میللەتدا دابەش بکرێن و ڕۆژانە لە مەدرەسەی گەلاوێژ بخوێنن؛ خەڵکی بێسەواد حازر بکرێن تا لە مەدرەسەی شەوانە فێری خوێندن بکرێن؛ هەروەها بڕیار درا هەموو نیشانە (تابلۆ)ی ئیدارات و مەدرەسە و شوێنە بازرگانییەکان و عیمارەتەکان بگۆڕدرێن و بە کوردی بنووسرێن. هەیئەتی فەرهەنگی بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانی ڕێ لە شێواندنی زمانی کوردی بگرێت، بۆ ئەو مەبەستەش لە ڕۆژنامەی کوردستاندا ئاگادارییەکی بڵاو کردەوە، کە "بۆ وەکارهێنانی وشەی کوردی کە تا ئەورۆ وەکار نەهێندراوە دەبێ لەپێشدا بە هەیئەتی فەرهەنگی پێشنیار بکرێ و لەوێدا تەسویب بکرێ

و ئیجازەی وەکارهێنانی بدرێ و کەس حەقی نییە وشە ڕۆنێ و دەکاری بێنێ."

بە پێی دەستووری پێشەوا و ڕەئیسی جمهووری کوردستان ناوی فارسیی قوتابخانەکان و شوێنە گشتییەکان کران بە کوردی، بۆ نموونە، ناوی مەدرەسەی پەهلەوی کرا بە مەدرەسەی "کرمانجی" و مەدرەسەکانی دیکەش بە ناوەکانی "کوردستان"، "گەلاوێژ" و "پێشەوا" و ... ناو نران. هەر بە پێی سیاسەت و پلانی زمانیی کۆماری کوردستان، زمانی خوێندن و جۆری خوێندن و بەرنامەکانی خوێندنیش کران بە کوردی و، چەند قوتابخانەی کوردی لە شارەکانی مەهاباد و بۆکان و شنۆ کرانەوە.

زمانی ڕەسمیی دەوڵەتی کۆماری کوردستان کوردی بوو، بۆ جێبەجێکردنی پلانە زمانییەکانیشی، بناغەی بۆ زمان و زاراوەگەلی تایبەت بە بوارە جوداکانی دەزگا و دامەزراوەگەلی حوکمڕانی و دینی و فەرهەنگی و قانوونی و ئابووری و سەربازی (پێشمەرگایەتی) دانا و هەمووی ئەوانەش لە ژێر چاودێریی هەئیەتی فەرهەنگیدا دانران، بۆیە نە تەنیا ڕێ بە شێواندنی زمان نەدرا، بگرە زمانی کوردی لە کۆماری کوردستاندا بناغەیەکی وەهای بۆ دانرا، کە ئیدی نەک لە خەمی لاوازی بڕەخسێت، بگرە بەردەوام باڵا بکات.

## ئەنجام

مەبەستی سەرەکیی ئەو دێرانەی سەرەوە، نەک هەر گێڕانەوەیەکی مێژوویی، بەڵکە وەبیرهێنانەوەی گرینگایەتیی زمانە بۆ پاراستنی هەویتیی نەتەوایەتی و فەرهەنگی و شارستانەتی. بۆ ئەوەی لەبیرمان نەچێت، لە هەموو قۆناغەکانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەماندا زمان یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکان بێت. چونکە زمان بەردەوام ڕۆڵێکی گرینگی لە دروستکردن و دەربڕینی هەویتیی نەتەوەییدا هەبووە. لەم ڕۆژگارەدا ئابووریی نێودەوڵەتی و ڕاگەیاندنەکان کۆمەڵێک گۆڕانی زۆر قووڵیان لە سەرلەبەری دنیا و هاوکێشەکانیدا پێک هێناوە و زانستە کۆمەڵایەتییەکان پێناسەی جۆربەجۆر و ئاڵۆزیان لە هەویتیی نەتەوەیی خستووەتە ڕوو، بەڵام چەمکی زمان و هەویتی لە هەموو پێناسەکاندا پێوەندییەکی قووڵیان پێکەوە هەیە. هەربۆیە بۆ پاراستنی هەویتیی نەتەوەییمان پێویستە لە هەموو قۆناغەکانی خەبات و ژیانی نەتەوەکەماندا بەرنامە و پلانی تایبەتمان بۆ پەرەدان بە زمانەکەمان و گونجاندنی لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانە خێراکانی سەردەمدا هەبێت.

## سەرچاوەکان:

١. حسین مکی؛ تاریخ بیست سالەی ایران؛ چاپ پنجم ١٣٧٤؛ انتشارات علمی فرهنگی.

٢. د. قاسملوو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم ١٩٨٨ (١٣٦٧).

٣. نەوشیروان مستەفا، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین (مێژووی سیاسی)، کتێبی سێیەم / بەرگی یەکەم، الدار العربیه للعلوم ـ ناشرون، بیروت، لبنان، ٢٠١٤ی زایینی.
٤. ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، مەهاباد ١٣٢٤ تا ١٣٢٥ ی هەتاوی (١٩٤٦)، ئامادە کردنی: ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، چاپی یەکەم، پرۆژەی هاوبەشی دەزگای ئاراس و بنکەی ژین، هەولێر و سلێمانی ٢٠٠٧.

# کۆماری کوردستان،

## ڕۆحی مێژووی نەتەوەیەکی زوڵم لێکراو!

### خوێندنەوەیەک لەژێر ڕۆشنایی فەلسەفەی مێژوودا

د. هەژار ڕەحیمی

## ١

جۆری تێڕوانینی ئێمە مرۆڤەکان بۆ ڕووداوەکانی ڕابردوو، ڕادەی گرنگی و پڕنێوەرۆکیان دەستنیشان دەکا. بەڵام ڕوانینی نەریتی و ئاسۆیی ناتوانێ ئەو گرنگییە دەربخات، کە بە داخەوە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە پرۆسەی مێژوونووسی ئێمەدا، ڕۆڵێکی سەرەکی و جەوهەری هەیە. لە ڕوانگەی تێڕوانینی ئاسۆییەوە، ڕووداوی هیچ سەردەمێکی مێژوویی لە سەردەمێکی دیکەی مێژوویی ناتوانێ گەورەتر بێت!! بەڵام ئایا ڕووادوە مێژووییەکان هەموویان بەیەک ڕادە کاریگەریان لە سەر ڕەوتی مێژوو هەیە؟ بێگومان نا. هەر لە پێناو پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە و دەرخستنی جەوهەری ڕاستەقینەی ڕووداوەکان بوو، کە فەیلەسوف و بیرمەندان، هەوڵی جیاکردنەوەی جۆرەکانی مێژوونووسی و ڕاڤەکاریی مێژووییان دا. لەم نێوەدا "هیگڵ"ی فەیلەسوف ئەم بابەتە لە سێ جۆری جیاوازدا پۆلێن دەکا. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە، سێ جۆر مێژوومان هەیە. یەکەم جۆر مێژووی سەرەکییە، کە بریتییە لە تۆماری ڕووداوەکان. لەم جۆرە مێژووەدا، مێژوونووسان لە ناو خودی ڕووداوەکان و لە ناو ڕۆحیاندا بوون. "ڕامان" و تێفکرین بەشێک لە ئەرکی ئەوان نییە، چونکە لە ناو ڕۆحی بابەتە جێ سەرنجەکانی خۆیاندا دەژیان و هیشتا لە سەرەوە نەیاندەنۆڕیە ڕووداوەکان.

جۆری دووەمی مێژوو کە هیگڵ باسی لێوەدەکا، مێژووی لێڕامێنراوە. لەم جۆرە مێژووەدا، ڕووداوەکان تەنیا پەیوست نین بە

سـەردەمی خۆیانـەوە، بـەڵکـو زیـاتر دەڕۆن و پـەل دەهاونـە سەردەمەکانی تر. لێرەوە مێژوو چیدیکە کۆمەڵێک ڕووداوی لێکدابڕاو نییـە، بـەڵکوو مێـژوو زنجیرێکـی لێکنەپساوە، کـە کاردەکەنـە سـەر یـەکتری و لـەم بەشـەدا مێژوونووسـی بـە جۆرێـک لـە جۆرەکـان هەوڵدەدا بە ڕامان و بیرکردنەوە، لە پێوەندی نێوان سەردەمەکان و کاریگەری ڕوداوەکان لە سەر یەکتری، بدوێ.

هەرچی جۆری سێیەمە مێژووی فەلسەفییە. باوترین پێناسەیەک کە بۆ ئـەم جـۆرە لـە مێـژووی بکـەین ئەوەیـە، دەتـوانین بڵێـین، کـە شـتێک نییـە جگـە لـە وردبینـی هزرمەندانـە لـە مێـژوودا. هـەر لـەم ڕوانگەیـەوە، هیگـڵ پێـی وایـە، ڕامـان و بیرلێکردنـەوە بـۆ مـرۆڤ گرنگییـەکی جەوهـەرییان هەیـە. چونکـە تـەنیا بیرکردنـەوە و ڕامـانن، دەتـوانن ڕۆحـی پەیوەنـدی نێـوان بابـەت و ڕووداوە مێژوویيـەکان بدۆزێتەوە و شیبکاتەوە.

کاتێک سەیری ڕووداوەکانی مێژوو دەکەین، دەبینین جۆرێـک لـە پەیوەندی بەردەوام و دیالێکتیکی لە نێوانیاندا هەیە. ئـەم پەیوەندییـە وای کردووە، ڕەوتی بەرەوپێشچوونی مێژوو، ئاڕاستەیەکی ڕوولـەپێش و پـڕ لـە ڕووداوی جیاجیـا بگرێـت. جـۆری ڕووداوەکـان و پێوەنـدی نێوانیان بەپێی سەردەمە جیاوازەکان، هۆکارێک بووە بۆ ئـەوەی تـەنیا لە ڕوانگەی گێڕانـەوەی ڕووداوەکانـەوە سـەیری مێـژوو نەکـەین. ئـەم پۆلێنبەندییەی هیگڵ ئەوەمان پێدەڵێت، ئەگـەر دەمانـەوێ لـە ڕۆحـی ڕووداوە مێژووییـەکان و دینـامیزمی بەرەوپێشـبردنی میـژوو بگـەین، شتێکی زیاترمان لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان پێویستە.

سەرنجێکی دیکە کە لە ڕوانینی هیگڵدا بەرچاو دەکەوێ ئەوەیە، کە ئەو پێی وایە، عەقڵ بە سەر دنیادا حوکم دەکات و جۆرێک ڕێکخستنی عەقڵانی لە ڕووداوەکان و پێوەندی نێوانیاندا هەیە و ئەم ڕەهەندە عەقڵانییە، کە ئاڕاستەی مێژووی مرۆڤایەتی دەکا بەرەو خۆشبەختی. تەنانەت ئەمە تا ئەو ڕادەیە دەچێتە پێش، کە پێی وایە خراپترین ئەزموونەکانی مێژووی مرۆڤایەتیش، بێبەری نین لە عەقڵانییەت و ڕێکخستنی عەقڵانی. کەواتە ڕازی تێگەیشتن لە مێژوو و دۆزینەوەی ڕەهەندە جۆراوجۆر و نهێنییەکانی، پەیوەستە بە ئاوەزمەندی و ڕامانی مرۆڤەوە، کە لە سەر ڕووداوە مێژووییەکان و خوێندنەوەیان، دەتوانێ بەکاریان بێنێ. لەم گۆشە نیگایەوە بۆ ئەوەی لە ڕەوتی ڕووداوەکان و پێوەندی نێوانیان و بە گشتی زنجیرەی مێژوو تێبگەین، دەبێ بە ڕوانینێکی ئاوەزمەندانە و لە سەرەوە، بڕوانینە مێژوو. ڕەنگە سەرچاوەی بەشێکی زۆر لە ڕێڕەو ونکردنەکانی مرۆڤ لە مێژوودا، بۆ ئەوە بگەڕێنەوە کە مرۆڤ زیاد لەوەی بیری لە ڕابردووی خۆی کردبێتەوە و لێیرامابێ و یاساکان و ڕۆحەکەی دۆزیبنەوە، لە ڕواڵەتی ڕووانیون و دواجار ئەمەش شتێکی لێ دەرنەچووە، جگە لە دووبارە کردنەوەی دیمەنە تاڵ و هەژێنەرەکان و سەرگەردانییەکان.

## ٢

لە مێژووی دوور و نزیکی نەتەوەی کورددا، یەکێک لە لاپەڕە هەرە پڕشنگدارەکانی ئەو مێژووە، دامەزراندنی کۆماری کوردستانە. ئەم ڕووداوە مێژووییە، کە لە ڕێکەوتی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی لە شاری مەهاباد ڕوویدا، خاڵێکی وەرچەرخانی مەزن بوو لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد و تا هەنووکەشی لە گەڵدا بێت، سەرەڕای هەموو ئەو کۆڕانکارییانەی کە هاتوونەتە پێشێ و خەیاڵی حەزی مرۆڤ بۆ وەدیهێنانی ئەزموونی باشتر لە سایەی پێشکەوتنەکانەوە، لە ئاسۆی جۆراوجۆرەوە سەردەردێنێ، بەڵام کۆماری کوردستان هەروا بەرهەمی چاوەڕوانکراوی ئومێدی ناو بیر و زەینی تاکەکانی ئەم نەتەوەیەیە.

لە سەر کۆماری کوردستان زۆر گوتراوە و ڕووپەڕەکانی مێژوو پڕن لە گێڕانەوەی تایبەت بەو ڕووداوە. سەرەڕای هەبوونی کۆمەڵێک ریوایەتی پیچەوانە و ئاوەژۆکەر، بەڵام پڕشنگداری ئەم ئەزموونە، هەروا ریوایەتی بێ رکابەری ناو ئەو لاپەڕانەیە. لێرەدا مەبەست ئەوە نییە ئەو گێڕانەوە جۆراوجۆرانە بتوێنرێنەوە و بێ نرخ بکرێن و بە هەند وەرنەگیرێن، ئەوەندەی مەبەست ئەوەیە ڕوون بکرێتەوە، بۆچی ئەم کۆمارە، سەرەڕای تێبەڕینی دەیان ساڵ هەروا مەدینە فازیلەی ناو خەیاڵدانی مرۆڤی کوردە. لە راستیدا ئێستا دەبێ ئیتر لەوە بکۆڵینەوە، بۆ کۆماری کوردستان، بۆ بەشێکی بەرچاو لە تاکەکانی نەتەوەی کورد، بووەتە هێزی هاندەر و دینامیزمی بەرەوپێشبردنی مێژوو.

لێرەوە، ڕوانـێن بۆ کۆمـاری کوردستان، ڕوانینێکی مێژوویی ڕووداو سەنتەرانە نییە. بە پێچەوانەوە ڕوانینێکە لە سەروو ڕووداوەکانی کات و ساتێکی دیـاریکراوەوە. ڕوانینێکـە کـە ڕووداوەکـانی مێژوویـەکی دوورودرێـژی خـەباتی گـەلی کـورد، بـەر لـە کۆمـاری کوردسـتان لەخۆدەگرێ و لە کۆماری کوردستان ڕەنگیان پێدەداتەوە و لـە دوای ئەویشەوە دەبێتە هێزێکی هاندەر و بەشێکی کاریگـەر لـە دینامیزمی بەرەوپێشـبردنی مێـژوو. کۆمـاری کوردسـتان چیدیکـە ڕووداوێکـی ئینتزاعی نییە لە یادەوەری تاکی کورددا، بەڵکوو بەشێکە لـە خـەیاڵی ناو ژیانی ئێستای و هێزێکە، کە زەینی پاسقی مرۆڤی ژێردەستەی کورد، دەکاتە هێزیکی بکەری مێژوو خوڵقێن.

کەواتە ئەگەر دەمانـەوێ لـە کۆمـاری کوردسـتان بگـەین، دەبـێ لـە مۆتەکەی گێرخواردن لە ناو گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەربچین. چونکە وەک گوتمان دامەزراندنی کۆمـاری کوردسـتان ئەگـەرچی پەیوەستە بە سەردەم و کاتێکی دیاریکراوەوە، بەڵام خاڵی پێکـەوە بەسـتی کـۆی ڕووداوەکـانی مێـژووی خـەباتی مـافخوازی نەتـەوەی کـوردە، بـەر لـە کۆمـار و دوای کۆمـار. لـەمبارەوە بـۆ تێگەیشـتن، دەبـێ لـە مێـژووەوە وەک گێڕانەوەی ڕووداو هـەنگاو باوێین بـۆ مێـژوو وەک لێکدانـەوە و ڕاڤـەی ڕووداو. مایکـڵ سـتنفۆرد لـەمبارەوە دەڵـێ: "جـۆری یەکـەم دەتوانین بە کۆمەڵێک تیۆر سـەبارەت بـە هـەموو زانیـاری و ڕاسـتییە ناسـراوەکان ناوببـەیـن و جـۆری دووەمـیش مێـژووی شـیکارییە، کـە هەموو زانیارییە ڕاستەکان وەلا دەخات و بە گشتی کار لە سەر ئەوە دەکـات، کـە چـۆن سـەبارەت بـەو شـتانەی کـە ڕوویانـداوە،

بیردەکەینەوە. ئەمە بە مانای پشتگوێ خستنی ئەو گێڕانەوە مێژووییانە نییە، کە بۆمان گوێزراونەتەوە، بەڵکوو بە مانای ئەوەیە کە لە ڕۆح و جەوهەری پشت ڕووداوەکان تێبگەین و هێزی بزوێنەری مێژوو دەستنیشان بکەین". ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە گوتمان هیگل بە فەلسەفەی مێژوو ناوی لێدەبات. بۆیە لێرەوە دەچینە ناو فەلسەفەی مێژووەوە.

**٣**

گێرخواردن لە ناو بۆتەی گێڕانەوەکان و دیتنی مێژوو وەک تۆماری ڕووداوەکانی ڕابردوو، زۆرجار وای کردووە کۆماری کوردستان تەنیا لە ناو کۆنتێکستی مێژویی خۆیدا مانای هەبێت و گرنگی دەربکەوێ. ئەم تیرِوانینە ڕووداو سەنتەرانەیە، کۆماری کوردستانی کردووە بە ڕووداوێک و یادەوەرییەک لە مێژوو. دیارترین نموونەی ئەم گێرخواردنەش، لەو ئەرگیۆمێنتەوە سەرچاوە دەگرێ، کە کاتێک باس لە هۆکارەکانی درووستبوونی کۆماری کوردستان دەکرێ، دەیگەرێنێتەوە بۆ ئەو ڕووداوە مێژووییەی کە لەو سەردەمەدا هاتبووە ئاراوە و ئێران لە باکورەوە لە لایەن رووسەکانەوە و لە باشووریشەوە لە لایەن ئەمریکایی و بریتانییەکانەوە داگیر کرابوو و لە ناوچەی موکریان و ئەوەی کە دواتر بووە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی کۆمار، بۆشایی دەسەڵات پێکهاتبوو، بۆیە دواجار کوردەکانیش ئەوەیان بە هەل قۆستەوە  و کۆماری کوردستانیان دامەزراند. ئەم ڕوانینە زیاد لەوەی بریتی بێت لە لێکدانەوە و

دەرهێنانی هۆکاری پشت ڕووداوەکان، بریتییە لە تۆماری ڕووداو و دواجار کوشتنی ڕۆحی هاندەری خولقێنەری ڕووداو. ئێمە بەم ڕوانینەمان، بەشێک لە هێزی بکەریی خۆمان خستووەتە ژێر پرسیار. ئێمە بەم ڕوانینە خۆمان خستووەتە بەردەم خوێندنەوەیەکی میکانیکی لە مێژوو، خوێندنەوەیەک کە لە سەر بنەمای بێ ئیرادەکردنی تاکی کورد بنیات نراوە. لێرەدا مەبەستەکە ئەوە نییە کە ڕۆڵی ڕووداوە مێژوویی و فاکتەرە کاریگەرەکان پشتگوێ بخرێ، بەڵکوو کرۆکی باسەکە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەیە، کە ئایا ڕەوتی ئاراستە کردنی ڕووداوەکان کە کۆماری کوردستانی لێکەوتەوە، دەبێ چۆن ڕاڤە بکرێ؟ ئایا "کۆماری کوردستان"یش بەرهەمی ئەو بۆشاییە و تەنیا بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە بوو؟

لێرەدا کێشەیەک هەیە، کە سەرچاوەکەی لە نەبوونی جیاکاری کردنە لە نێوان کۆماری کوردستان وەک ڕووداو و هەوڵێک، بۆ پڕ کردنەوەی بۆشاییەک لە لایەک و "کۆماری کوردستان" وەک ئیرادە و خواستی نەتەوەیەک بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆی. کۆماری کوردستان، بەرهەمێکی بە ڕێکەوت نەبوو، بەڵکو خەمێکی دێرین و هزرێکی قوڵ بوو، کە جەوری ڕۆژگار و گەلەکۆمەی داگیرکەران و دەیان فاکتەری دیکەی مێژوویی وایان کردبوو، نەکەوێتە دەر، تا ئەوەی کە لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا و لە پاشهاتی کۆمەڵێک گۆڕانکاری نێودەوڵەتیدا و لە بڕگەیەکی هەستیاری مێژوودا، خۆی خستەدەر. ئەگەر هاتنی هێزەکانی رووسیە و ئەمریکا و بریتانیا، دەرەنجامی بکەریی بیرکردنەوەی هزر و ڕەفتاری دەسەڵاتداران و

سیاسـەتداڕێژانی ستراتیژیسـتی ئـەو وڵاتانـە بـوو، بـۆ چنینـەوەی دەسکەوتەکانی پاش شـەڕی دووەمـی جیهانی، دامەزراندنی کۆماری کوردسـتانیش، بەرهـەمی بکـەریی هـزر و ڕەفتـاری کـورد بـوو بـۆ وەدیهێنانی خەونی لە میژینەی سەربەخۆی و سەروەریی کوردستان، کە لـە هەرەسی دەسـەڵاتی حکومـەتی ناوەنـدی لـە ناوچەکە، خـۆی دەرخست.

ئەگەر باوەڕ بەوە بێنین کۆماری کوردستان بەرهـەمی ڕێکـەوت و بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دەسەڵاتی ناوەندی بووە، واتە باوەڕمـان بـەوە هێنـاوە، کـە کـۆی کـار و چالاکییـەکانی ئـەو ماوەیـە، لـە سـەرەتاوە تـا کۆتـایی کۆمـار، هـەر بـە ڕێکـەوت بـوون. لـە کاتێکدا بـە پیچەوانـەوە، کـۆی ڕووداوەکـانی ئـەو ماوەیـە و جـۆری هەڵسـوکەوت و کـارو چالاکییەکانی بەرپرسانی کۆمار ئەوەمان بـۆ دەردەخـەن، ئـەم کۆمـارە بە ڕێکەوت نەهاتووەتە بوون و بۆ پڕ کردنـەوەی بۆشـایی دەسـەڵات نەبووە، تا ئەگەر سبـەینێ دەسـەڵات هاتـەوە بـە داوا و خواسـتێک لـە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە بە کۆتا بێت.

ئەم تێڕوانینە بەداخـەوە زۆرجار هەیـە و مەبەسـتە سـەرەکییەکەی بریتییـە لـە کەمکردنـەوی ڕۆڵـی ئـەو قۆناغـە گرنگـە مێژووییـەی، کـە بەردی بناغەی ناسیۆنالیزمێکی ڕەگداکوتاوی سەرچاوە گرتوو لە هزر و بیـری نەتـەوەخوازی لـە خۆیـدا جێکردبـووەوە. ئـەم جـۆرە بیرکردنەوەیـە بیرکردنەوەیـەکی ئاسـۆییە بـۆ مێـژوو و هـەوڵنادا بـە قوڵاییدا ڕۆ بچێتە خوارێ. ئەم جۆرە ڕاڤەیە بۆ مێژوو نـە دەتـوانێ لـە ڕۆحی مێژوو تێبگات و نە دەتـوانێ لـە هـزری دەوڵەمەنـدی بنیاتنانی

کۆمار تیبگا.  ئەم جۆرە ڕوانینە بۆ مێژوو ڕوانینێکە، بە شێوەیەکی میکانیکی و بە ڕێکەوت سەیری ڕووداوەکان دەکات و ناتوانێ لە ڕەمزێ پێوەندی نێوان ڕووداوە مێژووییەکان و کاریگەرییەکانیان لە سەر سەردەمانی دواتر و لە سەر بیر و هزری خەڵکانی سەردەمە جیاوازەکان بگات. کەواتە ئێمە بۆ تێگەیشتن لە کۆمار، پێویستە ڕوانگەمان لە ئاسۆییەوە بگۆڕین بۆ ستوونی و بە قولی بە ناو ناخی مێژوودا بچینە خوارێ.

٤

کاتێک کە باس لەوە دەکەین کۆماری کوردستان بەرهەمی ڕێکەوت و بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دەسەڵات نەبووە، دەگەڕێینەوە بۆ ئەو تیرۆانینەی هیگل کە پێی وایە، هەر کارێک کە لە مێژوودا دەکرێ، تەنانەت لە خراپترین حاڵەتیشدا، بەرهەمی جۆرێک لە عەقڵانییەتە. ئەڵبەتە لێرەدا مەبەست ئەوە نییە باوەڕمان بەوە نەبێت، ڕێکەوت لە ژیان و ئەزموونی مرۆڤدا بوونی نییە و ڕێکەوت ناتوانێ ڕۆڵی هەبێت لە بەدیهێنانی ڕووداوەکان، بەڵام ئەوەی دواجار ئەو ڕووداوانە دەکات بە بەشێک لە مێژوو و ڕۆحی مێژوویان تێدا بەرجەستە دەکات وپێوەندیان دەدات بە سەردەمانی دواتری خۆیەوە و بەردەوامییان پێ دەبەخشێ، عەقڵانیەت و ڕامانی عەقڵانییە. با بێنینە بەرچاوی خۆمان، ڕێکەوت یان شانس دەتوانێ بە بردنەوەی لۆتەرییەک لە لایەن کەسێکەوە، ئەو کەسە بکاتە خاوەن پارە و دەوڵەمەند، بەڵام ئایا بۆ بەردەوام پارەداربوون و دەوڵەمەندبوون،

ڕێکەوت دەتوانێ هەموو شتێک بکات؟ بێگومان نا. ڕێکەوت دەتوانێ ڕووداوێک بێ لە کات و ساتێکی دیاریکراودا و خاڵێک بێت بە تەنیایی، بەڵام ئەوەی وا دەکات ئەو خاڵە درێژبێتەوە ومەودای زەمەنەکان ببڕێ و تەمەنی خۆی درێژ بکاتەوە، عەقڵانییەتە. ئەگەر ئەو کەسە سەرمایەگوزاری نەکات و نەتوانێ لە سەر بەرهەمی پارەی پارەکەی بخوا، دوای ماوەیەکی تر تەنیا دەبێتە خەیاڵێک و خاڵێک لە یادەوەرییەکی تێپەڕیو، کە هیچ نانێکی پێ چەور نابێ.

ئەگەر تەنیا خۆمان بدەین بە دەست ئەو ڕێکەوتەوە و بە هەلومەرجەکانی ڕێکەوت ڕازی بین، ئەوکات ئەرکی ئێمە ئەرکێکە، تەنیا بریتی دەبێت لە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە ڕێکەوتەکە بۆ پڕکردنەوەی هاتووە و لە دەرەوەی دەسەڵات و هەیمەنەی ئێمەیە، بۆیە هەمیشە مەترسی ئەوەی هەیە، کە نەک تەنیا لە ناو بچێت، بەڵکوو نەشتوانێ لە کاتی بەدیهاتن و شکڵگرتنیدا، درێژ بێتەوە. ئەوەی کە ئەمەی کردووە، ئەوەیە ئەم کارە بەرهەمی عەقڵانییەت و ڕامانی عەقڵانی نەبووە و بە دوور بووە لە هزریی بکەریی مێژوویی.

کۆماری کوردستان لە هەلومەرجێکی مێژوویی هەستیاردا دامەزرا. هەستیار بەو مانایەی کە دەبوایە بڕیارێکی ئاوەزمەندانەی یەکلاکەرەوەی لێبدرێ، تا بە باشترین شێوە سەرمایەگوزاری لە سەر بکرێ و بناغەی داهاتوویەکی گەشی لە سەر بنیات بنرێ. هەستیاری و ئاوەزمەندی ئەو بڕیارە مێژووییەی کە کۆماری کوردستانی لە سەر بنیاتنرا، ئەوکاتە زیاتر بەرچاو دەکەوێ کە لە ناو

جەرگەی ئەو هەموو بیر و بەرژەوندییە جیاوازانە، خۆی لە قاڵبی چ هزرێکی کاریگەر و لە ناو بۆتەی چ فەلسەفەیەکی ڕەگداکوتاودا و بە پێی چ سیستەمێک نیشاندا. ئەگەر باوەڕیش بەوە بهێنین، بەرهەمی ڕێکەوت بوو، بەڵام بۆ توانی ماوەدای کار و کاریگەری خۆی تا ئێستاش بگوازێتەوە. لە ڕاستیدا کۆماری کوردستان نە بەرهەمی ڕێکەوت بوو و نە ئەرکەکەشی پڕکردنەوەی بۆشایی دەسەڵاتی داگیرکەری ناوەندی بوو، بەڵکوو بەرهەمی ئاوەزێکی سەردەمیانەی کاریگەر و هەوڵێک بوو بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی ناو مێژووی لێوانلێو لە حەزی سەربەخۆیی و سەروەریی "کوردستان". کۆماری کوردستان بەرهەمێکی هزرێک بوو، کە باوەڕی بە بکەریی خۆی هەبوو.

**٥**

خاڵێک کە لە کۆماری کوردستاندا جێگەی سەرنجە، دابڕانی مێژووییە. ئەم ڕووداوە مێژوویە بەشێک لە کاریگەری و ئەفسوونی مانەوەی پەیوەستە بەو دابڕانەی کە لەگەڵ پێشخۆی لە رووی مەعریفییەوە بەدی دێنێ. دامەزرێنەرانی کۆمار، کە هزر و ئەندێشەکەیان لە کۆماری کوردستاندا بەرجەستە دەبێ، شارەزاییەکی باشیان لە مێژووی نەتەوەکەیان هەیە و لە هەمان کاتیشدا لە گەڵ دنیای سەردەمی خۆیان زۆر ئاشنان. دابڕانێک کە لەم نێوەدا درووست دەبێت، دابڕانێکە کە تا ڕادەیەکی زۆر دەبێتە خالی جیاکەرەوەی ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی کورد لە هەستی نەتەوەیی کۆن. کۆمار نایهەوێت تەنیا و تەنیا لە چوارچێوەی خەیاڵی

بەرتەسکی کۆمەلێک بەرژەوەندی عەشیرەیی و خێڵەکیدا بمێنێتەوە. ئەزمونێک، کە لە ڕابردووی نەتەوەکەماندا بە روونی ئاماژەی پێدەکرێت و ئەگەرچی دەشێت زۆر ڕاپەڕین و ڕووداوی گەورەتر لە کۆماریش هەبووبن، بەڵام دواجار چونکە نەیانتوانیوە ئاسۆی هزر و تیرِوانینی تاکەکان لە بۆتەی ڕامان و بەرژەوەندی خێڵەکی و عەشیرەتی نەجات بدات، بۆیە نەیانتوانیوە دریژە بە مانەوەی خۆیان بدەن و، دواجار تەنیا ئەوەندەیان بە بەر براوە کە ببنە ڕووداوێک لە ڕابردووی میژووی نەتەوەکەمان. کۆمار کۆتایی بەم ئەزموون و ڕوانینە دەهێنێت و سەرنجی خۆی دەخاتە سەر جۆرێکی نوێ لە بیرکردنەوە. ئەو بیرکردنەوەیە، زیاد لەوەی بیرکردنەوەیەکی خێڵەکی و عەشیرەیی بێت، بیرکردنەوەیەکی نەتەوەیی و گشتگیرە، کە رۆحی نەتەوەیی لە خۆیدا جێکردووەتەوە. ئەمە بە مانای ئەوە نییە، ئێمە شاهیدی بیرکردنەوەی عەشیرەیی نین لە کۆماری کوردستاندا، بەڵکوو بە مانای ئەوەیە، کە کۆماری کوردستان دەبێتە خاڵی سەرەتای کۆتایی هزری نەتەوەخوازی عەشیرەتگەرایانە. لێرەوە میژوویەکی نوێ و ئەزموونێکی نوێ و بیرێکی نوێ بۆ کۆکردنەوەی تاکەکانی نەتەوە و بەهێزکردنی ئاسۆکانی ڕوانینی نەتەوە دێتە کایەوە، کە چوارچێوە و سنووری بینین و کارکردنی، زۆر لەوەی ڕابردوو فراوانترە.

ئەزموونی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و گۆڕانی بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستان رەنگە ئەم نموونەیە زیاتر روون بکاتەوە. کاتێک کە باس لە کۆماری کوردستان دەکرێ، یەکسەر دەچینە

سەر ئەوەی کە ئەم کۆمارە بە دەستی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان درووستکراوە. ئەم دەربڕینە هیچ هەڵەیەکی تێدا نییە و بەوشێوەی کە لە مێژووی کۆمار و زۆربەی گێڕانەوەکانەوە بۆمان ماوەتەوە، راستی ڕووداوەکەیە. بەڵام خاڵێکی گرنگ کە لیرەدا جێی سەرنجە و دەتوانێ گرنگی ئەم قۆناغە مێژووییە و رۆحی مەزنی رووداوەکەمان بۆ دەربخات، گۆڕانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانە بۆ حیزبی دیمۆکرات. من پێم وایە بە بێ باس کردن لە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، کۆماری کوردستان ناتەواو دەردەچێ. ئەمە نەک بەو مانایە کە کۆمەڵە رۆحی ڕووداوەکەی لە خۆیدا بەرجەستە کردووە، بەڵکوو بەو مانایەی کە بەشێک لە مەزنی کۆمار و دابڕاویی مێژوویی ئەو ئەزموونە لە ئەزموونەکانی پێشتری خۆی، پەیوەستە بەو گۆڕانەوە کە لە کۆمەڵەی ژیانەوەوە بۆ حیزبی دیمۆکرات، بەرجەستە دەبێ. چی لەم گۆڕانەوە دەتوانین بخوێنینەوە؟ مۆدێرن بوون و ئاوەزمەندی و بکەریی دامەزرێنەرانی کۆمار. هەر لێرەشەوەیە کە سیحری دەنگۆی شانس و رێکەوت بۆ درووستبوونی کۆماری کۆماری کوردستان، باتڵ دەبێت. کۆماری کوردستان لەم سۆنگەیەوە زیاد لەوەی بەرهەمی ڕێکەوت و شانس بێت و کەلێنێکی پێ پڕکرابێتەوە، بەرهەمی ئاوەز و عەقڵە و بۆشایی رۆحی نەتەوەی پڕکردووەتەوە. ئەگەر داگیرکەرانی ئەوسای ئێران بە پلانی خۆیان ئەو هەلومەرجە سیاسییەیان لە ئێراندا بەدیهێنابوو، رێکخەرانی کۆمار بە بیرکردنەوە و باوەڕهەبوونیان بە بکەریی مێژوویی، کۆماری کوردستانیان درووستکرد. گۆڕان لە کۆمەڵەی ژیانەوەوە بۆ حیزبی

دیمۆکرات، بە مانای دابڕان بوو لەو ئەزموونە مێژووییەی ڕابردووی میرنشین و عەشیرەتەکانی کورد، کە ئەگەرچی دەیانتوانی ڕووداوی گەورە بخولقێنن، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئاسۆی ڕوانینیان لێڵ و مەودای بینینیان کورت بوو، نەیاندەتوانێ قۆناغە مێژووییەکان بە یەکەوە ببەستن و یەکانگیری ڕۆحی نەتەوەیی لە پانتایی کوردستاندا بەدیبێنن و مەودای گواستنەوەی ڕەمز و بەهاکان لە ناو چوارچێوەی سەردەم وکاتێکی دیاریکراودا، دیل نەکەن. بەشێک لەم ئەرگیۆمێنتەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بەپێی وتەی زۆرێک لە مێژوونووسان، کۆمەڵەی ژیانەوە ڕێکخراویکی ئەوتۆ نەبوو کە بتوانێ لە ئاستی ئاڵۆزی و هەستیاری سەردەمەکە و بە بێ هەبوونی بەرنامەیەکی دیاریکراو، ئەو گۆڕانە مێژووییە درووست بکات. بۆیە گۆڕان لە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانەوە بۆ حیزبی دیمۆکرات و لەوێشەوە دامەزراندنی کۆماری کوردستان، خاڵی وەرچەرخانی مێژوویی و دەستپێکی سەردەمێکی نوێ بوو لە ڕەوتی ناسیۆنالیزمی کورد و عەوداڵ بوون بە دوای ناسنامەدا. کۆماری کوردستان دەبێ مێژوویەک کە پێوەندی لەگەڵ زەین و ڕۆحی سەردەمەکانی دیکەی دوای خۆیدا و تا هەنوکەش دروست دەکات. لیرەوە کۆمار بەرهەمی هیچ دەستەو عەشیرەتێک نەبووە، بەڵکو بەرهەمی حیزبێکی مۆدێرن بوو، کە ئاسۆی بیرکردنەوەو مەوداوی خواست و بەرژەوەندییەکانی، زۆر لە ئی بیر وخواستی خێڵ و عەشیرەتێک، ڕوونتر و فراوانتر بوو.

مرۆڤ تەنیا کاتێک دەتوانێ خۆشگوزەران و ئاسوودە بێت، ئەگەر بە هەلومەرجێک گەیشتبێ کە لە هەر جۆرە چەوساندنەوەو زوڵم و زۆرێک بەدوور بێت. ئەگەر ئەمە ئامانجی ژیانی مرۆڤ و دواجار مێژووش بێت، ئەوا تەنیا بە بەرجەستەبوونی ئازادی بەدیدێت. ئازادی ڕەنگە درەوشاوەترین و پڕ مشتەریی ترین دروشمەکانی سەر لەبەری مێژووی مرۆڤایەتی بێت. بە جۆرێک کە دەتوانین بڵێین یەکێک لە بەهێزترین دینامیزمەکانی بەرەوپێشبردنی ژیانی مرۆڤ، حەزی مرۆڤ بۆ ئازادییە. یان بە دەربڕینێکی تر، ڕەنگە کەم ڕووداوی درەوشاوە، بەرجەستە و مەزن هەبن لە مێژوودا، کە ئازادی کاکڵەی درووستبوونیان نەبێت. کۆماری کوردستانیش یەکێکە لە داستانەکانی ئازادی و ئازادیخوازیی.

کۆماری کوردستان وەکو بەرهەمی بزووتنەوەیەکی ئاوەزمەند، تێروانینی بۆ ئازادی تێروانینێکی رووکەش نییە. تیڕوانینێکە لەسەر بنەمای بەرزراگرتن و گرنگیدان بە هەموو ئەو ڕەگەزانەی، کە مانا و بەها بە ئازادی دەبەخشن. ئەم بزووتنەوە ئاوەزمەندە خاوەن سیستەمە، بە ئاوڕدانەوە لە مێژووی دوور و درێژی کورد لە لایەک و مێژووی داگیرکەرانی کوردستان و شێوازەکانی چەوساندنەوەیان لە لایەکی ترەوە، دێت کار لە سەر هەموو ئەو ڕەگەزانە دەکات، کە دەتوانن مرۆڤێکی ئازاد بەرهەم بێنن. مرۆڤی ئازاد لە کۆماردا، مرۆڤێک نییە تەنیا خۆی ببینێ و مافەکانی. مرۆڤێک نییە تەنیا حەزەکانی تویژێکی تێدا بەرجەستە بن. مرۆڤێک نییە، تەنیا

بەرژەوەندییەکانی خۆی ببینێ. بە دەربڕینێکی تر، ئەگەرچی کۆمار بۆ خۆی رابوونێک بوو بۆ رزگاری نیشتمانی، بەڵام بە کۆمەڵێک بەرنامەی هەمەلایەن و گرنگ بۆ مرۆڤ، وانەی ئازادیش پێشکەش بە تاکەکانی کۆمەڵگاکەی دەکا. کۆمار پێی وایە مرۆڤی ئازاد و ئاخنراو بە هزر و بیری ئازادیخوازی، دەبێ مرۆڤێک بێ کە بتوانێ تواناکانی خۆی بەکاربێنێ و مەجالی گەشەپێدانیان هەبێ، مرۆڤێک بێ کە هەست بە نامۆیی و غەریبی نەکات، مرۆڤێک بێ هەست بە بوونی خۆی بکات. کۆمار پێی وایە مرۆڤی ئازاد پێویستە داهێنەر بێت و بتوانێ بئافرێنێ. بۆ ئەوەش کە بتوانێ بئافرێنێ، پێویستە هەلی بۆ بڕەخسینرێ و رێز لە توانا و بەهرەکانی بگیرێ و بناسرێن. هەر لەم سۆنگەیەوەیە، کە دەبینین لە ماوەی یازدەمانگدا، ئەو هەموو چالاکییە جۆراوجۆرە لە کۆماردا، لە شانۆ و هونەرەوە بگرە تا رۆژنامە و خوێندن بە زمانی دایک و ناردن بۆ خوێندن لە دەرەوەی وڵات و...هتد، کە هەر هەموویان بۆ گەشاندنەوە و پەرەپێدانی توانای داهێنانی تاکەکانن، ئەنجامدەدرێن.

کۆمار پێی وایە کۆمەڵگا کاتێک ئازادە، ئەگەر بێت و تاکەکانی سنووری ئازادی یەکتر بزانن. ئەگەر بێت و دەسەڵات بە بێ هەبوونی هیچ هەڵاواردنێک، هەلیان بۆ بڕەخسێ. ئەگەر بێت و دەسەڵات ترسی نەبێ لە ناساندنی واقیعی کۆمەڵگاکەی خۆی و دانانی بە راستییەکانی. کۆمار باش دەزانێ جۆراوجۆری و رەنگاڵەییەکان، نەک تەنیا مەترسی نین بۆ سەر کۆمەڵگا، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەگەر بێت و رێکبخرێن و سنوورەکان روون بکرێنەوە،

دەتوانن هەلی پێشکەوتن بن. ئەزموونی کۆمار بۆ هەڵسوکەوت کردن لە گەڵ کەمە نەتەوەییەکان و گرنگیدان بە کولتوور و زمانیان، نیشاندانی هزری ئازادیخوازانەی کۆمارن.

یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی هەر کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و ئازاد ئەوەیە، کە چۆن دەتوانێ ناسنامەی هێزە مرۆییەکانی ناوەوەی بەو شێوەیەی کە هەن بپارێزێ و ڕێزیان بۆ دابنێ. کۆمار لەم ڕوانگەیەوەش، ئەگەرچی لە کۆمەڵگایەکی تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دواکەوتوودایە، بەڵام هەوڵدەدا پەنجە دابنێ لەسەر ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان و بەو شێوەی کە هەن بیانناسێنێ. لەم ڕێگەیەوە کاریگەری و ئەکتیڤبوونی کۆمەڵایەتی و بردنە سەری هێزی مرۆیی کۆمەڵگا لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە، دەباتە سەر. دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی پەیوەست بە ژنان و لاوان، تەرخانکردنی هەلومەرجی پەیوەست بە ڕەنگدانەوەی خواستەکانی منداڵان و لاوان و هونەرمەندان و هونەردۆستان و....هتد، لەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەی کۆمەڵگادا، شتێکی جێگای سەرنجە. لەو کاتەدا یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵگا دواکەوتووانە، ئەوەبوو کە باوەڕیان بە کۆمەڵگایەکی هۆمۆجینەس(یەکڕەنگ)، ئیتر لە هەموو بارەکانەوە، هەبووە. ئەم ڕەهەندە لە کاری کۆمار و زەقکردنەوەی ئەو جیاوازییانە، لەو هزرەوە سەرچاوە دەگرێ، کە ئازادی مرۆڤ ئەوکاتە زیاتر نرخی دەبێت و بەهای هەیە، کە فرەیی و جۆراوجۆریی هەبێت و مرۆڤەکان نیشان بدەن چلۆن دەتوانن توانا و ناسنامەکانی یەکتر

بناسن و ڕیزیان لیبگرن. ئەمە شتێک نییە جگە لە فەلسەفەی ئازادی و ئازادیخوازیی کۆمار.. کۆمار بەم وانانە دەیەوێ تەنیا پەیامێک نەبێ بۆ ڕزگاری، بەڵکو وانەیەک بێت بۆ ئازادی.

**٧**

کاتێک سەیری ئەزموونی کۆماری کوردستان دەکەین، شتێک کە زۆر سەرنجمان ڕادەکیشێ و کەم و زۆر لە سەرەوەش ئاماژەمان پێدا، هەبوونی جۆرێک لە تیرِوانینی رەخنەگرانەیە بەرامبەر بە ئەزموونی رابردووی خەباتی گەلی کورد و رەنگدانەوەی رۆحی کوردایەتی و کوردبوون. مێژووی کورد و ئەزموونی خەبات و راپەڕینەکانی رابردوو هەمیشە ئەوەمان کەم و زۆر بۆ دەسەلمێنن، نەبوونی رۆحی نەتەوەخوازی و کەمبوون و بەرتەسکبوونی مەوداکانی دەرخستنی ئەم هەستە، وایان کردووە راپەڕینەکانی رابردوو نەتوانن ئەو دابڕانە گەورە مێژووییە کە کۆمار لە زەینی تاکی کورددا بەدی دێنێ، ئەوان بەدیبێنن. لە راستیدا دەتوانین بڵێین ئەمە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ هەژاری دیسکۆرسی ئەو راپەڕین و شۆڕشانە، کە نەیانتوانیوە ئەوەندە دیسکۆرسەکەیان پەرەپیبدەن، تا مەوداکانی دەرخستنی هەستی نەتەوایەتی تێدا بەرجەستە بکەن. لێرەدا نابێت کاریگەری تێڕوانینی خیڵەکی و عەشیرەیی و بەرژەوەندی تەسکی بنەماڵەیی لەبەرچاو نەگرین، کە نەیهیشتووە مەودای دیسکۆرسەکان و بنەماکانیان، فراوانتر بکات. بەڵام کاتێک کۆماری کوردستان پێدەنێتە ناوەوە و دەیەوێ دابڕانێکی مێژوویی بەدیبێنێ، دەبێ هەم

دیسکۆرسەکەی روون بکاتەوە و هەم بنەما و چەمکەکانی ناوەوەی پەرەپێبدات. بەمشێوەیەش کۆماری کوردستان قۆناغێک و فۆرمێکی نوێ لە رۆحی نەتەوەخوازی، لە خۆیدا بەرجەستە دەکات. کۆمار لەم روانگەیەوە، کۆمەڵگایەکی لەبەردەستدایە کە زۆر فراوانترە لە دیمەنی کۆمەڵگای ناو زەینی هزری عەشیرەتگەرایی. هزرێکی لە میشکدایە، زۆر قووڵتر و پڕ چەمک و واتاترە، خەڵکانێکی لەبەردەستدان کە بەهرەو ناسنامەی جۆراوجۆریان هەیە، خەیاڵێکی لە سەردایە، کە زۆر لە خەیالی بێ پەڕ و باڵی پێشتر، بەرزتر دەفڕێ.

ئەوەی ئێمە لە کۆمارەوە بۆمان ماوەتەوە، رۆحی نەتەوەیە لە هەموو برگە و کاروو چالاکییەکانی ئەو ماوەیەدا. لەو ماوەیەدا لە بەرامبەر ئەوانی تر ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان دەکرێ بە سروودی نەتەوەیی، لە شانۆدا دایکی نیشتمان خۆشەویستی نیشتمان بەرجەستە دەکا، لە گۆڤار و رۆژنامەکان بە کوردی دەخوێنن و بە کوردی بیری نەتەوەیی دادەدرێژرێ، پێشمەرگە بە نیشانە ونەفەسێکی کوردانەوە دەبێتە ناسنامەی بەرزراگرتنی هەستی بەرگریکاری و گیانفیدایی لە پێناوی نیشتمان ودواجار خۆشەویستی نیشتمان دەکرێ بە بەشێک لە پەیامی ئایین و، پارێزگاری لە کوردستان و وەفادار بوون بە نیشتمان بە سوێند دادەدرێ و کامڵ بوونی دین ئەو کاتەیە، کە سوێندی وەفاداری بە کوردستان ببەیە سەر، تەنانەت ئەگەر بە زانینی سەردانانیش بێت. ئەمە لە مەرگی پێشەوادا رەنگدەداتەوە، کە تا ئیستاشی لەگەڵدا بێ، یەکێک لە تامەزرۆترین حەزەکانی تاکی کوردە، بۆ هەستپێکردنی دەروەستی

ئـەخلاقی ڕێبەرەکـەی بەرامبـەر بـە بەڵێنەکـەی و بریـاری ژیـان و مـردن لەگـەڵ میللەتەکـەی. لـە ڕاستیدا ئـەوەی ئێمـە لـەو ماوەیـەدا دەیبنین، ڕۆحی نەتەوەیی یە لە ناو هـەموو کایـە و بوارەکانی ژیانـدا. ئـەوەی ئێمـە لـە کۆمـاری کوردستاندا دەیبینین، وەک هیگڵ دەڵێ: بینینـی ڕۆح و نـەریتی نەتـەوەیـە ،کە دەچێتـە نـاو هـەموو دەرکەوتـە کولتووریـەکان و، دیـن و ئـەخلاق و زانسـت و هونـەر دەخاتـە ژێـر ڕکیفی خۆیەوە.

هەر ئەم ڕۆچوونەی ڕۆحی نەتەوەییە لە کۆماری کوردستاندا، کە هیچ سنووریکی بۆ بەشداری کوردانی پارچـەکانی تـری کوردستان نییـە و هـەموو ئـەو مـاف و ئیمتیازانـەی کـە هاوڵاتییـەکی کـوردی خۆرهەڵاتی لە کۆماری وەردەگرێ، ئـەوانی تـریش وەریـدەگرن. ئـەم هەستی هاوپێوەندی و یەکدڵییە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ یەکێکە لـە زیڕینتـرین لاپـەڕەکانی بەرجەسـتەبوونی ڕووحـی نەتـەوەیی و سـڕەرەوەی سـنوورە دەسـکردەکان و چەسـپاندنەوەی ئـەو هزر و خەیاڵـەی، کـە لـە هـەر شـوینێک بەرنامـەی بـەرز ڕاگرتنـی شـکۆی نەتەوەیی لەگۆڕێدا بوو، تاکەکانی نەتـەوە دەبێ، ئـەوەی لـە دەستیان دێ ئەنجامی بدەن. کۆماری کوردستان بـەم تیڕوانینـەوە، ئـەزموونی بەرجەستەبوونی ڕۆحـی نەتەوەییـە لـە هـەموو کونج و کەلەبـەرەکانی هزری مرۆڤەکان. گەورەیی و بـەرچاوی ئـەم ڕەهەنـدە لەوەدایـە، کـە تەنیا لە چوراچێوەی هزر و وتەدا نامێنێتـەوە، بـەڵکو خـۆ دەگوازێتـەوە بۆ ئاستی ڕەفتار و کرداری تاکەکان.

**٨**

کۆماری کوردستان یەکێکە لە ئەزموونە دەوڵەمەندەکانی کورد، کە لەسەر بنەمای باوەڕهەبوون بە بکەریی کورد دامەزراوە. ئەزموونێکە کە دەیەوێ بە هەمان ئەو ڕادەیەی ئەوانی تر ڕۆڵیان هەیە لە خولقاندنی دەرفەتەکان و بەدیهێنانی ئەزموونەکان، ئەویش ببێتە هەنگاوێک بۆ نیشاندانی کورد و کوردستان بەوشێوەی خۆی دەیەوێ و هەستی پێ دەکا، نەک دوژمنانی دەیبینین. خاڵی روونکەرەوەی ئەم تیرڕوانینە دەتوانین لە هزر و رەفتاری تاکەکان و بە گشتی ئەزموونی کۆماردا ببینین. لە کۆماردا، مرۆڤی کورد دەبێتە خولقێنەری ئەزموونێک، کە هەم دەبێتە ناسنامەی کوردستان و هەم دەبێتە سیمایەکی سیستەماتیک لە لە ئەزموونێکی بەرهەمی عەقڵ. هەر ئەم سیما سیستەماتیکە هزرییەیە، کە مرۆڤی کورد دەکاتە بکەری ئەو مێژووەی کە خۆی دەیەوێ بنیاتی بنێ. سەرلەبەری کۆماری کوردستان و ئەزموونە وردەکانی ناوەوەی بگەرێین، نموونەیەک نابینینەوە کە خواست و ئەزموونی کۆمار لەسەر بەرژەوەندی ئەوانی تر بنیات نرابێ، بەڵکو کۆی ئەزموونی کۆمار لەسەر بنەمای خواستی کورد و خەونی لەمێژینەی تاکەکانی ئەو نەتەوەیە بنیات نراوە. لێرەوە کورد لە بەرامبەر ئەوانی تر خۆی دەردەخات و ناسنامەی خۆی بەدەست دێنێ و لە هەلومەرجێکی هاوشێوەی ئەوانی تردا دەردەکەوێ و دەبێتە خاوەنی سەروەری خۆی. ئەمە ئەو هەلومەرجە یەکسانەیە، کە هیگڵی فەیلەسوف باسی لێوە دەکات و، بەشێک لە دینامیزمی پێشکەوتنی مێژووی مرۆڤایەتی

لە بەدیهێنانی هەلومەرجی یەکسان لە نێوان مرۆڤەکاندا دەبینێتەوە. ئەو پێی وایە مرۆڤ بە بێ بەدیهێنانی ئەو یەکسانی و هاوسەنگییە، لە هەلومەرجێکی حەیوانیدایە و ئەوەشی کە مل بدا بەو نایەکسانییە و خۆی لەو هەلومەرجە نەشیاو و نایەکسانەدا بهێڵێتەوە، لە هەمان ئەو حاڵەتە حەیوانییەدایە. لە راستیدا لە روانگەی ئەوەوە، هەوڵی مرۆڤ لە مێژوودا بۆ ئەوەیە کە کۆتایی بەو حاڵەتە حەیوانییە بێنێ و بگەن بە هەلومەرجی یەکسان، بە جۆرێک کە لە لایەن ئەوانی ترەوە، لە هەلومەرجێکی هاوشێوەی خۆیان بیناسنن. کۆماری کوردستان دەیەوێ بەشێک لەو بانگەشە و دەنگۆ بڵاوانەی کە لە مێژوودا لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە بە سەر کورددا سەپێنراوە و جۆرێک لە بێ باوەڕی و بێ توانایی کوردی بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی خۆی لە زەینی تاکی کورددا بەرجەستە کردووە، کۆتایی پێ بێنێ. کۆمار دەیەوێ ئەو حاڵەتە لە هەلومەرجێکی سرووشتییەوە بگوازێتەوە بۆ هەلومەرجێکی مەدەنی و ئینسانی.

مرۆڤی کورد لە دەرەنجامی چەوسانەوەیەکی سیستەماتیکی مێژوویی لە لایەن دژبەرانییەوە، بە جۆرێک لە قەناعەت گەیشتووە، کە لە توانایدا نییە ببێتە خاوەنی دەوڵەت و سەروەری خۆی و دواجار دەبێ لە حاڵەتی سرووشتی خۆیدا، کە بێ دەوڵەتی و نەبوونی توانای خۆبەڕێوەبەرییە، بمێنێتەوە. ئەرەستۆ لەمبارەوە سەرنجێکی بەپێزی هەیە، کە پێی وایە ئەوانەی بەو قەناعەتە گەیشتوون سرووشتییەن نابێ دەوڵەتیان هەبێ، لە ریزی ئاژەڵانن. چونکە ئەوە

تەنیا ئاژەڵ و گیاندارانی بێ ئاوەزن، بە هەلومەرجی سرووشتی خۆیان رازین و لە چوارچێوەی سنووری غەریزەکانیان هەڵسوکەوت دەکەن. کۆمـار هـەم دەیـەوێ ببێتـە خـاوەنی دەوڵـەت و لـە هەلومـەرجی سرووشتی دووربکەویتەوە و هەم دەیەوێ بە هەلومەرجی یەکسانی ئـەوانی تـر بگـات وچیدیکـە لـە پـەراویزی میـژووی ئـەوانی تـردا نەمێنێتــەوە. وردەکارییــەکانی پێکهاتــەی دەوڵــەتی کوردســتان و کارووچالاکییەکانی ئەو یازدە ئەمەمان بە روونی بۆ دەسەلمێنن.

٩

دامەزرانــدنی کۆمــاری کوردســتان وەک ئــەنجامی پرۆســەیەکی عـەقڵانی میژوویـی، هـەر لـە گۆڕینی پێکهاتـەی کۆمەلـەی ژیانـەوەی کـورد بـۆ حیزبـی دیمـۆکرات و دواتـریش دروسـتبوونی کۆمـاری دیمـۆکراتی کوردسـتان، ئـەوەمان دەهێنێتـە نـاو زەینـەوە، کـە ئـەم پرۆسـەیە بەرهـەمی بیرتیـژی دامەزرێنەرانییـەتی، بـە تایبـەتی لـە تیگەیشتن لـە میکـانیزمی پیشخسـتنی میـژوو و فـۆرمی باڵادەسـت و گەشەسـەندووی ئـەو میـژووە، کـە دواجـار لـە چ فۆرمێکـدا رەنـگ دەداتـەوە و دەبێتـە فـۆرمێکی بێ رکابـەر، لـە رێکخسـتنی پێکهاتـەی هـزری و رەفتـاری مرۆڤـەکان و دەوڵـەتان. دیمۆکراسی. دیمۆکراسـی وەک بەرەنجامی میژووی ئەزموونی مرۆڤ لـە تاقیکردنـەوەی هـزر و بیـر و سیسـتەمە جیاوازەکـان، لـە ئێسـتادا خـۆی وەکـو تـەنیا فـۆرمی پێویسـت بـۆ گـەرەنتی کردنـی پێشـکەوتن وخولقانـدنی داهاتوویـەکی گەش و بەرجەستەکردنی ئازادی مـرۆڤ، نوانـدووە. ئەمـە بـە مانـای

ئەوە نییە دیمۆکراسی هەڵگری کیشە نییە، یان بە تەواوی دەتوانی حەز و خولیا و ئاواتەکانی مرۆڤ لە خۆیدا بەرجەستە بکات و تەنیا فۆرمی تاقانە بێت، بەڵکو بەو مانایەیە، بەسەرنجدان لە ئەزموونی مرۆیی و تاقیکردنەوەی هزر و بیرە جیاوازەکان، تەنیا سیستەمی سەرکەوتووە و لە ئێستادا ئاڵتەرناتیڤێکی جدی بۆ نییە. بۆیە حەتمیەتی دیمۆکراسی تا هەنووکە شتێکی بەڵگە نەویستە و ئامانجی و خواستی زۆرێک لە بزاڤ و ڕێکخستنە مرۆییەکانە بۆ بەدیهێنانی داهاتوویەکی گەشی بێ چەوساندنەوە. تەنانەت ئەوانەشی کە دژی دیمۆکراسی و ئازادین، لەوە گومانیان نییە، کە دواجار دیمۆکراسی دەبێ فۆرمی کۆتایی و گەرەنتیکەری مانەوەی دەسەڵاتیان بێ، ئەگەرچی ئێستاش کار بە بنەماکانی ناکەن. ڕاپەڕینی گەلانی زوڵملێکراو بە دژی سیستمگەلی داخراو و هەوڵدانیان بۆ پەڕینەوە بەرەو دیمۆکراسی(تا ئەم دواییانەش)، نمونەیەکی زەقە بۆ ئەوەی کە لە ئێستادا دیمۆکراسی تەنیا هزر و سیستەمی شکڵپێدەری دەسەڵاتە، کە دەتوانێ بەهای مرۆڤ و ئازادی بەرز ڕابگرێ( لەوانەیە لە داهاتووشدا هەر وابێ).

ڕەنگە باسکردن لە دیمۆکراسی و نیشاندانی باوەڕ هەبوون بە دیمۆکراسی تەنیا بە قسە کارێکی زۆر ئەستەم نەبێ و لە ڕاستیشدا نییە. هەروەکو چۆن ئێستا بە پانەوە دەبیستین و دەبینین، چۆن تەنانەت دژبەرترین سیستەمەکانی دیمۆکراسی و، ئازادی خنکێنترین وڵاتان، باس لە دیمۆکراسی دەکەن و سڵ لەوە ناکەنەوە، خۆیان بە دیمۆکرات بناسێنن. ئەمە ڕوویەکی مەسەلەکەیە، بەڵام ئەوەی کە

جەوهــەری مەســەلەکە دەردەخــات و ڕادەی باوەڕهــەبوون بــەو چەمەکە نیشاندەدا، دەروەستی کردەییە بە بنەماکانی. لەم سۆنگەیەوە و لـەو شـوێنەوە کـە دیمۆکراسـی دەبێتـە بەشـێک لـە میکـانیزمی ڕێکخستنی کۆمـەڵگا و دینـامیزمی گەشـەی مێژوویی، بۆیـە هاوکـات لەگـەڵ باوەڕهـەبوونی تیـۆری، وەکـو کردەیـەکی ئـەخلاقیش خـۆی دەنـوێنێ. لێرەوەیـە کـە دێمۆکراسـی چیدیکە نـاتوانێ وەکـو درووشم، سـەلمێنەری بـاوەڕی زۆرێـک لـەو خەڵکانـە بێـت، کـە خۆیـان بـە دیمۆکرات دەناسێنن.

ئــەزموونی دامەزرانــدنی حیزبــی دیمــۆکرات و دواتــر کۆمــاری کوردستان بە کۆمـەڵێک خەسڵەتی دیمۆکراتیـک، کـە لەگـەڵ پێوانـە ئەورۆییــەکانی دیمۆکراســیدا دەگــونجێن ولــە ریــزی بنــەما جەوهەرییەکانی ئەو سیستەمەن، ئەوە دەردەخا، کە کۆمار خـاوەنی ڕوانگەیــەکی عــەقڵانی و ســێلێکتیڤ بــووە، کــە لــە نێــو هــەموو ئەزموونەکانی دیکە و لەو سەردەمەی کە گەرمـەی بـاوەڕی چـەمک و بـەها جیاوازەکـان بـووە، لـە لایـەک نـەریت و ئـایین و کولتـوری کۆمەڵایەتی ناوچەیی، لە لایەکەوەسۆسیالیزم و کۆمـۆنیزم و ....هتـد، بـەڵام دیمۆکراسـی هەڵـدەبژێردرێ و نـەک تـەنیا لـە قـاڵبی تیزێـک، بەڵکو وەکو کردەیەکی ئەخلاقی لە ناو کۆمەڵگادا جیبەجێ دەکرێ و بناغـەی کۆمـەڵگا و ئـەزمونێکی ئاسـتبەرزی ئـەورۆیی پیشـان دەدا. کۆمـار بـە هـزری دیمۆکراتیـک و بـە عەقڵیـەتی ڕەخنەگرانـە و بـە شارەزایەکی بەرز لە دینامیزمی بەرەوپێشبردنی میژوو، لەچاو زۆرێک لە ئەزموونەکانی ناوچەو دنیاش، حەتمیەتی دیمۆکراسی دەسەلمینێ

و پێی وایە کە ئەم سیستەمەیە، دەتوانێ گەشینەرەوەی کۆمەڵگا و بەرجەستەکەری ئازادی و بەدیهێنەری ژیانێکی خۆش بێت بۆ مرۆڤایەتی. ئەم تیڕوانینەو کردەیی کردنی، ئەمڕۆ باوەڕبەخۆبوونێکی مێژوویی بەخشیوە بە تاکی کورد. باوەڕبەخۆبوونێک کە کۆتایی بە تیزی دەستبەتاڵی و بێدەسکەوتی مرۆڤی کورد لە مێژوودا، لە رووی نەتوانینی بەرجەستەکردنی رۆحی مێژوویی، دەهێنێ. ئەگەر بێت و لەم نێوەدا، روانگەیەکی بەراوردکارانە بۆ تێفکرین لە گەشەی کۆمەڵگاکان و ئاسۆی روانینیان و ئاوەزمەندی سیاسی بێتە کایەوە، کۆماری کوردستان دەتوانێ ئەو خاڵە بێت کە ئەوانی تر، ئیرەیی پێ ببەن و بنەمای هەلسوکەوت و رەفتاری خۆیانی لەسەر دابڕێژن. لیرەوەیە کە مرۆڤی کورد چیدیکە مرۆڤێکی دەستەوەستاوی بێ ئیرادەو خاوەن فکر نییە، بەڵکوو پیچەوانەکەیەتی و، دواجار مرۆڤێکە کە مێژوو دەخولقێنێ.

۱۰

ئەگەر کۆی ئەو لێکدانەوانەی سەرەوە، لە سەر نموونە گەشەکانی کۆمار بووبن و لە هەوڵی ئەوەدا بوون، کە روون بکەنەوە گەورەیی کۆمار و کاریگەری لە سەر سەردەمانی دوای ئەو ئەزموونە چییە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەزموونی رووخانەکەی بۆ خۆی رەهەندێکی دیکەیە، کە پێویستە سەرنجی بدەینێ. لێرەدا باس کردن لە رووخانی کۆمار و کۆتایی کۆمار نییە، ئەوەندەی باسکردنە لە دەرخستنی کەلێنی ناو نەتەوەیەک کە دواجار دەتوانێ ئەزموونە باڵاو

گەشەکانی بخاتە بەردەم مەترسییەوە. گەورەیی کۆمار لەوەدا نییە کە تەنیا شتە پۆزەتیڤەکانی ناو مێژووی خۆیمان بۆ باس دەکا، بەڵکو هاوکات ئەوەشمان پێدەڵێ کە نەخۆشییە سەرەکییەکە لە کوێیە.

وەکو پێشتر گوتمان، هیگڵ پێی وایە کە تەنانەت ناخۆشترین و خراپترین ئەزموونەکانی مێژووش، جۆرێک لە عەقڵانییەتیان تێدایە. ئەم ئەزموونانە دەتوانن رێگە بۆ سەرکەوتنی مرۆڤ و گەیاندنی مرۆڤ بە کەناری ئارام، خۆش بکەن. ئەم ئەزموونە ناخۆشانە دەتوانن وزەی نێگەتیڤی ناو بوونی کۆمەڵگا بن، کە بە دەرکەوتن و تەواوبوونیان، کۆمەڵگا لە گەیشتن بە کۆتایی ئارامی خۆی نزیکتر بکەنەوە. یان دەتوانن هەلێک بن بۆ تاقیکردنەوەی رێگاکانی سەرکەوتن. رووخانی کۆماری کوردستان و ڕادەی کاریگەری فاکتەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، بۆ خۆیان بەشێکن لە رۆحی فەلسەفی ئەو ڕووداوە و دەشێت بەشێک بن لە وانە فێرکەرەکانی کۆمار.

ئەوەی لێرەدا زۆر جێگەی سەرنجی منە، مەسەلەی کاریگەری فاکتەرە دەرەکییەکان نییە، بەڵکو کاریگەری فاکتەرە ناوخۆییەکانە، کە بە پێی گێڕانەوە مێژووییەکان رۆڵێکی کاریگەرییان لەسەر نەک تەنیا رووخاندنی کۆمار بووە. بەتایبەتیش لە هەموویان زیات، زاڵبوونەوەی هزری عەشیرەتگەری و بیری خێڵەکییە. بیری خێڵەکی بیرێکی کەم مەودایە و زۆرتر تاکتیکی بیردەکاتەوە و چوارچێوەی سنوور و بەرژەوەندییەکانی زۆر بەرتەسکە، بۆیە بە ئاسانی مرۆڤ دەتوانێ بەسەریدا زاڵ بێ. مەودای کەمی تەمەنی کۆمار لە لایەک

و نەبوونی توانای بیرکردنەوەی درێژخایەن لە لایەن سەرۆک خێڵ و عەشیرەتەکانەوە، کارێکی وایان کرد کە گەشەی بیرکردنەوەی خێڵایەتی نەتوانێ بێهێز بکرێ. بەڵام ئەمە ناتوانێ لە کاریگەری کۆمار و دەسکەوتە مێژووییەکانی کەم بکاتەوە. یەکێک لە گەورەترین دەسکەوتەکانی کۆمار، ئاشکراکردنی زیاتری ئەو وانەیە بووە، کە رۆحی نەتەوەیی دەبێ جیگگیر بکرێ و ئەم رۆحە نەتەوەییە لە ناو دڵ و دەروونی تاکەکاندا بەرجەستە بێت و ببێتە بەشێک لە ناسنامەی کۆمەڵگا و تاک. کۆمار پێی گوتین تا ئیستاش گەورەترین خۆرە بۆ سەروەری نەتەوەیی، زاڵبوونی هەستی عەشیرەتگەری و خێڵەکییە. ئەگەرچی کۆمار بە ئەرکی مێژوویی خۆی هەستا و هەوڵیدا ئەو رۆحە نەتەوەییە بەدی بێنێ و بیکاتە بەشێک لە بەرنامە و پلانی خۆیشی و لە کەناڵی جیا جیاشدا رەنگی پێدایەوە. خۆ ئەگەر کۆمار لە ماوەی ئەو یازدە مانگەدا ئەو رۆحە نەتەوەییەی بەرجەستە نەکردبا، دەسکەوتەکانی بەوشێوەیە نەدەبوون و ئاستی کاریگەری و گواستنەوەشی بۆ سەردەمانی دواتر ئەوەندە نەدەبوو و دواجار وەکو هەر ڕووداوێکی دیکە، رەنگە بە گەورەیی ماباوە، بەڵام نەیدەتوانی بەرجەستەکەری رۆحی مێژووی نەتەوە بێ.

کاریگەری هزری بەرژەوەندیخوازی عەشیرەیی و خێڵەکی لە رووخانی کۆمارێکی دیمۆکراتدا، بەو هەموو کارە جوان و پێشکەوتووانە، وانەیەکی هەرە گرنگە. وانەیەک کە پێمان دەڵێ پاشنەی ئەشیلی شکستی زۆرێک لە راپەڕینەکانی کورد، هەبوونی هزری عەشیرەیی و خێڵەکییە. ئەمە وە نەبێ بە رووخانی کۆمار

کۆتایی پێهاتبێ، بەڵکو بەداخەوە تا هەنووکەشی لەگەڵدا بێ، لە فۆرمی جیاجیادا، خەریکە هەلەکانی گەیشتن بە ئاواتی لەمێژینەی کورد پوچەڵ دەکاتەوە.

**١١**

کۆماری کوردستان وەک ئەزموونێکی درەوشاوەی مێژوویی، تەنیا ڕووداوێک نییە، کە لە کاتی خوێندنەوەی مێژوودا بەرەوڕووی ببینەوە، بە پیچەوانەوە ئەم کۆمارە بە سەرنجدان لەو تایبەتمەندییانەی کە لەسەرەوە باسمان کردن، ڕۆحی مێژووی کوردە و هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵمانە. بەزاندنی سنووری زەمەن و ئۆگری تاکەکانی ئەم سەردەمە بۆ کۆمار، زۆر لەوە زیاتر کە تەنیا وەک ڕووداوێکی مێژوویی و بە ئەبستراکتی چاوی لێبکەین. هزر و بیرکردنەوەی سیستەماتیک، باوەڕهەبوون بە بکەریی مێژوویی، باوەڕهەبوون بە یەکسانی لەگەل ئەوانی تر، باوەڕ هەبوون بە دیموکراسی لە تیۆر و پراکتیکدا، بەدیهێنانی ئەزموونێکی نایابی حوکمڕانی، هەوڵدان بۆ پەروەردەکردنی تاکێکی ئازاد و بەرجەستەکردنی ڕۆحی نەتەوەیی لە هەموو بوار و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان، گرنگترین ئەو ڕەهەندانەن، کە کۆماریان لە میشک و بیری نەوەی نوێدا، هەروا بە زیندوویی هێشتووەتەوە.

لە ڕاستیدا کۆماری کوردستان دەقێکە، کە تا هەنووکەش توانای تێرکردنی ئاسۆکانی چاوەڕوانی ئێمەی هەیە. بۆیە تا لە بەرزتر لە خۆی وەک ڕووداوی سەردەمێکی نێژوویی لێی بڕوانین، وانەی نوێی لێ فێردەبین...

تیشک

# کۆماری کوردستان و
# حەماسەی بەنەتەوە بوونی گەلی کورد

مەجید حەقی

کۆماری کوردستان چیرۆکی خەونی نەتەوەیەکە. نەتەوەیەک کە خـۆی بەو شـێوەیەی کە لە بەیـانیەی دامەزرانـدن و ئامانجەکـانی کۆمـاری کوردسـتاندا بینیـوە و خـۆی بە جیهـان ناسـاندوە. ژیـان و مردنـی، شکسـت و سـەرکەوتنی، شـادی و ئازارەکـان، ئـاوات و چارەنووسـی خـۆی لە ڕەمـز و ئاواتەکـانی کۆمـاری کوردسـتاندا دەبینێتەوە. ئێستاش کە زیاتر لە حەفتاساڵ بەسەر کۆمارە ساواکەدا دەگوزەرێـت، ئێسـتاش کە کـورد خـاوەنی ئەزمـوونی باشـووری کوردسـتان و خۆبەڕێـوەبەری و کانتۆنەکـانی ڕۆژئـاوای کوردسـتانە، هەروا کۆماری کوردستان بە نوێنگەی خەونەکانی نەتەوەیی خۆی و بەدەوڵەتبوون دەزانێت. لەو ڕۆژەوە کە کۆمارە ساواکەی کوردستان لە لایەن داگیرکەرانەوە هەرەسی پێهێنـرا تـا ئەمڕۆش لە گەڵ بێت، چیرۆکی خەونەکانی بەسەر نەهاتووی کۆمار، وەسیەتی پێشەوای دامەزرێـنەری کۆمـاری کوردسـتان لە گەڵ دڵ و زار و ئەدەبـی خەڵکـی کوردسـتان تـێکەڵ بـووە و وێـنەی کۆمـاری سـەربەخۆی کوردستان لە تابلۆی هەموو خەونەکانی گەلی کورددا نووسراوە.

تا ئێستا لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو ڕەمز و ڕازانـە کـراوە و شی کـرانەوەی جۆراوجـۆر بـۆ هـۆی پیـرۆزی دووی ڕێبەندان لە لای گەلی کورد کراوە. کۆماری کوردستان وەک خاڵی وەرچەرخـانی خەبـاتی نەتەوایەتـی و بەدەوڵەتبـوونی گەلـی کـورد و بزاڤـی بەرێکخراوەیـی و دامەزراوەیـی کـردن بـۆ ئەوەی دەبـێ لێکـۆڵینەوەی زیـاتر لەسـەری بکرێـت و فەلسـەفەی دووری لە

توندوتیژی ئەو کۆمارە و پێشەوا قازی محەمەد بۆ نەوەی ئەمرۆ و داهاتوو شی بکرێتەوە و بکرێتە بنەمای خەباتێکی مەدەنی و بزاڤێکی شارستانی. کورد بە درێژایی مێژوو پرسەکانی خۆی چ پرسی ناوخۆیی بێت و چ پرسی پێوەندی لە گەڵ دەوروبەر لە ڕێگای توندوتیژیوە چارەسەری کردووە یا خود ناچار بە پەنابردن بە توندوتیژی بووە.

بە بروای نووسەری ئەو دێرانە تایبەتمەندیەکانی ئەو حەماسە نەتەوەییە لە "باوەر"، "بزاڤ"، "هەڵوێست" و "جیهانبینی بەرفراوانی" خوڵقێنەرانی کۆماری کوردستان سەرچاوە دەگرێت و کۆماری کوردستان بە هەموو کەموکۆریەکانی خۆی "تەواویەتی خەونەکانی نەتەوەی کورد"ی لە خۆیدا وێنا کردبوو.

لەو وتارەدا هەوڵی نووسەر ئەوە دەبێت بەرخودانی بێ توندوتیژی قازی محەمەد وەک یەکەم سەرۆک کۆماری مێژووی کوردستان و ئەزموونەکانی بۆ ئەمرۆی خەباتی رزگاری خوازانەی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان باس بکرێت. دەمهەوێ بزانم "کردەوە" و "کارکردی" تاکەکەس لە خوڵقاندنی حەماسەیەکی نەتەوایەتی دا چۆنە؟ و ئەو "کردەوە" و "کارکردە"ی لە رووداوێکی حەماسی دا چۆن جێبەجێ دەبێت؟ و هەرکام لە رووداوەکان لەو حەماسەیە گەورەیەدا چ "تایبەتمەندی"یەکیان هەیە؟ کام لە رووداو و کەسایەتیەکان زۆرتر نوێنەری ئەو "تەواویەتە" دەکات؟ پێوەندی بەرامبەر و تەواوکەری نێوان ئەو "کردە" و "ڕووداو" و "هەلومەرج" و ڕێکخستنی

ئەنـــدامانی ئەو چـــۆنە؟ ســـەرئەنجام ئەوە کە حەماســـەی دووی ڕێبەندان لە سەر چ بنەمایەکی نەتەوەیی دامەزراوە؟

لە هەمـوو مێـژووی کـوردا "یەکیەتـی" و "پارادۆکسـێک' لە بەرچـاو دەکەوێـت کە تایبەتمەنـدیەکی سـەرەکی و جێـی سـەرنجی خەبـاتی نەتەوەی کوردە. هیچ قۆناغێکی خەباتی رزگاری خوازانەی نەتەوەی کورد نیە کە شاهیدی خیانەت و دەستی دزێوی ناوخۆیی نەبێت. ئەو یەکیەتی و پارادۆکسە یا لە هەڵسوکەوتی قارەمانەکانی مێژوویی کـورد دا دەبینـدرێت یـا خـود لە چـۆنیەتی ڕووداوەکـان و بە گشـتی تایبەتمەندی مێژووی کورد لەو دوانەدا خۆ دەناسێنێتەوە.

ناسینی ئەو مـژارە دەبێتە هـۆی ئەوەی کە گرێکوێرەی شکسـت و دارمانەکـانی نەتەوەیـی خۆمـان چـاکتر هەسـت پـێ بکرێـت و نەشـتەرگەری ئەو نەخۆشـیە قـووڵە کـۆلێکتیڤەی کۆمەڵایەتیمـان بکرێت. لەو رووەوە رەهەندێکی دیکەی پێویستی ناسینی حەماسەی دووی ڕێبەنـدان گەڕان بە دوای ئەو "یەکیەتـی" و "پـارادۆکس"ەیە. ژیـــانی پێشـــەوا و فەلســـەفەی پەرێـــزی لە تونـــدوتیژی وەک ئەستوورەیەکی نەتەوەیـی و ڕێبـەری بـایەخە هاوبەشـەکانی کۆمـاری کوردستان پێویستی بە لێکۆلینەوە و ورد بوونەوەیەکی مـرۆڤ ناسانە و دەروونناســی سیاســەت و ڕێــبەری لە رۆژهەڵاتــی ناوەراســتی شەرەنگێزدا هەیە. هەموو ژیانی پێشەوای کوردان لە پلەی ڕێبەر و پێشـــەوایەکی پێگەیشـــتوو، دووربـــین و ژیـــر و بەمشـــوور لە رۆژی یەکەمەوە تا کۆتایی پێویستی بە پێداچوونەوە و هەمیشەیی کردنە بۆ نەوەکانی داهاتوو و ئاوەدان کـردنەوەی ستوونەکانی بەهێـزی بیـری

نەتەوایەتی پێشکەوتوو. لەو وتارەشدا هەوڵ ئەوەیە کە "یەکیەتی" و "پارادۆکسەکان" شی بکرێنەوە. لە راستیدا رەمزی تەواویەتی خەباتی رزگاری خوازانەی گەلی کورد لە پێکەوە ژیانی ئەو دوو شت دژ بەیەکە واتە "یەکیەتی" و "پارادۆکس"ەکاندا خۆی دەبینێت و هەر جارە بە شێوازێکی جیاواز پارادۆکس و دژایەتی دەبنە هۆی هەڵوەشانەوەی لووتکەی هیواکان.

هەرکام لە ڕووداوە مێژووییەکانی کوردستان لە شوێنی خۆیدا بوونەتە هۆی گەشەکردنی هزری نەتەوایەتی و پێکهێنەری قەوارەی "زێهنی" مرۆڤی کورد لە تەواویەتی خۆیدا. جا ئەو تەواویەتە لە سەر بنەمای چیرۆکی ئەستوورەیەکی مێژوویی بنیات نرابێت یا خود بەشێک لە زێهنیەتی ئایینی و پێوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی حاکم بە سەر ئەو سەردەمە بێت. ئەوانە هەموویان پێکەوە دەستیان لە دەستی یەکتر ناوە و شکڵیان بە جیهانی زێهنیی مرۆڤی کورد بەخشیوە. لەو ڕووەوە کاتێک مێژووی خۆمان دەخوێنینەوە لەوانەیە ئەفسانەی مەم و زین باشترین شێوە ئاوات و خۆزگە و ویستەکانی نەتەوایەتی گەلی کورد لە هێمای خۆشەویستی مەم بۆ زین شی بکاتەوە و پارادۆکسی دژبەیەکی و خیانەتیش لە هەمان چیرۆکدا لە خیانەتی "بەکۆ" دا وێنا دەکرێت کە نەتەنیا دەبێتە هۆی لەناوچوونی مەم و زین بەڵکوو دەبێتە هۆی تێکرمانی بنەماڵی کورد و خۆشەویستی جێگای خۆی بە تۆڵەسەندنەوە و دوژمنایەتی دەبەخشێت. شمشێری خیانەت و دژایەتی هەرگاف سێبەری هەڕەشەئامێزی بەسەر کورددا کێشاوە و لەبەرامبەردا شۆرشگێران و

خەباتکارانی ڕاستەقینە پێشەوا ئاسا وانەکانی بەچۆکداهێنانی مەرگ و شەڕی گەورەی لە بەرامبەر هەستی تۆلەسەندنەوە و ئیگۆیزم و پێویستی خوڵقاندنێکی نوێ و حەماسەیەکی زیندوو لە مێشک و باوەری کوردان زیندوو دەکەنەوە.

کۆماری کوردستان لەو ڕوانگەیەدا وێنەیەک لە یەکگرتنەوەی بیرو هزەرەکانی پێوەندیدار بە خوڵقاندنی حەماسە، دان و ستاندنی بیرو ئەندێشەی کۆمەڵایەتی و سازانی چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا، پێکهێنانی پارسەنگی هێز لە گەڵ هاوسێکان و خوڵقاندنی کەشی یەکتر قبوول کردن، دامەزراندنی فەلسەفەی پێکەوە ژیانی فرەڕەهەندی و فرەکولتووری و خوڵقاندنی بیرۆکەی ڕێز لە کەرامەتی مرۆڤی گرتن و سازانی جیاوازیەکان لە ناو کۆمەڵگا و هاوسازی لە گەڵ هاوسێ و جیرانە هاوچارەنووس بەڵام رکەبەرەکانە.

مێژووی یازدە مانگەی کۆماری کوردستان ئاکام و وێنەی یەکگرتوویی و دژبەیەک بوون لە ناوەوە و دەرەوەی مرۆڤ وێنا دەکەت و ئاکامی وێک کەوتن و بەگژدایەکتر چوونی کۆمەڵایەتی – دەروونی کورد لەو دوو جەمسەرەی "یەکیەتی" و "پارادۆکسالیە"دا دەبیندرێ.

بڕیاری شەڕ نەکردن لە دوایین ڕۆژەکانی هێرش بۆ سەر کۆماری کوردستان، هەڵسوکەوتێکی دەروونی لە بەمشووری و ڕەوشی مرۆڤ دۆستانەی ڕێبەری کۆماری کوردستانە و لێگەرەکانی دەروونی ڕێبەرێک لە بەرامبەر حەقیقەت و ڕاستیەکی کردەوەیی دەسەلمێنێت. حەقیقەتێک کە ژیانی خۆی دەکاتە ئامانج.

شەڕی گەورەی پێشەوا لە گەڵ ویستی خۆی وەک مرۆڤێک کە خوازیاری ژیانە، گەورەیی زیاتر بە حەماسەی دووی ڕێبەندان و سوێندی قازی دەبەخشێت. پێشەوا داوای مەلا مستەفا و هاوڕێیانی دیکەی بۆ هەڵاتن و بەجێهێشتنی مەهاباد ڕەد دەکاتەوە و بەوە نەبەردێکی حەماسی لە گەڵ ویستی خۆڕزگار کردن و پەنابردن بۆ هەندەران و مانەوەی وێنای عیسای مەسیح و بوون بە قوربانی بۆ ئەوەی گەلەکەی ببەخشرێت دەست پێ دەکات و سەر ئەنجام پێشەوا ڕێگەی دووەم هەڵدەبژێرێت و دەبێتە قارەمانی داستانی خەونەکانی نەتەوەی کورد.

ئەم وێنە بەرز رەوشتانە، دەروونی و فەلسەفیەیەی پێشەوا و بەگشتی پێگە و جۆری هەڵسوکەوتی لە دوایین ڕۆژەکانی ژیانی کۆماری کوردستاندا حەماسەی دووی ڕێبەندان و فەلسەفەی کۆماری کوردستان و ژیان لە پێناوی ئامانجدا دەکاتە بەردی بناغەی بەها لەبڕاننەهاتووەکانی خەباتی نەتەوەی کورد بە نەوەکانی داهاتوو. ژیانی پێشەوا و دواساتەکانی کۆماری کوردستان حەماسەی نەتەوەیی و داستانی شکۆی مرۆڤێکە کە دواتر دەبێتە ئەستوورە و رەمزی مێژوویی نەتەوەی خۆی. لە نێوان ئەستوورە و مێژوودا پانتاییەک هەیە کە لە تەنگەژەکان، بیروهزرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، ئەندێشەی هەستیی و ئاواتی کۆمەڵایەتی مرۆڤی کورد لەوانەیە بە جوانی لەو دووانەدا ببیندرێت. حەماسەی دووی ڕێبەندانیش لە جێی خۆیدا بۆ نەوەی ئەمرۆ و داوڕۆژ ئاوێتەیەکە لە خەباتی ئەفسانەیی خەڵکی کوردستان دژی داگیرکەرە یەک لە

دوایەکان، کولتووری بەرخودان و مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوە. کەوابوو مێژووی کورد نابێ لە گەڵ چیرۆکە حەماسیەکان بەهەڵە لێک بدرێتەوە. حەماسەی مێژووییەکانی کورد لە سنووری وێک گەیشتنی هەستە هاوبەشەکان و ئەندێشەی یەکگرتوویی مرۆڤ لە ناسینی جیهانی دەوروبەری خۆیدا سەری هەڵداوە. بەڵام ئەو حەماسەیە کورت خایەن بووە و لە چرکەیەکدا هەموو دیوارەکانی هیوای مرۆڤی کورد ڕووخێنراوە.

**واتای حەماسەی نەتەوایەتی:**

حەماسە چیرۆکێکی درێژ لە بارەی کردار و خۆ و رەوشتی کەسایەتی و پاڵەوانانی مێژوویی و ڕووداوەکانی رابردوو و جێی شانازی نەتەوەیەکە. بۆ زۆر لە نەتەوەکان چیرۆکی ئەم حەماسانە دەگەرێتەوە سەدان ساڵ لەمەوبەر. بۆ خەڵکی فەرانسە شۆرشی گەورەی فەرانسە لە (١٧٨٩ – ١٧٩٩) بوو بەهۆی ئاڵوگۆری بنەڕەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە مێژووی فەرانسە و ئورووپا وەک حەماسەیەکی نەتەوایەتی و خاڵگۆرانی مێژوویی دەبینرێت. ئەو شۆرشە کە بە دایکی زۆر لە شۆرشەکانی دوای خۆی لە جیهاندا ناسراوە بوو بەهۆی ڕووخانی پاشایەتی فەرانسە و دامەزرانی کۆماری لائیکی فەرانسە. دوای شۆرشی فەرانسە قەوارەی کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری و حکوومەتی فەرانسە کە بەرلە شۆرش پاشایەتی و لە سەر بنەمای دەرەبەگایەتی بوو، گۆرانی بنەڕەتی بەخۆیەوە بینی و سەرەتا لە سەر بنەمای ئیمپراتۆری سەربەزی و

دواتـــر بە شـێوە جۆراوجۆرەکــان لە ســەر بنەمــای ئیمپریــالیزم و کۆلۆنیــالیزم و ســەر ئەنجــام کۆمــاری دیموکراتیــک و لاییــک و گەشـەپێدانی مـافی شـارۆڤەندی گەشـەی کـرد. لە گەڵ ئەمەش بە پێچەوانـی کۆمـاری کوردسـتان گۆرانکارییەکـان بە گۆرانکارییەکـانی تونـدوتیژانە کە بریتـی بـوو لە لەسـێدارەدان و سـەرکوتی دژبەرانـی شۆرش بوو. دوای شۆرشیش ڕووداوەکانی وەک شەرەکانی ناپلێۆنی و هەوڵـدان بـۆ گەڕانەوەی ریژیمـی پاشـایەتی ئەو ڕووداوانە بـوون کە شـوێندانەر بـوون لە ســەر گەشــەکردنی ئەم وڵاتە و تـا ئەوەی کە فەرانســە ببێــتە ئەو وڵاتەی کە ئەمــرۆ دەناســرێت: کۆمــارێکی دێموکراتیک، گەشەکردوو و ئەندامێکی دینامیکی یەکیەتی ئورووپا و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی.

بۆ زۆر لە ئێمە گەلانی نیشتەجێی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و وشکەرۆ (فـلات)ی ئێـران چەنگیـز خـانی مەغـول سـەمبۆلی کوشـت و بـڕ، مالوێرانی و داگیرکردنە. بۆ خەڵکی موغولیستان چەنگیزخان قارەمانی ئەفسـانەیی و بـاوکی نەتەوایەتـیە کە وێـنەکەی لە سـەر دراوی ئەو وڵاتە و پەیــکەری لە زۆربەی شــارەکانی موغولســتان ســاز کــراوە. چەنگیزخـان کەسێک بـوو کە بە زەبـری شمشـێر نەتەوەی موغـولی پێـک هێنـا، هـۆز و عەشیرەتەکانی پێکەوە نـا و سـەر ئەنجـام بـوو بە هۆی بنیاتنانی نەتەوەیەک کە ئەمرۆ خاوەن دەوڵەت و کیانی سیاسی خۆیە.

سـەرەڕای تەمەنـی کـورتی کۆمـاری کوردسـتان جیـاوازی کۆمـار لە گەڵ نموونانەی سەرەوە باسکراو ناوەرۆکی هومانیزم و مرۆڤ دۆستی

ئەو کۆمارە بوو. دوای سەرکەوتنی شۆرشی مەشرووتە لە ئێران توندوتیژی سیستماتیک بوو بە بەشێک لە فەلسەفەی حکوومەتی ناوەندی. لە سەر بنەمای دستووری مەشرووتە باسکردن لە ناسنامە خۆجێیەکان و کولتوور و ناسنامە جیاوازەکان وەک پرسێکی "هێمنایەتی" سەیری لێ دەکرا و بۆیە گەشەکردن و خوێندن بە زمانی زکماکی نەتەوەکانی دیکە وەک هەڕەشەیەک لەسەر هیمنایەتی لە ئێران بینراوە و هەموو داخوازە نەتەوایەتیەکان لەو سۆنگەیەوە هەڵوێستی دژی گیراوە. لە بەرامبەردا لە سەردەمی کۆماری کوردستان ئاسووریەکانی دانیشتووی کوردستان مافی پەروەردە بە زمانی زکماکی خۆیان هەبووە.

کەوابوو گرینگی و بایەخی ئەو ڕووداوە مێژووییە تایبەتمەندی مرۆڤ تەوەر، کۆماری کوردستانە کە ئاوات و ئەندێشەکانی نەتەوایەتی گەلی کورد دەکاتە تایبەتمەندیەکی بەرز و جێگای شانازی.

سەرەڕای بوونی جیاوازی لە نێوان مێژوو و حەماسەی نەتەوە جۆراوجۆرەکان لە باری چەندی و چۆنایەتیەوە، ڕوودان و گێرانەوەیان لە لایەن خەڵکی ئەو وڵاتانە، دەکرێ لەنێوان ئەواندا هەندێک بواری هاوبەشیش بدۆزرێتەوە. وشیاری لە هەندێک لە حەماسەکاندا یەکێک لە تایبەتمەندیە هاوبەشەکانە، هەرچەند لەوانەیە لە حەماسەی نەتەوەیەکی دیکەدا، لەوانەیە رەهەندێکی دیکە سەنتەری ڕووداوەکان بێت.

**ئەو تایبەتمەندیە هاوبەشەکان دەتوانن بریتی بن لە.**

ئـا) هەر حەماســەیەک خـاوەنی ناوەنـدێکی بەرێـوەبەری یـان بە واتــایەکی دیــکە قارەمانــانی حەماســەکە هەیە. بەواتــایەکی دیــکە حەماســەیەکی نەتەوایەتــی خــاوەنی کەســایەتیەکی نەتەوەیــی کە نوێنەری بەها هاوبەشەکانی کۆمەڵگا لەو سەردەمەدا دەکات. وەکوو پێشەوا قازی محەمەد، گاندی، ماندێلا، مارتین لووتێر و......

ب) هەر حەماســەیەک خــاوەنی ئەندێشــەیەکی بەهێــزی وەک ئەندێشەی ئایینی و نا سروشتی، ئەخلاقی و سیاسی و جاری واشە مێژووییە، کە واتایەکی تایبەت بەو حەماسەیە دەبەخشێت. هەروەک حەماســەی نەتەوەیــی گەلــی کــورد لە پێوەنــدی لە گەڵ دووی ڕێبەندانـدا لە سـەر بنەمـای بـاوەڕ بە مـافە ڕەواکـان، مـافی دیـاری کردنی چارەنووس، ئازادی و دادپەروەری دامەزراوە.

ج) هەر حەماسەیەک خاوەنی ڕووداوی مەترسیدارە، کە یا هـۆ و بنەمــای بزاڤــی قارەمانــانی حەماســەکەیە یــا خــود ڕێکــخەری ڕووداوەکـانی نـاوەوەی ئەون یـا خـود بەشـێک لە ژیـانی قارەمانـانی حەماســــەکە پیوەنــــدی بەو ڕووداوەوە هەیە. وەک چیرۆکــــی بە ئەنـدامبوونی پێشــەوا لە کـۆمەڵەی ژ.کـاف، ڕاگەیانـدنی کۆمـاری کوردستان و کاتی چوونی پێشەوا بۆ بەر سێدارە.

د) لە هەر حەماسەیەکدا قارەمانانی حەماسەکە خاوەنی باوەرێکی قـووڵ بە ڕێبـازی خۆیـانن. وەک بـاوەڕی قـووڵی پێشــەوا بە مــافی سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان.

**ئـێمە دەتــوانین شــوێندانەری حەماســەی دووی ڕێبەنــدان لە ســەر گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتی و پێشڤەچوونی بایەخەکانی مرۆڤی ئەو حەماسەیە بەشێوەی خوارەوە کورت بکەینەوە:**

١ــ .دامەزراوەیـی کـردن و مـاددی کردنـی هەسـتی نەتەوایەتـی و ویسـت و ئـاواتی لە مێـژینەی گەل. ئەم پرسـە بەتـایبەت لە یەکەم قسـەکانی پێشـەوا قـازی مـحەمەد لە ڕۆژی دووی ڕێبەنـدان کـاتی ڕاگەیاندنی کۆمار دەبیندرێن.

٢ـ پێوەندی نێوان ویست و داخوازی خەڵک و حیزب و ڕێبەری

٣ــ شــوێندانەری هەڵکەوتــی جوغرافیــای کوردســتان لە ئاســتی نێوخۆی ئێران، ناوچە و جیهانی و پێوەندی ئەوان بەیەکەوە

٤ـ هەڵسوکەوتی تاکەکان و شوێندانەریان لەسەر ڕووداوەکان

٥ـ قەوارەی کۆمەڵایەتی و ڕەوشی ئابووری ئەوکاتی کوردستان.

٦ــ سیســتەمی کــۆمەڵایەتی و چوارچێــوەی بەرژەوەنــدیەکانی لە پێوەندی لە گەڵ کۆمار و ژینگەی ئابووری دەوروبەر

٧ــ پێشــخانی فەرهەنگــی و ڕۆشــنبیری کوردســتان لە ســەردەمی کۆمــار و شــوێندانەری کۆمــار لە ســەر گۆرانکــاری فەرهەنگــی ڕۆشنبیری کوردستان

شیکردنەوە و لیکۆلینەوە لە سـەر هەرکام لەوانە ئێمە بە قـووڵایی کۆمـار و کـارکردی کۆمـار و هەروەهـا ئەو وانـانەی کە لە کۆمـارەوە دەتــوانین فێــر بــین نزیکتــر دەکــاتەوە دەتوانێــت ببێــتە بنەمــای وێکگەیشتن لە سەر ویژگە مێژووییەکانی نەتەوایەتیماندا.

## فەلسەفەی بەرگری بێ توندوتیژی:

شکڵ و جۆری خەباتی رزگاری خوازنە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە وەک خۆی نەماوە. هەر قۆناغێک لە خەبات خاوەنی ڕێبەران و کەسانی بلیمەتی سەردەمی خۆیان بوون کە بە هەرجارێ لە جارەکانی پێشووی خۆی پێشکەوتووتر و گەشەکردووتر بوون. لە سەرهەڵدانی خانی لەپ زێرینەوە تا سمکۆی شکاک هەرکام لە رێبەران خاوەنی تایبەتمەندی تاقانەی خۆیان بوون کە بۆ سەردەمی خۆیان نموونەی پێشکەوتوویی، کۆکەرەوەی بایەخە هاوبەشەکان بوون. لەو رەوتەدا بوونەی ناوەندێکی دەسەڵات و بڕیاردان، ئاوات، رەوشت و شێواز و باوەری جۆراوجۆر شکل دەگرن و کە کارکردیان بەرلە هەموو شت لە سەر ناوەندی بزووتنەوەکان شوێندانەر بووە. بەواتایەکی دیکە ناوەندی ئەو بزاوانە وەک دەسەڵاتێکی بچووک نوێنگەی جۆرێک لە هاوسەنگی خۆجێی بووە و بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان بەشێک لەو دەسەڵاتە شکلی مۆدێرن و دەزگای دەوڵەتی بەخۆیەوە دەگرێت. پێوەندی نێوان دەسەڵاتی شۆرش، چ کورت ماوە بێت و چ درێژماوە یەکێک لە گرینگترین پرس و ئەنگیزەگەلێکە کە سێبەری خستۆتە سەر مێشکی مرۆڤی کورد. دەتوانین بڵێین شوێندانەری کۆماری کوردستان ئەوەندە بەهێز بووە کە سەرەرای هەموو کەموکۆریەکان و کێشە و بەربەستەکانی کۆمار نوێنگەی هەموو ئاواتەکانی نەتەوایەتی گەلی کوردە. کۆماری کوردستان کارکردێکی بە کورد ناساندووە کە سیستەمە

سیاسـیەکەش ئێسـتاش وەک شـکڵێکی پێشـکەوتووی دەسـەڵات دەبیندرێت.

واتـای ئەو پێوەنـدیە کاتێـک کە، پێشـەوا لە بەردەم دادگـای لەشکەری ڕێژیمی شادا ڕادەوەستێ زیاتر دەبێندرێت و حەماسەی دووی ڕێبەندان و پێوەندی ئەو بە گەشەکردنی مرۆڤی کورد جوانتر هەست پێ دەکرێت. چونکە پێشەوا بەو کردەوەی خۆی شێواز، جۆر و شکلێکی تازەی لە خەباتی ڕزگاری خوازانەی نەتەوەی کورد داهێنا کە لەمەوبەر لە مێژووی کوردستاندا نەبینرابوو.

جۆری هەڵسوکەتی سەرۆک خێڵەکان و ئەوانەی بەرلە ڕووخانی کۆماری تەسلیمی ڕێژیمی پاشایەتی بوون نیشانەی بوونی رەهەندی یەکگرتووخوازی و پارادۆکسی دوژمنانەی ناوخۆیی کورد نیشان دەدات. داخوازی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر لە وجوودی پێشەوا قازی محەمەد دەبێتە هۆی ئەوەی کە ناوبراو ببێتە ناونیشانی زۆرترین داخوازەکانی نەتەوەی کورد و نەیاران وەک مەترسیدارترین دوژمن سەیری بکەن.

هیچ مرۆڤێک بە هۆی تایبەتمەندی تایبەت بە خۆی لە لایەن نەیارانەوە هەڕەشەی لێناکرێت. دوژمنایەتی لە هەلومەرجێکی تایبەت پێک دێت. بەرلەوەی قازی محەمەد ببێتە پێشەوای کوردان بە هۆی بنەماڵەیی و پێشەی خۆیەوە نە تەنیا لە لایەن خەڵکەوە بەڵکوو لە لایەن دەسەڵاتداران و بەرپرسانی حکوومەتیش، جێگەی ڕێز و پێزانین بوو. سەرەنج ڕاکێش ئەوە کاتێک کە قازی محەمەد دەبێتە پێشەوای حیزبی دێموکرات و دواتر سەرۆک کۆماری

کوردستان، دەوڵەت بە تەواویەتی خۆی دوژمنایەتی پێشەوا دەکات و هەمـــوو هەوڵێـــک دەدەن بـــۆ لە نـــاوبردنی کەســـێک کە بە دامەزرانـــدنی سیســـتەمێکی دێموکراتیـــک و کۆمـــاری فەلســـەفەی پاشایەتی و حکوومەتی ناوەندگەرا دەخاتە بەر لێگەرێکی مێژوویی.

خۆشەویستی پێشەوا بۆ نەتەوەکەی دەبێتە هۆی ئەوەی کە تا سەر وەفادار بە سوێندی خـۆی بێت و بە خۆبەدەستەوەدان بە ئەرتەشی ڕێژیمی داگیرکەری پاشایەتی حەماسەیەکی هەتاهەتایی دەخوڵقێنێت و بەوە دەبێتە بەربەستی ڕێگای قەڵاچۆ کردنی خەڵکی کوردستان و سزای گشتی. پێشەوا قازی محەمەد بـۆ ڕزگاری خـۆی و هەڵاتـن لە بەرپرسایەتی هەوڵی نەدا، بەڵکوو بە خۆبەدەستەوەدان و بەرخـودان لە زینـدان و بەنـاو دادگـای ڕێژیمـی ئێـران شـەڕێکی گەورەتـر و شۆڕشێکی قووڵتری دەست پێ کرد. ئەم کردەوەیەی پێشـەوا دەبێتە هۆی ئەوەی کە مەرگی شۆرشگێرانەی تا ئەمرۆشی لە گەڵ بێت لە سەر گەلەکەی و رەوتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی شوێندانەر بووە. کرداری پێشەوا ڕووداوێکی گەورە بوو لە دیاری کردنـی چارەنووسی گەلـی کـورد. خۆشەویسـتی و مـردن تەنیـا لە دڵـی ڕووداوێکـی وا گەورەدا واتـادارا. مردنـی ڕێـبەران وەک چـۆنیەتی ژیانیـان شـتێکی تاکەکەسی نیە. مەرگی قارەمانانە و بەشکۆ ژیانبەخشێنەرە. بـوون بە قارەمـانی داستانی خەونەکانی نەتەوەیەکە. ئەم مەرگە دەبێـتە هـۆی لەدایکبوونێکی دیکە. ڕێبەرانـی ڕاستەقینە بە مـردن و ژیانـی خۆیـان یارمەتی کۆتایی قۆناغێک و دەسپێکی قۆناغێکی نـوێ دەکەن. چـونکە بەشداری ئەو لە خەباتی ناو زیندان و تا کاتی کۆتایی ژیـانی بۆخـۆی

سەرکەوتنێکە. جا ئەو سەرکەوتنە بە مەرگ تەواو بێت یا خود بە ژیانێکی دووبارەوە. بۆیە بەرخودانی پێشەوا بۆ رزگاری لە مەرگ نیە، بەڵکوو بۆ رزگاری نەتەوەیەک و خودی ژیانەوەیە. پێشەوا سیمایەک لە بوونی ژیان بوو. ئەو لە پێناوی مەرگ خەباتی نەکرد بەڵکوو مەرگی ئەو لەپێناوی خەبات بوو. هەرچەند هەموو مرۆڤێک دەمرێت بەڵام ئەو بۆ رزگاری لە مەرگ نەچوو پێشوازی نەیارانی خۆی. چونکە پێشەوا بۆ ژیانی تاکەکەسی خۆی خەباتی نەکرد. لە راستیدا کردەوەی پێشەوا قازی محەمەد هەنگاوێکی حەماسی بوو نەک تراژێدی. لە کۆمەڵگای مرۆڤیدا کەمتر کەسێکە کە بۆ پاراستنی گیانی خۆی و دوور مان لە مەرگ شەڕ بکات. بەڵکوو ئەساسی ڕێبەری بە مشوور بەشداری لە بەرخودانی دژی نەیارانە.

حەماسەی پێشەوا بۆ بەرەوپیری مەرگ چوون لە پێناو رزگاری نەتەوەکەی لە قەڵاچۆ و لە نێوچووندا دەکرێ دەسپێکی مێژوویەکی نوێ لە کوردستاندا ناو بەرین. دەسپێکێک کە فەلسەفەی بەرخودانی بێ توندوتیژی و مەدەنی لە کوردستاندا واتابەخشتر دەکات. بەرخودان یان بەرگری بێ توندوتیژی کردەوەیەکی سەمبۆلیکە بۆ ئەوەی لە ریگای بەشداری نەکردن یان نافەرمانی مەدەنی وەک بەشداری نەکردن لە ژیانی سیاسی، ئابووری دەسەڵاتی وڵات بێ توندوتیژی.

بەرگری بێ توندوتیژی کردەوەیەکی سەمبۆلیکی دوور لە توندوتیژیە کە لەودا بەرگریکاران بێ بەکارهێنانی توندوتیژی و بەرهەڵستی بێ توندوتیژی وەک بایکۆتی ئابووری، سیاسی و

کۆمەڵایەتی دەسەڵاتی سیاسی خەباتی خۆیان بەرەوپێش دەبەن. بەرگری بێ توندوتیژی یان بەرگری مەدەنی خاوەنی تایبەتمەندی خۆیان و هاوبەشی ناوەرۆکیان هەیە بە هەندێک جیاوازیەوە. لە مێژوودا مهاتما گاندی وەک ناسراوترین ڕێبەری بەرگری بێ توندوتیژیە. ئەو بە کردەوە توانی کاریگەربوونی بەرگری بێ توندوتیژی بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی هیندوستان لە بریتانیا بسەلمێنێت. جگە لە مهاتما گاندی دەتوانین ئاماژە بە ڕێبەرانی دیکەی ناسراوی بەرگری بێ توندوتئژی وەک مارتین لوتێر کینگ، مایکل نێگلێر ،موبارەک عەواد، ئانگ سانگ سووکی بوورما، ئادەم میخنیک، لێۆ تۆلستۆی، ئاندرێ ساخارۆف، جونیور، واسلاڤ هاڤێل، جین شارپ، لۆخ والسا و .. . نموونەگەلی زۆری بەرگری بێ توندوتیژی لە جیهاندا دەدۆزرێنەوە بۆ نموونە مانگرتنی سەرانسەری زیندانیانی سیاسی ساڵی ٢٠١٢ و شوێندانەریان لە سەر گفتگۆکانی ئاشتی نێوان تورکیا و پ.ک.ک.

هۆی بەرگری مەدەنی و خۆپاراستن لە توندوتیژی تەنیا پێوەندی بە بنەما ئەخلاقیەکانەوە نیە. بەڵکوو گرێدراو بە کردار و زەمینەی کۆمەڵایەتیە کە لەوانە دەتوانین ئاماژە بە بایەخەکانی کۆمەڵایەتی، ئەزموونی کۆمەڵگا لە شەڕ و توندوتیژی بکەین. دکتۆر سەعید شەرەفکەندی دووساڵ بەرلە شەهید بوونی لە وتوویژێک لە گەڵ گۆڤاری "ئارەش" دەڵێ: **"ئێمە خوازیاری ئاشتین، چونکە لە هەمووکەس زیاتر ئازارەکانی شەڕمان کێشاوە"**. دیاردەی بەرگری مەدەنی زۆرتر

پێوەندی بە جۆری پێشکەوتنی خەڵک و ڕەوتی خەڵک سالاریەوە هەیە.

بەرگری دوور لە توندوتیژی پێوەندی بە پەروەردەی ئەخلاقی کۆمەڵگاشەوە هەیە. لەو ڕووەوە هەڵبژاردنی بەرخودانی بێ توندوتیژی لەلایەن پێشەوا قازی محەمەدەوە دەکرێ بە شێوازێکی ژیانیش ببینین کە پێشەوای کوردان هیوادار بوویێت ڕێبوارانی ڕێگەی لە هەموو هەلومەرجێکدا بەرگری خۆیان بەشێوەی ئاشتیانە بەرێوە بەرن. پێشەوا لە وەسیەتنامەی پێداگری لە سەر پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دەکات: "وەسیەت دەکەم منداڵەکانتان فێری زانست و عیلم بکەن. نەتەوەی ئێمە شتێکی لە نەتەوەکانی تری جیهان کەم نیە، جیا لە زانست و عیلم. فێری زانست بن تا لە کاروانی مرۆڤایەتی دوا نەکەون. زانست، چەکی لە نێوبردنی دوژمنانە، دڵنیابن ئەگەر بە دوو چەکی یەکیەتیو زانست پۆشتە بن، دوژمنان کارێکیان بۆ ناچێتە پێش. ئێوە نابێ بە مردنی منو براکانو ئامۆزاکانم ترس بچێتە دڵتانەوە.

مێژوو شاهیدی نموونەی زۆری بەرگری مەدەنیە دژی دەسەڵاتداران و داگیرکاران لە سەرهەڵدانی خەڵکی ئاسایی دژی دەسەڵاتی لە سەدەی پێنجەمی بەرلە زایین، سەرهەڵدانی خەڵکی هۆلەند دژی دەسەڵاتی ئیسپانیا لە سەدەی شانزدەهەم و خەباتی خەڵکی ئەمریکا دژی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی ئەمریکا بە خۆپاراستن لە دانی باج وماڵیات بە بریتانیا. دەتوانین بڵێین خەباتی مەدەنی و دوور لە توندوتیژی زۆر بەرلە مهاتما گاندی و مارتین لووتێر بوونی

هەبووە و وەک ڕێگایەک بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەکار هێنراوە. سەرەرای ئەوەی کە بەرگری بێ توندوتیژی خاوەنی مێژوویەکی دوورو درێژە، بەو حاڵەش تا ئێستاش کۆمەڵگایەک پەیدا نابێت کە خاوەنی یەک وشە بۆ "بەرگری بێ توندوتیژی" بێت. جین شارپ (١٩٥٩) یەکێک لە لێکۆڵەرە هەرەناسراوەکانی بەرگری دوور لە توندوتیژی، ئەو جۆرە بەرگریە بە سەر نۆ (٩) شێواز دابەش دەکات: بەرگری نەکردن، ئاشتی چالاکانە، بەرگری ئەخلاقی، بەرگری مەدەنی هەڵبژێردراو، بەرگری پاسیف، بەرگری ئاشتی خوازانە، بەرگری راستەوخۆی دوور لە توندوتیژی، شۆرشی بێ توندوتیژی و ساتیگراها (بەرگری بێ توندوتیژی). پێشەوا قازی لە وەسیەتنامەی خۆیدا دەفەرموێت: "شایەت لە خۆتان بپرسن بۆ من سەرنەکەوتم؟ لە وەڵامدا دەبێ بڵێم بە خودا سەرکەوتووی ڕاستەقینە منم. چ نێعمەتێک لەوە سەرترە کە سەرو ماڵ و گیانم لە ڕێگای نەتەوەو نیشتمانم دا بەخت بکەم. باوەڕ بکەن من جاران داوام لە خودا کردوە ئەگەر بمرم بە شێوەیەک گیان لە دەست بدەم کە بە روومەتی سوورەوە لە لای خوداو پێغەمبەر و نەتەوەکەم دا ئامادە بم. وەها مردنێک سەرکەوتنی راستەقینەیە." بەوە پێشەوا فەلسەفەی بەرگری ئەخلاقی فێری نەتەوەکەی دەکات و دەسەلمێنێت کە ئەو جۆرە بەرگریە بە ئاگاداریەوە هەڵبژاردووە. بە پێی جین شارپ (Gene Sharp) کەسانێک کە شێوازی بەرگری نەکردن هەڵدەبژێرێت بە هۆی ئەوە نیە کە لە بنەمادا دژی توندوتیژی بێت یا خود پێوەندی بە فەلسەفەیەکی سیاسی و

باوەرمەنـدیەوە هەبێـت، بەڵکـوو ئەو کەسـانە "خەمسـارن" و هـیچ سۆزێکیان بـۆ کۆمەڵگا نـیە. ئاشتی چالاکانە یـان بەرگـری ئاشتی خـوازنە شـێوازێکە بـۆ ئەوەی خەڵـک رابهێنرێـت لە گەڵ بەدەسـت هێنانی مافەکانی خۆی بە شێوەی ئاشتیخوازانە. بەرگـری ئەخلاقی خەڵـک فێـری ئەوە دەکـات کە لەبەرامـبەر درنـدەیی و رەفتـاری بێبەزەیـانەی دوژمـن دەبـێ ڕێگاکـانی ئەخلاقـی رەچـاو بگیرێـت. بەرگری مەدەنیانەی هەڵبژێردراو بەواتـای ئەوە نیە کە خەباتکاران تەنیا ڕێگای دوور لە توندوتیژی بەکار ببەن. بەڵکـوو بەواتـای ئەوەیە خەباتکـاران بۆخۆیـان دیـاری دەکەن چ شـێوازێک لە چالاکیەکانیـان دوور بێـت لە تونـدوتیژی. بەرگریکـارانی پاسـیڤ لەبەر ئەوەی کە دژی خەباتی توندوتیژانە بن ئەو شێوازە هەڵنابژێرن بەڵکوو لەرووی ئەو راستیەوە ئەو شێوازە هەڵدەبژێرن چونکە دەزانـن هێزیان توانـای لەنـاوبردنی دوژمنیـان نـیە و نـاتوانن بە شـەڕ بەسـەر دوژمنـدا سـەرکەون. بەرگریکـارانی ئاشـتی خـوازانە شـێوازی خەباتیـان وەک خەبـاتی پاسـیڤەکانە بەو جیـاوازیە کە بنەمـای فەلسـەفی ئەوان دژی بەکـار بردنـی تونـدوتیژی لە هەمـوو کاتیکـدایە. بەرگریکـارانی راستەخۆی بێ تونـدوتیژی شـێوازێک لە خەبـات هەڵدەبژێرن کە بە پـێچەوانەی ویسـتی دەسـەڵاتداران بێـت، بـۆ نمـوونە بـایکۆتی هەڵبژاردنەکـان، بەشـداری نەکـردن لە خۆپێشـاندان و ریێپێوانەکـانی دەوڵەتـی، .... شۆرشـی بـێ تونـدوتیژی و سـاتیگراها کە بە مێتـۆدی مهاتمـا گانـدیش ناسـراوە شـێوازێکی خەبـاتی بـێ تونـدوتیژیە کە ئامانجی سەرەکی شۆرش و رووخانـدنی سیستەمی سیاسیە دوور لە

توندوتیژی. هەرچەند شێواز ناسیی شارپ بەکەڵکن، بەڵام شی کردنەوەی هەموو فەلسەفەی خەباتی بێ توندوتیژی نیە.

زۆر کەس فەلسەفەی بەرگری دوور لە توندوتیژی بە هۆی خاوبوونی گۆرانکاریەکان لە بەرامبەر توندوتیژی دەسەڵاتی داپلۆسێنەر بێ ئاکام دەزانن. بە بڕوای ئەوان بەرگری دوور لە توندوتیژی شێوازی کەسانێکە کە جیددی نین لە داخوازیەکانیان و لایەنگری گۆرانکاری نین. خوێندنەوەیەکی وردبینانەی وەسیەتنامەی پێشەوا قازی محەمەد و کردنەوە و شی کردنەوەی ئەو وەسیەتنامەیە دەتوانێت وانەی گەورەی بەرگری بێ توندوتیژی لە پێناو خولقاندنی حەماسەی نەتەوایەتی فێرمان بکات. ئێمانوێل مەک کارتی (٢٠٠٩) لە پێوەندیەدا دەڵێت: بە بڕوای من دووری لە توندوتیژی تێگەیشتن لە دینامیزمی دەسەڵاتە بۆ ئەوەی نیشان بدرێت چۆن گەشەکردنی هێز دەبێتە هۆی جیابوونەوەی جەستەی دەسەڵات و دینامیکی هێز وەک خەباتی دژی راسیزمی سپیەکان، خەباتی نشتیمانپەروەرانە. لە خەباتی بێ توندوتیژیدا بنەماکانی دەسەڵات دەرووخێت.

**حەماسەی دووی ڕێبەندان لە سەر چ بنەمایەکی نەتەوەیی دامەزراوە؟**

تەواویەتی ئاسەوار، هەلومەرج و هەڵکەوتی جوگرافیایی، هەست و شوێندانەری دووی ڕێبەندان وەک حەماسەیەکی نەتەوایەتی بە چەند بنەماوە بەستراوە. پێوەندی نێوان ئەو بنەمایانەش بوونی و پێوەندی نێوان پێکهێنەرانی ئەو کۆمارە کە بریتی بن لە نوێنەری

هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا هێزێکی قووڵتر بەو حەماسەیە دەبەخشێت. هەروەها ئەو هۆ و پێویستی و بڕیاری بوێرانەی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئەو کات لە مەڕ ڕاگەیاندنی "کۆماری کوردستان" نەک جۆرێکی دیکەی حکوومەت و ئامانج و بنەماکانی ئەخلاقی کۆمار، دیاری حەماسەی دووی ڕێبەندان پڕ رەنگ دەکەن. وتەکانی پێشەوا قازی محەمەد لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا هەم جیهانبینی کۆمار و هەم جۆری ژیان و ئاسۆی دوارۆژی کورد لە چوارچێوەی کیانێکی سیاسی سەربەخۆ شێدەکاتەوە. لە قسەکانی سەرۆک کۆماری کوردستان و یەکەم راگەیاندنی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات شێوەی مرۆڤ بینین، پێوەندی بە ژینگە، شێوەی هەڵسوکەت لە گەل سەردەم، پێوەندی بە ئاشتی جیهانی، پرسی دێموکراسی و پێکەوە ژیان هەموویان لە یەکەم راگەیاندراوی حیزبی دێموکراتدا بەدی دەکران. ئەمەش جۆری پێوەندی مرۆڤ لە گەڵ خەباتی نەتەوایەتی و بزاڤی رزگاری خوازانەی تایبەت بە خەڵکی کوردستان دیاری دەکات. ئەمەش واتا دەبەخشێت بە تەواویەتی ژیانی مرۆڤی کورد کە تا کۆتایی ستەم و ستەمکاری درێژە بە خەبات بدات. تەواویەتی ژینگەی مرۆڤی کورد لە سەردەمی کۆماردا لە جۆری زێهنیەتێک کە هەر کوردێک لەو پێوەندیەدا هەبووە جیا نابێتەوە. هەموو ئەو شتانەی کە دەوروبەری مرۆڤیان تەنیوە چ ئەوانەی راست و چ ئەوانەی بەرهەمی خەیاڵی مرۆڤن، کاتێک کە دەبنە تەواویەتێکی حەماسی کە لە گەل مەیدانی

خیاڵی و ئەندێشە و هەستی ئەو تێکەڵ بووە. **بنەماکان و هۆیەکانی ئەو پێوەندیە دوو لایەنەیە بریتین لە:**

-هەبـــوونی بنەمـــای وەک ئـــازادی، دێموکراســـی، پێشـــکەوتن، گەشەپێدان و پەروەردە و ناسنامەی نەتەوایەتی

-هەوڵدان بۆ سازانی کۆمەڵایەتی و خۆ بواردنی کۆمار لە سازانی کێشە چینایەتیەکان

-نەبوونی گەندەڵی و دیاری کردنی سزای قورس بۆ کەسانێک کە بەرتیل وەرگرن.

-هەوڵـــدان بـــۆ بەشـــداری ژنـــان لە چـــالاکیە سیاســـی و کۆمەڵایەتییەکان

-گەشەی ئابووری و هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی خۆجێی

-پەروەردە و بەفەرمی ناسینی فرەرەنگی کۆمەڵایەتی

-هەوڵـدان بـۆ پێوەنـدی بە نەتەوەکـانی دیـکەی ئێـران لە پێنـاو دێموکراتیزە کردنی ئێران بەهێز کردنی حکوومەتە خۆجێیەکان

-بوون بە مەکۆیەک بۆ کۆبوونەوەی هێز و خەباتکارەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان.

ئەرکی مرۆڤ لە هەڵبژاردنی نێوان چاکە و خراپە، چاکە و خەبات لە پێناو چاکەیە. گەر مرۆڤ ئەرکی خۆی جێبەجێ نەکات شەڕی نێوان چاکە و خراپە بە ئاکام ناگات و خراپە دەباتەوە. کاری مرۆڤ کـاری خولْقانـدن و سـازانە و ئەگەر مـرۆڤ ئەرکـی خـۆی بەجـێ نەگەیەنێت بەشـداری نەکـردووە لە خولْقانـدن. مـرۆڤ هـاتووە ئەم جیهـانە بـۆ ئەوەی کارێـک ئەنجـام بـدات. کـاری مـرۆڤ وەک

ئەندامێکی کۆمەڵگا هەوڵدانە بۆ چاکتر بوونی ڕەوشی ژیان و ئاستی ئاسایشی ئەو کۆمەڵگایەی کە تێدا دەژی. کاتێک مرۆڤ ئەرکی خۆی بەجێ دەگەیەنێت، هەستی ئارامی، بڕوا و ئازادی دەگەشێتەوە، هیوای ژیان بە زۆربەی هەرە زۆری خەڵک دەدرێت.

گەیشتن بە ئازادی، بەختەوەری و سەرکەوتن پێویستی بە ئامانجێکی دیاری کراو هەیە. بەڵام ئامانجیش لە ئەنجامی هەوڵ و کۆششی زۆر وەدیدێت. هەر نەتەوەیەک کە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات، سەرکەوتوو دەبێت و دەگاتە ئەمن و ئاسایش. بەڵام کارکردی هەموو مرۆڤەکان بە یەک ڕادە نیە. یارمەتیدان بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی لە چوارچێوەیەکی بەرتەسک و کێشەداردا ئەنجام دەدرێت. بەشداری لە خەباتی نەتەوایەتی ئەرکی هەموو کەسێکە. بەڵام هەمووکەس لەو بەشداریەدا ناتوانن یەکسان و هاوپایە بن. هەرکەسێک بە قەدەر توانا و لە چوارچێوەی هەلومەرجی خۆیەوە دەتوانێت ڕۆڵ بگێرێت.

نەبوون یان لاوازی پەروەردە دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ لە دوو شت سنووردار کار بکات: ڕێکوپێکی کۆمەڵایەتی و یاسای سەردەم. کورد بە هۆی کێشە مێژوویەکانی لە گەڵ دەسەڵاتدارانی ناوچەدا دژی سیستەم و قەوارەیەکی کۆمەڵایەتی بووە کە لە دەرەوەی ئیرادەی ئەو دامەزرابێت و مرۆڤی کورد ناچار بکات پێرەوی لێ بکات. کۆماری کوردستان وەک یەکەم هەنگاوەکانی ڕێکوپێک کردنی ئاگاهانەی کۆمەڵگای کوردستان دەبینیدرێت. هەرچەند تەمەنی کۆمار ئەوەندە کورت بوو کە تەنانەت نەیتوانی

یەکەم نەوەی دەسـەڵاتداریێتی کـورد پەروەردە بکـات، بەڵام نـاردنی ژمـــارەیەکی زۆر خوێنـــدکار بـــۆ دەرەوەی وڵات بەمەبەســـتی پەروەردەکـران و گەڕانەوە بـۆ خـزمەت بە نەتەوە و نشـتیمانەکەیان یەکەم هەنگاوەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵگایەکی دواکەوتـوو بـوو بەرەو پێشکەوتن و گەشە سەندنی کۆمەلایەتی.

کورد نەتەوەیەکی تـۆڵە ئەسـتێنە. تۆڵەئەسـتێنی کـورد لە قـووڵایی ئـایینی دێرینـی ئەو نەتەوەیەدا دەبینـدرێت. لە جـۆری بیرکـردنەوەی ئەخلاقـی و ئـایینی کـوردا، بـایەخی هەسـتی تۆڵەئەسـتاندنەوە لە لە ناوبردنی دوژمندا شاردراوەتەوە، چونکە دوژمن هێرشی کردۆتە سەر خاک و نشـتیمانی دەبـێ بە هەمـوو شـێوەیەک لە نـاو ببردرێـت و لە بەر ئەوەی کە پێویستە لە نـاو ببردرێـت دەبـێ ئەوانەی کە گرێـدراو بەویشن لە ناو ببردرێت. رەنگە کۆماری کوردستان یەکەم ئەزموونی مێـژووی کـورد بووبێـت، کە قـازی مـحەمەد سـەرەرای ئەوەی کە ئاگـاداری ئەوە بـوو کـام سـەرۆک هـۆز و عەشـیرە پیوەنـدیان بە نەیارانی کوردستان گرتووە و زەمینەی هێرشی ئەوانی بۆ سەر کۆمار و خاکی کوردستان مسۆگەر کـردووە، بەوحـاڵەش بۆ ئەوەی هەسـتی تۆڵەسەندنی مرۆڤی کورد لە کاتی بەرگری دا نەبێـتە هـۆی کـوژرانی کـورد بە دەسـتی کـورد خـۆی بەدەسـتەوەدا و ئامـادەبوو بـرۆتە بەر سـێدارە و بەوە خـۆی قوربـانی گەلەکەی بکـات و ببێـتە سـەمبۆلی خۆقربانی، خۆنەویسـتی و حەماسـە خـوڵقینی بـاوەڕ بە خـۆ بـوون و بە دادپەروەری خەباتی ڕزگاریخوازانە بوون.

# کۆماری کوردستان،

## مەکۆیەکی مۆدێرن بۆ نیشتمانسازی و نەتەوەسازی

هادی عەزیزی بۆکانی

شەڕی چاڵدڕان لە نێوان دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانیدا، خاڵێکی وەچەرخانی گەورەیە لە مێژووی کوردستان کە دەکرێت وەک ئاوڕدانەوە و بنەچەکی بیری نەتەوایەتی لە کوردستان دا چاوی لێ بکرێت.

لە دەسپێکی شەڕەوە هەتا پەیماننامەی زەهاو(١٦٣٩زایینی)، ئاوڕدانەوەیەکی لە مێشکی ئەو کاتی دەسەڵاتداران و میرانی کوردستاندا درووست کرد کە بیر لە فەرمانڕەوایی بکەنەوە، ئەوەش لە کاتێک دا هاتە ئاراوە کە بە هۆی دابەشبوونی کوردستان و بە هۆی ئەوەیکە سێ لە سەر چواری خاکی کوردستان کە کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی و لە پاشانیش هەر کام لە دەوڵەتانی سەفەوی و عوسمانی بۆ چەسپاندنی هۆژمۆنی زیاتری خۆیان لە کوردستان دەیانویست کە میرانی کورد بە لای خۆیاندا ڕابکێشن کە ئەوەش کارێکی ئەستەم بوو.

لە گرینگترین سەرهەڵدانەکانی ئەو کاتی کوردستان دەتوانین ڕاپەڕینی خانی لەب زێڕین یان ئەمیرخانی برادۆست ناو ببەین کە خاڵێکی بە هێزی نەتەوایەتی مێژووی کوردە کە لە دوای ڕینسانس و شەڕی چاڵدڕان و سەرهەڵدانی دەوڵەت - نەتەوە هاتووەتە ئاراوە کە دواتر هەمان بیری نەتەوایەتی سەرەڕای ئایینی بوونی کۆمەڵگای کوردستان و هەبوونی دەرەبەگایەتی لە نووسینی دەقەکانیش رەنگی داوەتەوە کە نووسراوەی "مەم و زین"ی خانی نموونەی بەهێزی ئەو سەردەمەیە کە بە زمانی زگماکی یان کوردی نووسراوە.

لە سـەدەی هەژدە و نـۆزدە دا کوردسـتان بە زۆریـنەی مەڵبەنـدەکانییەوە بە دەسـت میرانـی کـوردەوە بەڕێـوە دەچـوو کە هەر کامەیان دەزگا و یاسا و پەیرەوی تایبەت بە خۆیان هەبوو.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدە دا سەرهەلدانی شێخ عوبەیـدوڵلای نەهـری هـاتە ئـاراوە، کە ئەگەر چـی بە شکسـت کۆتـایی هـات، بەڵام تـوانی بـۆ یەکەم جـار زۆریـنەی تـایەفە و عەشیرەتە کوردەکـان لە دەوری یەک کـۆ بکـاتەوە. هەر لەو سـاڵانەدا کـوردانی ژێـر دەسـەڵاتی عوسـمانی بە کەڵک وەرگرتن لە مێتۆدگەلی ئوروپایی توانییان گۆرانکارییەکی گەورە لە مێژووی کورد دا بکەن، ئەویش چـاپی یەکەم ڕۆژنامەی کـوردی لە ساڵی ١٨٩٨ی زایینـی، لە سـەر دەستی میقداد مەدحەت بەدرخـان لە قاهیرە بوو.

سالانی ١٩٠٠ی زایینـی، هەتـا دابەشبوونی کوردستان بە سـەر چـوار دەوڵەت دا ساڵانێکی بێ وێنەی سەرهەڵدانە یەک لە دوای یەکەکەنـی نەتەوەکەمانە کە قوربانیدانی بێ وێنەشی بە خۆیەوە دیتـووە. ڕێکەوتنـی ڕەزا شـای ئێـران و کەمـاڵ ئاتـا تـورک بـۆ یەکدەسـت کردنـی وڵاتەکەنیـان،توانی زیـاتر خزمەتـی بیـری نەتەوایەتـی لە کوردسـتان دا بکات. ڕاپەرینەکانی عەلی شێری قۆچگری و ئارارت و بارزان و سمکۆ و شێخ سەعید و شێخ مەحموود و سەید ڕەزا و دامەزراندنی خۆیبـوون و کـۆمەڵەی ڕێکخسـتنی جڤـاکی هـی ئەو سـەردەمەن، کە هەمـووی بە ساڵانێکی نزیک لە یەک و دوا بە دوای یەک یان هاوکات پێکهاتوون.

لەم سـاڵانەدا خـاڵی هەرە گرینـگ کە دەتـوانی وەک بەردی بناغەی ئەو مێژووە نوێیە ناوی لێ ببەین، دامەزراندنی کۆمەڵەی ئازادیخوازانی کوردستانە کە دواتر بە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان نـاوی دەرکـرد.

ژ.کا.ف یەکەم دامەزراوەی نهێنییە کە توانیوییەتی بە ناوی کۆد و ناوی شاراوە لق و پۆپ لە کوردستاندا درووست بکات و ڕێکخستن پێک بێنێت و ئاراستەیەکی نوێ بە خەباتی نەتەوەی کورد بدات، کە لە سەر ئەساسی "کورد بوون" کۆمەڵێک ئازادیخواز و کەسایەتی نەتەوەتی لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە.

بە ئەندام بوونی پێشەوا قازی محەممەد لە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و دواتر دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر دەستی هەمان کەسایەتییەکان، گەورەترین و مۆدێرنترین دەسکەوتی نەتەوەی کوردە کە لە سەدەی ڕابردوودا بە پشت بەستن بە دێموکراسی، بەهێزترین هەنگاوی زانستی – سیاسی - کۆمەڵناسی هەڵگرتووە.

کۆماری کوردستان هەلێکی لە باری سیاسی – جوگرافی - نەتەوەییە کە کورد توانیوییەتی بە کەڵک وەرگرتن لە بێ هێزی دەسەڵاتی داگیرکەر و هێژمۆنی ئەو کاتی رووس و بریتانیا، بە سەر ئێراندا کەڵکی لێوەرگرێ. کۆماری کوردستان بە هۆی تایبەتمەندی جیاواز و تایبەتمەندی سیاسی مۆدیرن، یەکێک لە گرینگترین بزووتنەوەکانی مێژووی کوردستانە کە توانیوییەتی بە شێوەیەکی پراکتیک و کرداری لە دێموکراتیک بووندا خۆی بسەلمێنێ و بە ئێستاشەوە دەتوانێ نموونەیەکی جوان لە حکوومەتداری لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بێت. کۆماری کوردستان، چاوگەیەکی بەهێزی دێموکراسی مۆدێرنە کە توانیوییەتی لە نێوانی سوننەت و مودێرنیتەدا پەیوەندی و کۆتێزی بەهێز بۆ حکوومەتداری درووست بکات هەتا هەموو چینەکانی کۆمەڵگا لە حکوومەتدا بەشدار بن.

له کۆماری کوردستاندا جۆریک له سیاسی کردنی وشەی "نەتەوە" دەبیندرێ که له چوارچێوەی ئیرادەی گشتی کۆمەڵگادا واتایەکی تایبەتی بە خۆیەوە گرتووە کە لە پاش خۆی ڕەزامەندی گشتی خەڵکیشی به دوای خۆیدا هێناوە و له هەناوی کۆماریشدا کۆمەڵێک خەڵکی پێش کۆمار کە گرێدراوی عەشیرایەتی بوون، تەعبیری ئەو سیستمە نوێیە دەکەن کە بە دێموکراسی پێک هاتووە.

بڕوا بە نەتەوە و کۆمەڵگا، خاڵی بەهێزی کۆماری کوردستانە کە دەتوانێ باس له کۆمەڵێک خەڵک بکات کە بە شێوەیەکی نوێ و تایبەت، لە ژێر ناوی نەتەوەی جیاواز و فەرهەنگی جیاواز و باوەڕی سیاسی جیاواز له جوگرافیایەکی تایبەتدا خۆی پێناسە دەکا.

له خاڵە تایبەتەکانی کۆماری کوردستان هەبوونی کەسایەتی، پێشەوا قازی محەممەدە که سەرەڕای ئەوەیکە لە بنەماڵەیەکی ناوداری ئایینییە، بەڵام بە عەقلییەتێکی بەهێز بە هاوئاهەنگی و ئاراستەی تایبەت و دامەزراندنی پێگە و بەڕێوەبەرایەتی و وەزارەتەکانی کۆمار، ناوێکی پیرۆزی بە ناوی کۆماری کوردستان پێک هێنا.

کۆماری کوردستان به تێپەڕبوون بە سەردەمێکی ئەستەمدا توانی ئەو خاڵە بەهێزانە بە کردار و یاسا پێک بهێنێت کە پردی پەڕانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بۆ دنیایەکی مودێرن کە بریتین له:

**- تێکۆشان بۆ دامەزراندنی پەروەردەیەکی مۆدێرن، بە کردار کردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی،**

**- تێپەربوون له عەشیرەگەری و تایەفەگەری بەرەو دنیای کورد پەروەری وەک بڕوای نەتەوایەتی! تێپەڕبوون لە سڵ کردنەوەی ئایینی و دوور**

**کەوتنەوە لە تەنگەژەی ئایینی و هەنگاونان بەرەو قەبووڵکردنی ئایینزا و ئایینی جیاواز!**

**- هاوپەیمانی لە گەڵ ئازەرییەکان و پەسەند کردنی یاسای پشتیوانی لە کەمایەتییە نەتەوەییەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار!**

**- دامەزراندنی چوارچێوەی ئاسایشی مۆدێرن، گۆڤار و نووسراوە و رۆژنامەگەری ئازاد، پەروەردە و بارهێنان بە زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی حکوومەت، تێکۆشان بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگی کوردی! -تێکۆشان بۆ پەروەردەی سیاسی و پراکتیزەکردنی لە ئامانجەکانی کۆماری کوردستان، مافی ژنان و منداڵپارێزی وەک یاسا و کردار.....!**

لە نووسراوەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان و بە تایبەت لە رۆژنامەی کوردستانی ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەوەمان بۆ دەسەلمێ کە کۆماری کوردستان بە هەموو شێوەیەکی سیاسی و فەرهەنگی ویستوویەتی کۆمەڵگایەکی مۆدێرنی کوردی بخولقێنێت و لە دوو خاڵی مافی ژنان و هاندانی خویندنی منداڵان، بە تایبەت منداڵانی هەژار ئەو دۆخەمان بۆ روونتر دەبێتەوە.

کۆماری کوردستان، خزمەتێکی بێ وێنەی بە هەموو کوردستانی گەورە کرد و لە کۆتاییشدا، جەنابی پێشەوا قازی محەممەد سەرکۆماری کوردستان، بۆ رێزدانان بۆ مافی خەڵک، مانایەکی دیکەی بە مەرگ و ژیان بەخشی، هەتا خەڵک بە هۆی بیری مۆدێرنی پێشەواوە، لە لایەن حکوومەتی داگیرکەرەوە تووشی ناخۆشی نەبن، کە ئەوەش رێگایەکی گەورەی بۆ ویژدانی تاکی کورد کردەوە هەتا دەرک بە خزمەتی نیشتمانەکەی بکا.

تیشک

# کۆماری کوردستان،
## لە ئاوینەی مێژوو دا

ڕاسان

پاش دوور خستنەوەی ڕەزاشا لە لایەن وڵاتانی ڕێککەوتوو "متفقین" و هەڵوەشانەوەی ئەرتەش و دابەشبوونی وڵاتی ئێران بە سەر دوو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بریتانیا و روسیە، زلهێزەکانی سەرکەتووی شەڕی دووەمی جیهانی، لە خەرمانانی ساڵی ١٣٢٠ی هەتاویدا، ڕووناکبیران و چالاکانی سیاسیی کورد لە ناوەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان "موکریان"، لە بۆشایی ئەرتەش و دامودەزگاکانی حکوومەتی ناوەندی محەمەد رەزا شا کەڵکیان وەرگرت، بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسیی و نەتەوایەتی بە نێوی "کۆمەڵەی ژێکاف". کۆمەڵەی ژێکاف لە سەر بنەمای شوناسخوازی و بەدەستهێنانی مافی ڕەوای دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی کورد و ئاشتی و ئیسلامیەت دامەزرا. پاش چەند ساڵ تێکۆشانی نهێنی ئەندامانی"ژێکاف"، ئەوان بۆ خۆ گونجاندن لە گەڵ بارودۆخی پاش کۆتایی شەڕی دووەمی جێهانی و خەباتی ئاشکرا، بڕیاریاندا کە لە حیزبیکی مودێرن و سەردەمیانە کار و چالاکییەکانیان لە پێناو مافی نەتەوایەتی دا درێژە پێبدەن. هەر بۆیە لە ٢٥ی گەلاویژی١٣٢٤ی هەتاویدا "حیزبی دێموکراتی کوردستان" یان لە سەر بناغەی تەشکیلاتی کۆمەڵەی ژیکاف لە شاری مەهاباد دامەزراند و لە ٢ی خەزەڵوەری هەمان ساڵدا بە بەشداریی زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف و دەیان کەسایەتیی ناسراوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکەمین کونگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پیکهات و

مرامنامەی حیزبی دێموکرات لە ٨ مادە دا بڵاو کرایەوە. هەوەها پاش هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، قازی محەممەد وەک پێشەوا و سەروکی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژیردەرا. دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەر بناخەی نەشکیلاتی "کۆمەڵەی ژیکاف" و بە دوای ئەویشدا دامەزرانی "کۆماری کورستان" بەرهەمی تێکۆشانی چەندین ساڵەی ئەندامانی دامەزرێنەری "ژیکاف" و پاشان  حیزبی دیموکرات و داخوازیی و ویستی  کۆمەڵانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بووە. هەر بۆیە کۆماری کوردستان بە رێکەوت نەبووە، بەڵکوو هەم لە لایەک بەرهەمی خوڵقاندنی دەرفەتێک بوو کە پێشتر لە هزر و ئەندێشەی ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف دا ئامادەکاری بۆ کراوە و دواتر لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بەستێن سازی بۆ کرا و هەم کەڵک وەرگرتن لەو بۆشاییە بوو کە لە شەڕی دووەمی جیهانییەوە بۆ نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان خوڵقابوو. لە ئاکامدا لە  ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی لە گۆرەپانی چوارچرای شاری مەهاباد بە ئامادە بوونی پێشەوا قازی محەممەد و ئەندامانی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، خەڵکی شاری مەهاباد و میوانانی شارەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان، هەر لە ماکۆ وە تا شاری سەقز و هێندیک کەسایەتی لە پاریزگاکانی کرماشان و سنە، میوانانی هەر چوارپارچەی کوردستان و بەتایبەت بارزانییەکان بە سەروکایەتی مەلا مستەفا بارزانی نەمر، سەروکی عەشیرەکان، بە خوێندنەوەی سرووودی"ئەی رەقیب" و هەڵکرانی ئاڵای سێ رەنگی "کوردستان"

خەبات لە پێناو دێموکراسی و مافی نەتەوایەتیی نەتەوەی کورد بە گشتی و رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت، لە سەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێینایە قوناغێکی نوێوە.

سەبارەت بە شێوەی دامەزرانی کۆماری کوردستان و هەڵکەوتی جوغرافیایی ناوچەی کۆمار و کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکانی ناوچەیی و جیهانی، هێندێک لایەنی سیاسیی و رووناکبیر و مێژوونووس، بە تایبەت ئێرانییەکان بە ئەنقەست یان بە هەڵە، کۆماری کوردستان بە "کۆماری مەهاباد" ناو دەبن و یان تومەتی بستراوەیی بە یەکیەتی سوڤیەت وە پاڵدەدەن. یان دامەزرانی کۆماری کوردستان بە رێکەوت دەشوبهێنن.

**یەکەم:**

"دەوڵەتی جمهوری کوردستان" ناوی تەواوی ئەو دەسەڵاتە سیاسییەیە کە لە ٢ی رێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٥ی زاینی لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا. ئەگەرچی تەمەنی ئەو دەوڵەتە کەم بووو تەنیا یازدە مانگی دەوام هەبوو، بەڵام دەسکەوت و دەرسەکانی ئەوەندە گەورە و گرینگ بوون کە دوای هەرسهێنانی کۆماریش، کاریگەری وای لە دوای خۆی بەجهێشت کە لە سەردەمی ئێستاشدا و دوای تێپەڕبوونی ٧٢ ساڵ ئەو کاریگەرییە بە روخساری بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورددا هەر دەبیندرێت.

لەو بەشە دا دەمانهەوێ بە کورتی لەو مەسەلەیە بدوێین کە گەلێک جار لە لایەن هێندێک لە لایەنی سیاسیی، نووسەران و ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیەنە گشتییەکانی ئێرانی لە نووسین و ئاخاوتنی خۆیاندا بە هەڵە ناوهێنانی "کۆماری کوردستان" بە "کۆماری مەهاباد" غەدرێکی گەورە لە کۆماری کوردستان و لە مێژوویی هاوچەرخی خەباتی نەتەوایەتی کورد دەکەن. ناوهێنانی کۆماری کوردستان بە "کۆماری مەهاباد" یان دانانی هەر پێشگر یان پاشگرێک بۆ ئەو ناوە دەچێتە خانەی شێواندنی مێژوو. مێژوویەک کە زۆر لە ئێستای ئێمە دوور نەکەوتۆتەوە. بۆیە پێویستە هەوڵ بدەین، نەهێڵین وا بە ئاسانی دەستی تێوەربدرێ و پرسیار لە سەر ماهییەتی دامەزرانی کۆماری کوردستان سازبکرێ. کاتێک لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی کوردستان کە زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، موتالاّی دەکەین، لە هیچ لاپەڕ و ستوونێکدا باس لە "کۆماری مەهاباد" ناکات، بەڵکوو باس لە "دەوڵەتی جمهوری کوردستان" دەکا و ئەگەر چاویش بە پێکهاتەی کۆمار لە بواری بەشداری خەڵکەوە دادەخشێنین، دەبینین بەشداری خەڵکی پارچەکانی دیکەی کوردستان بە ڕادەیەک دیار و بەرچاوە، کە خۆی دەرخەری ئەو ڕاستییە کە ئەو دەسەڵاتە سیاسییە، هی هەموو گەلی کوردە لە هەر شوێنێک و لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا بن.

بۆیە ئەگەر لە کاتی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا، بەشداریی بەرینی کۆمەڵانی خەڵکی لە هەر چوارپارچەی کوردستانی تێدا نەبوایە، کۆمار ئەو ڕەنگ و بۆنەی ئێستای بە خۆیەوە نەدەگرت و

نـەدەبوو بـەجێی شـانازی نەتـەوەی کـورد لـە هـەر چوارپارچـەی کوردستان.  هەر وەها ئەگەر چاو لـەو بڕیارنامەیـە بکـەین کـە ڕۆژی ٢ی ڕێبەنـدانی ١٣٢٤ بـە پێـی ڕاپـۆرتی ژمـارە ٨ی ڕۆژنامـەی "کوردستان" لە ٦ خاڵدا تـەنزیم کـراوە و بـە پەسـندی بیسـت هـەزار کەس لە بەشدارانی راگەیانـدنی کۆمـاری کوردسـتان، گەیشـتووە، لـە خاڵی ٣ی ئـەو بڕیارنامەیـەدا، داوا لـە حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان دەکـا کـە "حکومـەتی میللـی کوردسـتان و هەیئـەتی وەزیـران و ئیـدارەکانی سـاز بکـەن". لێـرە دا مەبەسـت لـە  حکوومـەتی میللـی کوردستان، راست، کۆماری کوردستانە نەک کۆماری مەهاباد.

**دووهەم:**

کۆماری کوردستان هەڵقوڵاوی ویست و داخوازی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بوو، نـەک  سـازکراوی یەکیـەتی سـۆڤیەت. چونکـە لـە لایـەک بـەگوێرەی بەڵگەنامـە و دێکۆمێنتـەکان، روون و ئاشکرایە دامەزرانی کۆماری کورستان بەرهـەمی تێکۆشانی چەنـدین سـاڵەی ئەنـدامانی دامەزرێنـەری حیزبـی دیمـوکرات و پشـتیوانی جەماوەری خەڵکی کورد بـوو. لـە لایـەکی دیکـەوە  چونکـە زەمینـەی پێکهێنانی کۆمـاری کوردسـتان ئامـادە بـوو، چالاکـانی سیاسـی  کـورد کەڵکیان لە بۆشایی هێز لە ناوچەی موکریان  بۆ دەمەزرانی کۆماری کوردسـتان وەرگـرت. هـەروەها ئەگـەر ئـەو زەمینەیـەش نەبووایـە، چونکـە کـار تێکۆشـانی چالاکـانی سیاسـی کـورد لـە سـەر بنـەمای و بنچێنـەی شوناسـخوازی و بەدەسـتهێنانی مـافی ڕەوای دیـاریکردنی

چارەنووسی کورد و ڕابردووی خەباتی لە مێژینەی گەلی کورد، بە بێ‌شک کۆماری کوردستان لە شوێنێک و زەمەنێکی دیکەی مێژوودا دادەمەزرا. خاڵێکی گرنگی دیکە کە لە لایەن نەیاران و هەندێک لە ڕاڤەکارانی کۆماری کوردستانەوە دێتە بەرباس، سەفەری قازی محەمەدە بۆ باکوو و دیتنی باقرۆڤە. ئەوە لە کاتیکدایە کە پێشەوا قازی هەرگیز لە گەڵاڵە و پلانەکانی باقرۆف پێڕەوی نەکرد. زۆربەی ئەو نەیار و شرۆڤەکارانەی بەهۆی حەساسییەتە مێژووییەکانی خۆیان سەبارەت بە یەکیەتی سۆڤییەت و بەرەی ڕۆژهەڵات، هەر چەشنە چاوپێکەوتن و پێوەندی و دانوستانێک دەگەڵ ئەو بلۆکە بەتوندی دەدەنە بەر پلار و بتەوێ و نەتەوێ ڕاستییەکان دەشێوێن و خەوشداری دەکەن. ئەگەر هەندێک بە ویژدان بین، دەبێ بڵێین نەتەوەیەک کە کەوتۆتە سنووری وڵاتێکی زلهێزی وەک یەکیەتی سۆڤیەتەوە، ئەویش لەو سەردەمەدا کە یەکێک لە دوو زلهێزە سەرەکییەیی جیهان بوو، دەبوو پێوەندی و دانوستانی دوستانەی دەگەڵی هەبێت. هەروەها چونکە سۆڤیەت لەو کات و سەردەمدا بەرگری لە مافی نەتەوە بەشخوراو و ژێردەستەکان دەکرد، کەچی وڵاتانی بەرەی ڕۆژئاوا بەپێچەوانەی بلۆکی ڕۆژهەڵات، فاکتەری هاتنە سەرکاری محەمەد ڕەزا شا بوون و هەروەها سیاسەتەکەیان لە پەیمانی لۆزان دا بەڕوونی نیشانی دا، نەتەوەی کورد ناتوانێ متمانەیان پێ بکا.

لە لایەکی دیکەوە، لە ژمارەی ٣ی ڕۆژنامەی کوردستان دا، سەروتاری "کورد بۆ ڕاپەڕی" و هەروەها ژمارەی ١١ی ڕۆژنامەی

کوردستان، سەروتاری " یەکێتیمان بە ئامانجەکانمان دەگەیەنێ"، بەڕوونی دەریدەخا، کۆماری کوردستان لە سەر بنەمای ئەو مافانە پێک هاتوە کە لە جارڕنامەی ئاتلانتیک دا (جارڕنامەی ئاتلانتیک ناوی ڕاگەیەنراوێکی هاوبەشی وینستۆن چرچیل و فرانکلین رۆزڤلێتە، لە پاپۆری هێزی دەریایی ئەمریکادا بەناوی "گۆستاو" لە کەنارەکانی نیوفانلەند لە مانگی ئوتی ١٩٤١ی زایینی واژۆ کراوە) ئاماژە پێکراوە. ئەم جارڕنامەیە دواتر لە ژانویەی ١٩٤٢دا بە جارڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ناسرا، کە مافە سەرەتاییەکان بۆ هەموو نەتەوەکان لە بەر چاو گیراوە. کەوابوو تاوانبارکردنی کۆماری کوردستان بەوەی کە بە شوێنکەوتووی یەکیەتی سۆڤیەت و ئەویش لە کاتێکدا زۆربەی جیهان و بەتایبەت رۆژهەلاتی ناڤین بە سەر دوو بەرەی رۆژئاواو رۆژهەلاتدا دابەش ببوو، ئیدیعایەکی بێ بنەما و ناژیرانەیە.

**سێهەم:**

یەکێکی دیکە لە گرنگترین هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، هەلومەرجی مێژوویی، سیاسی و کۆمەلایەتی نەتەوەی کورد بوو. چونکە لە هەر چوار پارچەی کوردستان نەتەوەی کورد رووبەڕووی ئاسیمیلاسیون ببووە. ڕاگەیاندنی دەولەت_نەتەوە لە لایەن رەزاشا و کەمال ئاتا تۆرکەوە کە هەولی یەکدەست کردنی ئەو ولاتانە لە پێناو دروستکردنی یەک دەولەت و یەک نەتەوە دەدا، نەتەوەی کوردی خستبووە تەنگانەی تواندنەوەوە، کە دەبووا بۆ

پەرچەکرداری تواندنەوە لە پێناو بەرگری لە شوناسی نەتەوەیی خۆیدا. ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە وەها بارودۆخێکدا باشترین ئامراز بوو بۆ بەرپرچدانەوە لە هەمبەر توانەوەی نەتەوەی کورد بوو. بۆیە کۆماری کوردستان بوو بە هۆکاریک کە پاش هەرەسهێنان و ڕووخانی کۆماری فۆرمێکی نوێ ناسیۆناڵیزمی کوردی لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە دامەزراندنی پارت و ڕێکخراوەی سیاسی مودێرن، بەگوێرەی هەڵومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەر کام لە پارچەکان پەرە دەستێنن.

لە کۆتاییدا تەنیا سێ خاڵ وەک سەردێڕ ئاماژەیان پێدەکەم، چونکە ئەم خاڵانە ڕێگە بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی وردتر لەسەر کۆماری کوردستان خۆش دەکەن.

١-ڕۆژنامەی کوردستان لە دەسپێکی بڵاوبوونەوەیەوە هەتا ڕووخانی کۆماری کوردستان ٩٢ژمارەی لێ دەردەچێ. ژمارەی ١ تا ٦بەر لە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان دەرچووە و هەڵوێستی فەرمی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەردەخا، بەڵام لە ژمارەی ٧ تا ٩٢ ئۆرگانێکی فەرمییە بۆ بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونەکانی کۆماری کوردستان.

٢-بەگوێرەی بەڵگەکانی ڕۆژنامەی کوردستان بەکارهێنانی وشەی «کۆماری کوردستان» دروستە و وتن و نووسینی کۆماری مهاباد چەواشەکردنی مێژووە.

٣-لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد وەک سەرکۆماری کوردستان یەکێکە لە خاڵە وەرچەرخانەکانی کوردستانی بوونی

کۆماری کوردستان، کە بۆ راڤەکاران و نووسەران و هەروەها نەوەکانی دوای کۆماری کوردستان، بە هیچ جۆرێک جێگەی پشتگوێ خستن نییە. چونکی لەسێدارەدانی پیشەوا یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی وشیاری نەتەوەیی و هەست بە بەرپرسیارێتی نەتەوەییە.

# کۆماری کوردستان،
## له مێژووی هاوچەرخ دا

ئەلبورز ڕۆئین تەن

سەرەتا ئاماژەیەک بە گرنگی مێژوو وەک کۆڵەکەی سەرەکی بۆ نەتەوەسازی دەکەم. تەنانەت لە هەندێک وڵات بۆ ئەوەی داهاتوویەک بۆ خۆیان بینا بکەن، پەنا بۆ مێژوویەکی ساختەش دەبەن، تا لەو ڕێگایەوە گەورەیی نەتەوەی خۆیان بۆ هەمیشە بەسەلمێنن. بەو شێوەیە وەک نەتەوە لە بەرانبەر مەترسیەکان دەوەستن و وەک نەتەوەش وڵاتێک بۆ داهاتوو و جیلی نوێ دروست دەکەن.

ئەگەر مستەفا کەماڵ(ئاتاتورک) دامەزرێنەری کۆماری تورکیە نەبا، لەوانەیە ڕاگرتنی وڵاتێکی وەک تورکیە ئەوەندەش ئاسان نەبێت. یا ئەگەر گرنگی دانی جووەکان لە سەر بنەمای میتۆلۆژی و ئەرزی موعود یا دروست کردنەوەی پەرستگای حەزرەتی سلێمان نەبا بەو شێوەیە وڵاتێک دروست نەدەکرا. بۆیە ئاوڕدانەوە لە مێژوو، نە تەنیا بابەتێکی ئاکادیمییە، بەڵکو بۆ بەخشینی هەستی نەتەوەی و بەرز کردنەوەی بەها نەتەوەییەکان گرنگ و چارەنوسسازە.

دەبێ لە خۆمان بپرسین بۆچی دەبێ رەزا خانی پەهلەوی، شای پێشووتری ئێران کە سەربازێک یا ئەفسەرێک لەشکری زیاتر نەبوە، وەکوو ڕەمز و کەسایەتیەکی گەورەی لە ناخی نەتەوەی فارسدا دەچەسپێ و لە ئاستی ڕزگارکەرێکی گەورە بناسرێت. لە کاتێک دا ئامادە بووە بۆ گەیشتن بەدەسەڵات زۆر جنایەت بکات و جیا لە

بەخت ڕەشی بۆ گەلانی ئێران، بەرهەمێکی دیموکراتیکی بۆ وڵاتی ئێران و خەڵک نەبووە.

بەڵام ئێمە کەسایەتی ڕووناکبیر و سیاسی و فیداکاری گەل و نوخبەی سەردەم وەک پێشەوای نەمر قازی محەمەد، کە تەنیا خزمەتی گەلی خۆی کردوە، بێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ پاداشێک بکات، بەو ئاستە بەرز نەکەینەوە و بیبێتە سمبول و ڕەمزی نەتەوایەتی کە هەر کوردێک لە هەر شوێنێک بە ڕێزەوە سەیری بکات. بەو شێوەیە سەرەڕای هەموو هەوڵی دوژمن بۆ سڕینەوەی مێژوو و هێماکانی نەتەوەی کورد، هەوڵی بوژاندنەوەی مێژوومان بدەین. بە شانازی کردن بە مێژوومان و فاکتەرەکانی دیکەی نەتەوەیی، پرسیاری ئەوە لامان دروست بێت کە کەمتر نین لە هیچ نەتەوەیەک و دەبێ لەڕیزی ئەواندا بین و ژێر دەستی بە شەرمێکی گەورە بزانین تا بەو شێوەیە بتوانین داهاتوو بینا بکەین. کۆماری کوردستان ڕووداوێکی گرنگی مێژووی کوردە. بە تایبەتی لە سەدەی ڕابردوو دا هەژمار دەکرێت. ئەوەی کە نەمانتوانیوە وەکو پێویست ئاوڕی لێ بدەینەوە یا نەمان توانیوە وەک بەشێکی گرنگ لە بزاڤی کوردایەتیمان بۆ جیلەکانی دوایی بگوازینەوە، ڕوون و ئاشکرایە. لە ساڵەکانی دوایی تا ڕادەیەک لە لایەن ئاکادیمیستەکان ئاوڕێکی وردتریان لێداوەتەوە و توانیویانە بەشێک لە ڕووداوەکان بە بەڵگەوە تۆمار بکەن. بەڵام ئەوەی کە وەک ڕووداوێکی مێژووی گرنگ لە ناخی نەتەوەییمان دا بچەسپێ و بە هەند وەربگیرێت بێ گومان زۆری ماوە. تەنانەت لە هەندێک شوێن نەک خزمەت بە ناسێن و

ناساندنی کۆماری کوردستان نەکراوە، بەڵکوو بە هێنانەوەی سەنتێزی بێ بەڵگە یا ساختەی دوژمن بە جورێکی دیکە بە خەڵک نیشان دراوە کە لە بایەخی کەم دەکات.

هەر بۆیەش بە گرنگی دەزانم هەوڵمان بۆ گواستنەوەی ئەو مێژوویە وەک خۆی بە گەورەیی بۆ جیلی نوێ چڕتر بکەینەوە. تەنانەت ئەگەر کەم و کورِیەک هەبێت نابێ بڕیار لە مێژوو لە سەر ئەقڵی ئێستا بدرێت، دەبێ بە گوێرەی بارودۆخی ئەو کات شرۆڤە بکرێت و لە بیرمان نەچێت بە هەموو ئەو خاڵانەشەوە کە لەوانەیە پێمان وابێت لاوازن، گەورەیی ڕووداو و کەسایەتییەکانی مێژووی ئێمەیە کە بۆتە هۆکاری مانەوەی نەتەوەیەکی وەکوو کورد بەو هەموو دوژمنەوە. ئایا خودی ئەو مانەوە کە هونەری شۆڕش و بزاقی ڕزگاریخوازی نەتەوەمان لە ڕابردوویە، بۆ ئەوە نابێت کە نەک بە چاوێکی کەم بایەخ، بەڵکوو بە گرنگییەکی تایبەت و بە ڕێزێکی گەورە سەیری مێژوومان بکەین؟

ئەگەر سەیری ئێستای وڵاتان بکەین پێوەرێک بۆ پێشکەوتوویی یا دواکەوتوویی دابنێین یا بە دوای هۆکارەکانی بەختیاریی کۆمەڵگایەک بگەڕێین، بێ گومان پێوەری دێموکراتیک بوون ڕۆڵ و پێگەیەکی تایبەتی هەیە. بە جورێک چەند ئەو کۆمەڵگایە دێموکرات بێ بە بەراورد لە گەڵ کۆمەڵگاکانی دیکە پێشکەوتووتر هەژمار دەکرێت. بۆ نمونە یەکێک لە هۆکارەکانی دواکەوتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی تێیدا دەژین بۆ نەبوونی ئەو چەمکە دەگەڕێتەوە.

دێموکرات بوونی کۆماری کوردستان لەو سەردەمە دا بابەتێکی سەرنج ڕاکێشە، کە لە ناوچەیەکی وەها حکوومەت و دەسەڵاتێکی دێموکراتیک دروست کراوە. هەر لەو ڕوانگەیەوە چاو خشاندنێک بە ئەرک و کارەکانی کۆماری یازدە مانگە و لیڕامانی، دەردەکەوێ دێموکراتیک بوونی یەکێک لە لایەنەکانی پێشکەوتووی کۆماری کوردستان بووە.

لە ساتە وەختێکدا کۆماری کوردستان، دێموکراتیک بووە کە ئێران لە گێژاوی دیکتاتوری حەمە رەزا شا دا تێگلاوە لە ناوچە دا دێموکراسییەکی ئەو تۆ نییە، بەڵکوو یا داگیرکراون یا دامەزراوەی سەر بە داگیرکەرانن و لە جیهانیش دا دیاردەی وەک نازیسم و فاشیزم جیهانی بەرەو شەڕێکی گەورەی بردبوو. خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی داگیرکاری و دژایەتی سیستەمی شایەتی، لە هەموو پێشکەوتن و خوێندنێک بێبەش کراوبوون. بە جۆرێک ژمارەی هەموو قوتابخانەکانی ناوەندی لە کوردستان لە ژمارەی قامکی دەست تێپەڕی نەدەکرد.

سەرەتای ئەو دێموکراتیک بوونە لە وتەی پێشەوا قازی محەممەد دا لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان کە لە لایەن پێشەواوە پێشکەش کرا، زۆر بە ڕوونی دیارە. پێشەوا لە وتارەکەی فرمووی: "ئەمڕۆ لە نۆمایەندەگانی تەواوی نەواحی و نقاتی کوردستان بێ ڕەعایەتی تەبەقات ئەعەم لە ئاغا و ڕەعیەت، گەورەو بچووک، یەکدڵ و یەکزمان هاواری دێموکراسی دەکەن و بە ڕێی دێموکرات دا دەڕۆن قودرەت و قوەتی دێموکرات نیشان دەدەن".

**یەکەم:** پێشـەوا بـاس لە چەمکـی نـوێنەرایەتی هەمـوو ناوچەکـانی کوردســـتان دەکـــات. کە نیشـــان دەدات، کۆمـــاری کوردســـتان نوێنەرایەتی هەموو خەڵکی کوردستانە، تەنانەت ئەو ناوچانەی کە لە دەرەوەی سـنوری ژێردەسـتی کۆمـاریش دان، لە خـۆ دەگرێـت. لە کرماشان و ئیلام تا ماکۆ لە خۆ دەگرێ.

**دووهەم:** پێشەوا ئاماژە دەکات کە ئەم نـوێنەرانە سـەر بە تـوێژێکی تـایبەت نـین، لە ئاغـا و ڕەعـیەت بگـرە تـا ڕووناکبیر و نەخوێنـدەوار هەروەهـا جوتیـار، بـازاڕی، خـاوەن زەوی و مامۆسـتای ئایینی، هەمـوو چینێـک بەشـدارن، کـە دەبێتـە نێـوەڕۆکی وتـاری پێشـەوا، کە ئەوەش یەکێــک لە تایبەتمەندییــەکانی دیموکراســییە، کە هەمــوو چــین و توێژەکان لە ژێر چەترێکدا کۆ دەکاتەوە.

ئەگـەر حکوومـەتی میللـی ئازەربایجـان لە ژێـر نفـوزی بێ ئەمـلا و ئەولای وڵاتـی یەکیـەتی سـوڤیەت و ڕەنگێکـی تەواو کۆمۆنیسـتی بە حکوومەتی ئازەربایجان دابوو. بەڵام لە کوردستان سەرەڕای هەبوونی پێوەندی دوستانەی کۆماری کوردستان لە گەڵ یەکیەتی سوڤیەت و حکوومەتی میللـی ئازەربایجـان، دەسـەڵاتێکی بـە تـەواوی نەتـەوەیی و دیموکراتیک بوو، کە هەموو چین و توێژەکان کۆمـەڵگای کوردستان تێـدا بەشـدار بـوون. باوەڕمەنـد بـوون بـە بنـەماکانی دیموکراسـی لـە کۆمــاری کوردســتان دا، نیشــان دەدات کە پێشــەواو و هاوڕێکــانی کۆماریـان لە سـەر داخـوازی نەتەوەیەک دامەزرانـدووە کە هەمـوو چین و تـوێژێکی کـورد خـۆی تێـدا دەبینێـتەو. ئەو بـابەتە لە لایەک

ڕێچـکه شـکێنی و مـودێرن بـوون نیشـان دەدات و له لایەکـی دیکەشەوە دەیسەلمێنێ که کۆماری داخوازی نەتەوەی کوردە.

شـەهید پێشـەوا، له ڕاگەیانـدنی کۆمـاری کوردسـتاندا ئامـاژە به ڕەسمی ناسینی مافی چارەنووسه دەکات که به یەکیک له بنەماکانی دێموکراسی هەژمار دەکرێت. چونکه بەو شێوەیه مافی بڕیاردان بۆ گەل دەگەڕێتەوە. پێشەوا سەربارەت بەو بابەته گرنگه فرمووی:

"گەلی کورد شوناسی تایبەتی خۆی هەیه، بۆیه وەکو هەموو گەلان، مافی بڕیار دانی له چارەنووسی خۆی هەیە".

یەکێکی دیکه له بنەماکانی دێموکراتیک بوونی هەر حکومەتێک هەبـوونی سـێ دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن و یاسادانان و دادوەری به شـێوەیەکی سـەربەخۆیه. له کۆمـاری ١١ مـانگه دا لەوانەیه به شێوەیەکی ئەمڕۆژی ئەو سێ دەسەڵاته له شکڵی دەزگای سەربەخۆ بوونیان نەبووە، بەڵام بناغەی ئەو سەربەخۆییەی دەسەڵاتەکان دانرا بوو. ئەگەر تەمەن و دەسەڵاتی کۆماری کوردستان درێژەی هەبوایه، جیاکـاری و سـەربەخۆیی دەزگاکـانی دەسـەڵات لـه شـێوەی دێموکراتیکدا زیاتر خۆی دەنواند.

یەکێکی تر له بنەماکانی دێموکراسی، پاراستنی مافی کەمینەکانه. ئەگەر سـەیرێکی بـارودۆخی ئەو کـاتی ناوچەکـه بـدەین، دەبینـین نەتەوەکانی که بەشدار نین له دەسەڵات یا له وڵات دا کەمینەن، بەردەوام مافیـان پێشـل کـراوە و بەرەو ڕووی جنوسـاید بوونەتـەوە. بـەڵام لـه کۆمـاری کوردسـتان دا مـافی کەمینـەکان بـه تـەواوی پاریزراوە و ئیمکان و دەرەتانی خوێندن به زمانی خۆیان بۆ ڕەخساوە.

هەروەها ڕێککەوتنامەی ئاشتییانە و دێموکراتیکی نێوان حکومەتی میللی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان دەسکەوتێکی دیکەی دێموکراتیک بوونی ئەو دەسەڵاتە بوو.

یەکێکی دیکە لە بنەماکانی دێموکراسی، هەوڵدانی کۆماری کوردستان بۆ دامەزرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بووە کە بەڵگەیەکی دیکەی پێشکەوتوو بوون و دێموکراتیک بوونی کۆمار نیشان دەدات. دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی، ژنان و لاوان، ئازادی بەیان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی و ڕەخنە گرتن و نەبوونی سانسور، لە دەسکەوتە مەزنەکانی دەسەڵاتدار کۆماری کوردستان بوون.

ئارچی ڕۆزڤڵێت کارمەندی سەفارەتی ئەمریکا کە لە کاتی سەردانی بۆ مەهاباد و دیداری لە گەڵ پێشەوا دا بە ڕوونی لە نوسینەکەی دا ئاماژە بەم بابەتە دەکات و دەڵێ: " وڵاتە یەکگرتوەکانی ئامریکا، هەمیشە لایەنگری ئازادی و مافی مرۆڤ بووە بۆ هەموو ئادەمیزاد، ئێمە ئومێدەوارین ڕۆژێک تەواوی دانیشتوانی جیهان ئامانجەکانی خۆیان بە دەست بێهێنن. ئێمە هاتووین بۆ کوردستان تا لە باردۆخی کوردەکان بکۆڵینەوە بە دەوڵتمان ڕابگەینن. ئومێدەوارین بارودۆخی کوردەکان باش بێت و کوردەکان دیکتاتوریەک بە دیکتاتوریەکی تر نەگۆڕن".

شەهید پێشەوا لە وڵامیدا فرمووی: "تەواوی هاوڵاتییان لەو بەشانەی وڵات دا کە لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی مندایە لە ڕاگەیاندن و نوسینی ئەوەی دەیانهەوێ ئازادن".

ئارچی ڕۆزڤڵێت وتەکانی پێشەوا بە هێنانەوەی نموونەیەک تائید دەکات و دەڵێ: " خۆم بە چاوی خۆم بینیم کە وایە، لە تەورێز هاوڵاتییان مافی ئەوەیان هەیە گوێ لە ڕادیو تەورێز و مۆسکۆ بگرن، بەڵام دوێنێ شەو لە خیابانەکانی ئەو شارە (مەهاباد) دەنگی ڕادیو بەرلین و ڕادیو ئەنقەرەم بیست".

بەو شێوەیە دەسەلمێنرێ چەمکی ئازادی بەیان کە بۆ ئەو سەردەم، بۆ زۆر وڵات و کۆمەڵگا نامۆ بووە، بەڵام بۆ پێشەواو و کۆماری کوردستان بنەمای کارکردن بووە.

کار کردن بۆ یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لایەنێکی دیکەی کۆماری کوردستان بوو. کارکردن بۆ بەشداری ژنان لە کاروباری ڕۆژانە دەزگاکانی حکوومەت و کۆبونەوە و ریورەسمەکان و تەنانەت وتار پێشکەش کردنیان بە پاڵپشتی پێشەوا، بۆ بەرەو پێش بردنی کۆمەڵگای کوردی، ڕوویێکی دیکەی دێموکراتیک بوونی کۆماری کوردستان بوو.

هەموو هەوڵی پێشەواو و کۆماری کوردستان تەنیا لە ٣٣٠ ڕۆژدا بە بڕیارات و کارە جێبەجێ کراوەکانی، هەروەها بە فەلسەفەی دروست بوونی، سەلماندی کە کورد شایانی دەوڵەتە، چونکە زۆربەی ئەو چەمکانەی کە لە دەوڵەتانی دێموکراتیک و پێشکەوتوو دا هەن و بەها دەناسرێن لە کۆمار دا بەباشی جێبەجێ کراوە یا هەوڵی بۆ جێبەجێ کردنی دراوە. هەروەها کۆماری کوردستان بە بەراورد لە گەڵ زۆربەی حکوومەتەکانی دونیا دا، کە بەرهەمی ٣٣٠ ڕۆژی بووە، لە بارودۆخێکی وا دژوار ئەگەر زیاتر نەبێت کەمتر نیە.

کۆماری کوردستان لە یازدە مانگ دەسەڵاتداریدا لە مێژووی هاوچەرخی رۆژهەڵاتی ناڤین و بە تایبەتی لە مێژووی ئێران بێ هاوتا بووە. ئەویش بە دەستی کوردەکان و لە چوارچێوەی حکوومەتی کۆماری کوردستان بەدی هاتووە. بۆیە کۆماری کوردستان ئەستێرەیەکی درەوشاوەیە لە مێژووی نەتەوەی کورد دا، لە هەمان کاتیش بەڵگەیەک و ئەزموونێکە کە لە کاتی دروست بوونی هەر گۆڕانکاریەک لە ئێران و ناوچەکەدا، جارێکی دیکە کوردستان بە دێموکراسی و پێشکەوتن شاد دەبێتەوە. تەنیا جیاوازیەکەی ئەوە دەبێت کە ئەمجارە دەبێ هەموو خاکی کوردستان لە خۆی تا ئیلام لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی کوردی دا بێت.

Tishk 46


گۆڤاری تیشک لەسەر ئینتیرنێت

http://www.kurdistanmedia.com

E- mail:

tishk_mag@yahoo.com

tishkmagg@gmail.com

کۆمیسیۆنی پەروەردەی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەریدەکا